# چاپکراوی نوێ

(سیستەمە سیاسییەکان) کتێبێکی مافپەروەر(جەواد مستەفا ستوپەیی)یە، کە بە بەرگێکیی قەشەنگ و دیزاینێکی ناوازە کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، کتێبەکە باس لە سیاسەت و سیستەمە سیاسییەکانی ئەم رۆژگارە دەکات، کە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، رۆڵی سیاسەتیش دەردەخات لە جیهان بە گشتی، لەم کتێبەدا دیسان نووسەر وەك توێژینەوە پێناسەی زانستی سیاسەت و سیستەمە سیساسییەکان دەکات، ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەم سیستەمانە لە سێ سیستەمی مەجلسی و سەرۆکایەتی و پەرلەمانی پێکدێن.. نووسەری کتێبەکە سیستەمی سیاسیی چەندین دەوڵەتیشی لە جیهاندا بە نموونە هێناوەتەوە.

کتێبی(سیستەمە سیاسییەکان) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانەو لە دووتوێی (١٧٥) لاپەڕەدا کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە ((جەواد مستەفا ستوپەیی)) دەکەین، هیواداریین لە نووسین و داهێناندا بەردەوام بێت و کتێبخانەی کوردیش بە بەرهەمەکانی دەوڵەمەند بکات.



# ڕێزلێنان لە ئەدیب و ڕۆشنبیر و هونەرمەندان



فەرهەنگ غەفوور

مرۆڤ لە ژیاندا لە کار و کۆششدایە و ئومێدی زۆرە لەو کۆششەیدا بە ئامانج بگات و بەرهەمی باشی هەبێ، لەوەش خۆشتر ئەوەیە کە بزانێت بەرهەمەکەی جێی خۆی گرتووە و لە ئاست ماندووبوونیشدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، پێزانین و ئەمەکداری هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە، ڕێزلێنان لە هەر کەسایەتییەك کە هونەری بێ، یان نووسەر و ئەدیب، ڕۆشنبیر بێ، یان داهێنەر لە هەر بوارێکی ژیاندا، لە بەرامبەر بە کار و ماندووبوونیدا هێزێکی گەورەی مەعنەوی پێدەبەخشێ و دوای هەموو شەکەتی و ماندووبوونی ئەو ڕێگا دوورەی ساڵەهای ساڵ گرتوویەتەبەر، دەحەسێتەوە و ئاسوودە و دڵخۆش دەبێ.

لەناو کورددا تازە خەریکە ئەو کولتوورە دادەمەزرێ، کە تا کەسی داهێنەر و بەخششکار لە ژیاندایە، ڕێزی لێ بگیرێ و دڵی خۆش بکرێ، ئەمەش دەستپێکێکی باشە بۆ هەموو ئەوانەی ڕێبواری ڕێی خزمەت و داهێنانن و لەسەر کارەکەیان سوورتر و پشتقایمتریان دەکا.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا دوو ڕێزلێنان بۆ دوو کەسایەتیی گەورەی گەلەکەمان کرا، کە تەواوی تەمەنی خۆیان، لە ساردی و گەرمی، لە خۆشی و ناخۆشی، لە ترس و ئاشتیدا لە ڕێی تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان بردە سەر، ئەوانیش نووسەر و مێژوونووس (کەلیمەڵا تەوەحودی) لە لایەن ئەکادیمیای کوردی، هەروەها شانۆکار و هونەرمەندی گەورە مامۆستا (ئەحمەد سالار) لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

باشیی ئەم کولتوورە لەوەدایە، کە کەسی ڕەنجدەر هەست دەکا و دڵنیا دەبێتەوە کە ڕەنجی بەخۆڕا نەچووە، هەست دەکات کە بەرهەمی ڕەنجی گەیشتووەتە ئەوانەی پێویستیان پێیەتی، هەستیش دەکات کە دوای خۆی کاروانەکەی بەردەوام دەبێ و ئەوەی ئەو چاندوویەتی، درەختێکی بەردارە و نەوە دوای نەوە لێی دەخۆن، ئەمەش بەسە بۆ کەسێك کە لە ژیانیدا بۆ ئامانجێك تێکۆشابێ، هاوکات دڵگەرمی و پشتوانییەکیشە بۆ ئەوانەی ئێستا لەسەر ڕاستەڕێی ئەو ڕێگایەدان و بە دڵسۆزی و پاکی و خۆنەویستییەوە خەریکی خزمەتکردنی گەلەکەیانن، لە هەر بوارێکدا بێ. ئەمە وا دەکا، ئێمەمانان ئەگەر ئەو خزمەتەمان بە نسیب بووە و کارێکمان کردووە، هەست بکەین دواڕۆژ نرخ و بەها بۆ ئەو ماندووبوون و شەونخوونییە دادەنرێ.

سەرەنجامی هەموو کارێکی باشیش باشەیە و بۆ هەموو باشەیەکیش پاداشت هەیە، چ لەم دونیایەدا بێ و چ لەو دونیا.

بۆیە زۆر گرنگە حکوومەت و دەزگا و دامەزراوە تایبەت و گشتییەکان، پەرە بەم کولتوورە بدەن و ڕێز لە هەموو ئەو کەسایەتییانە بگرن کە داهێنان و دەستڕەنجێکی سوودبەخشیان هەیە، بۆ ئەوەی کولتوورەکە بۆ ناو دەماری یەکە بە یەکەی تاکەکان شۆڕ ببێتەوە و هەر کەسە و لای خۆیەوە هەوڵ و کۆشش بکات بۆ جوانکردنی ژیان و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. ئێمەی کوردیش لە خەڵکی دیکە زیاتر پێویستمان بە خزمەت و کەسانی خزمەتکار و داهێنەر هەیە.


K24

# هێشتا زۆرێک لە بەڕۆژووبووان لە ئاستی فەلسەفەی جوانی ڕۆژوودا نین

ڕۆژووگرتن لە ئایینەکاندا بەگشتیی پەرستشێکی دیارو هاوبەشە، لە ئیسلامیشدا فەرزێکی ئایینییە و گەلانی موسڵمان لەسەرتاپای جیهاندا سروت و کەلتووری خۆیان تێکەڵ بەم فەرزە ئایینییە کردووە.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، زانینی هەندێك لە فەلسەفەی ڕۆژووە کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە سێ خاڵیان دەکەین:

**١. خود چاودێریی:** خۆگرتنەوەو بایکۆتکردنی خواردن و خواردنەوە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، جۆرێکە لە چاودێریکردنی خود لەلایەن خودەوە لەبەر خودا، ئەمەش ئەگەر ببێتە خەسڵەتێکی زۆربەی کاتی ژیانی مرۆڤ، ئەوسا بەشێکی زۆری گەندەڵی و دیاردە نەخوازراوەکان کەم دەبنەوە.

**٢. زمان پاکی:** لە یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان (صیام) و (صوم) ئەوەیە کە (صیام) زیاتر پەیوەستە بە دوورکەوتنەوە لە شتە ماددییەکان، بەڵام (صوم) زیاتر بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە زێدەڕەویی بەکارهێنانی زمان لە باسی بێ سوود، هەروەها بریتییە لە پاراستنی زمان لە بەکارهێنانی وشەی نەشیاو.

بۆیە ئەگەر ئەم مانایە پەرەی پێ بدرێت، ئەوسا زمانی پاك دەبێتە فاکتەری کاری چاك لەنێو کۆمەڵگەدا.

**٣. ئازادیی ڕۆح:** کاتێك خوای گەورە لە قورئاندا لە بری هەڵە و خەتاکانی مرۆڤ، داوای ئازادکردنی کۆیلەکان دەکات، ئەگەر نەبوو، داوای ڕۆژووگرتن لە مرۆڤ دەکات، واتە: ڕۆژووگرتن دەچێتە جێگەی ئازادیی بۆ کۆیلەکان، بەمەش دەردەکەوێت کە ڕۆژووگرتن لە یەکێك لە ماناکانیدا گێڕانەوەی ئازادییە بۆ دەروونی مرۆڤ و، زاڵبوونە بە سەر کۆت و بەندی داواکانی جەستەدا. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا زۆرێك دیاردەی نەخوازراو هەن کە ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی مانگی ڕۆژوودا سەر هەڵدەدەنەوە، لەوانەش وەك نموونە:

١. تا ئێستاش جیهانی ئیسلامیی کۆك نین لە سەر سوودوەرگرتن لە زانستی فەلەکناسی و مانگە دەستکردەکان و تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ دیارکردنی سەرەتای مانگی ڕەمەزان و پشت دەبەستن بەچاو کە لەم سەردەمەدا بە هۆی پیسبوونی ژینگە و زۆربوونی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا زەحمەتە مانگی یەك شەوە ببینرێت.

٢. هێشتا زۆرێك داوای ئەوە دەکەن کە تەواوی خواردنگە و چێشتخانەکان دابخرێن، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، لەکاتێکدا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ڕێزگرتن لەرەمەزان و زەوتکردنی ئازادیی ئەوانی دی، چونکە شاری ئەم سەردەمە تێکەڵەیەکە لە تەواوی شوێنکەوتووانی ئایینە جیاوازەکان و کارو پیشە جیاوازەکان و دەکرێت خواردنگەکان کراوە بن بە شێوازێك ڕێزگرتن لە مانگی ڕۆژووش زامن بکەن.

٣. هێشتا کێشەی نێوان نوێژکاران ماوە لەسەر ئەوەی کامیان ڕاستترە؟ تەراویحی یازدە ڕکاتی یان بیست و سێ ڕکاتی؟ ئایا تەراویح سوننەتە لەماڵەوە بکرێت، یان لە مزگەوت و بە جەماعەت؟ ئایا کەی شەوی لەیلەتولقەدرە؟ ئایا سەرەتای ڕۆژووی کام وڵات ڕاستتر بووە؟ ئایا کام جۆر نەخۆش و کام جۆر موسافیر دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت؟ ئایا کرێکاران دەتوانن دواتر ڕۆژوو بگرنەوە، یان هەر دەبێت بەڕۆژوو بن؟ ئایا قوتابیان دەتوانن بەڕۆژوو نەبن لەبەر تاقیکردنەوەکان، یان نا؟ زەکات بە کێ بدرێت؟ چۆن بدرێت؟ چەندی بدرێت؟ ئایا سەرفترە دەبێت هەر بە گەنم و جۆ و برنج بێت، یان بە پارەش دەبێت؟ ئایا سوننەتی ئیعتیکاف لە سوجدەگای ماڵەوە دەکرێت، یان لە مزگەوتەکاندا؟ ئایا ئەوەی دەوامی فەرمانگەی هەیە بۆ خزمەتکردنی خەڵك بۆی هەیە دابڕێت بۆ ماوەی دە ڕۆژ بۆ ئیعتیکاف؟ ئایا فەتوا بۆ تاك دەدرێت، یان بۆ کۆ؟ ئایا فەتوا تەنیا داواکاری فەتوا پابەند دەکات، یان ئەوانی دیکەش؟



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەم پرسیارانە و زۆری دیکەش هێشتا لەگەڵ هاتنەوەی هەموو ڕەمەزانێکدا دووبارە دەبنەوەو، هەرچەندە هەر گرووپ و دەستە و کەسایەتییەکیش وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام وەڵامەکان هێشتا جیاواز و دژ بەیەکن.

٤. هێشتا دیاردەی ڕێزنەگرتن لە یەکدی بوونی هەیە، لە کاتێکدا پەیڕەوکردنی ڕێنماییە ئایینییەکان پەیوەستە بە ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە، بەڵام هێشتا بەشێك لەوانەی خۆیان وەك عەلمانی و ئازادیخواز دەناسێنن، تانە و تەشەر و قسەی ناشیرین ئاراستەی ڕۆژووەوان دەکەن و، فێرنەبوون وەك تاکی عەلمانی ئەورووپی ڕێز لە بژاردەی هەر مرۆڤێك بگرن.

٥. هێشتا دیاردەی زۆرکردن لە منداڵان بۆ بەڕۆژووبوون لەلایەن هەندێك لە دایکان و باوکانەوە ماوە، بێئاگا لەوەی کە منداڵان ناکرێت زیاد لە توانای خۆیان لێ داوا بکرێت، بەتایبەت بۆ پەرستشە ئایینییەکان کە لە سەر بنەمای خۆشەویستی و ئارەزوومەندانەیە، نەك زۆرلێکردن.

٦. هێشتا دیاردەی سواڵکردن و دەرۆزەکردن ماوە و بگرە لە ڕەمەزاندا سواڵکاران و دەرۆزەکارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و هەندێك لە وڵاتانی دراوسێش ڕوو لە کوردستان دەکەن و، زۆر دیاردەی ناپەسەند لەگەڵ خۆیان دەهێنن و، بگرە ئارامی و کواڵیتی ژیانیش لە شارەکانی هەرێمدا تێکدەدەن.

٧. هێشتا دیاردەی کۆنووستن لە مزگەوتەکاندا ماوە، لە کاتێکدا مزگەوت شوێنی نوێژکردنە بە جەماعەت، نەك شوێنی نووستن بە جەماعەت.

٨. هێشتا دیاردەی زیادەڕەویی لە خواردن و خواردنەوە ماوە و، بەپێی داتاکنی وەزارەتی شارەوانیی هەرێم ڕۆژانە ٧٥٠٠ (حەوت هەزارو پێنجسەد) تۆن زبڵ و خاشاك هەیە کە نیوەی ئەم بڕە بریتییە لە پاشماوەی خۆراك، ئەم بڕەش لە ڕەمەزندا زیاتر دەبێت، لە کاتێکدا داتاکانی (دەبلیو ئێف پی) و (ئێف ئەی ئۆ) دەڵێن: نزیکەی یەك ملیار مرۆڤی برسی لە جیهاندا بوونیان هەیە.

ئەمە لە کاتێکدا ڕەمەزان مانگی کەمکردنەوەی خواردنە، کەچی زیاتر دەخورێت لە چاو مانگەکانی دیکەدا، بەمەش فەلسەفەی ڕۆژووی ڕەمەزان ون دەبێت.

٨- هێشتا دیاردەی گرانکردنی شتومەك و بەرزکردنەوەی نرخەکان لە ڕەمەزاندا هەر ماوە، لە کاتێکدا دەبوایە بازرگانی موسڵمان بازاڕی هەرزان بکردایە، نەك گران، بەداخەوە ئەگەر شتێکیش هەرزان بکەن، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ماددەکە خراپ بووە، یان ماوەی بەسەرچوونی نزیك بۆتەوە.

٩- هێشتا هاووڵاتیان لەوە نەگەیشتوون کە ڕۆژوو واتە بایکۆت، ئەوان دەتوانن بازاڕ هەرزان بکەن، ئەگەر پێکەوە بە کەمپینێك بایکۆتی هەر کاڵایەك بکەن، کاتێك نرخی بەرز دەبێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەو کۆئیرادەیە و ئەو فەرهەنگی بایکۆتکردنە لای هاووڵاتیانی ئێمە نەبۆتە کولتوور.

١٠- هێشتا هەندێك کە بەڕۆژوو نابن و بڕوایان بەڕۆژوو نییە، دێن ئازادیی ئەوانی دی پێشێل دەکەن و، واز لە بەڕۆژووەوان ناهێنن و دەپرسن: بۆچی خۆتان برسی و تینوو دەکەن؟ چۆن دەتوانن بەڕۆژوو بن؟ هەندێکی دیکەش کە خۆیان بەڕۆژوون، بە ناوی ئامۆژگارییەوە دەست دەخەنە نێو ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگەوە و لە مانگی ڕەمەزاندا دەیان پرسیاری تایبەت ئاراستەی خەڵکانی دەوروبەریان دەکەن، لە جۆری: ئەمڕۆ بەڕۆژوویت؟ بۆ بەڕۆژوو نابیت؟ بۆچی تەنیا لەم مانگەدا سەرپۆشت کردووە؟ تۆ نوێژ ناکەیت، بۆچی بەڕۆژوو دەبیت؟

بە ئومێدی ڕەمەزانێکی ئارام و شارستانییانە و بە هیوای تێگەیشتنی باشتر و جوانتر لە پەرستش و ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینییەکان بەگشتی.

# ڕۆشنگەری، ریفۆرم و ڕۆڵی گەنجان

## بەشی یەکەم

وا دادەنرێت کە لە پێویستییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بۆ ئەوەی لە تەنگ و چەڵەمە دەرچین، لە هەمان کاتدا پەڕینەوە، یان راگوزارێکی جیلی، یان سەردەمی وردە وردە بە پێ پەلەکردن و بێ ئەوەی نمایشی تێدا بێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە دامودەزگاکانی حکومەت و حزب و لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ڕوودەدات، ئەویش ئەوەیە کە جیلی نوێ لەو پرۆسە بەردەوامەدا دێتە پێشەوە، بەڵام ئێستا داخڵی قۆناغێکی نوێ بووە، کە دیارە و باس دەکرێ. هەروەها هەندێ ئەرکیش هەیە، دەبێت نەوەی نوێ بتوانێ بیکات. سەرەتا دەبێت ئێمە چەمکێك راست بکەینەوە، ماوەیەکی زۆرە کە زیاتر لە دە ساڵە باسی گەنجان دەکرێ. ڕێك لەگەڵ پەیدابوونی ئەو جموجۆڵ و بزووتنەوە توندڕەوییەی کە لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتیی کۆچکردوو نەوشیروان مستەفا پەیدا بوو. یەکێك لە بانگەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەی کە لە دواییدا بزووتنەوەی گۆڕانی لێ دروست بوو، ئەوە بوو کە گەنجان بێنە پێشەوە، گەنجان دەسەڵات وەربگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا تەعریفیان بۆ گەنجان تەعریفێکی هەڵە بوو. ئەوان دەیانگوت گەنج لە زاتی خۆیدا بەتوانایە، گەنج لە زاتی خۆیدا زانایە، گەنج لە زاتی خۆیدا داهێنەرە. بەڵام ئەمانە هەر سێکیان وا نین. گەنج ئەگەر پێ نەگەیەندرێ، لە زاتی خۆیدا توانا و زانا و داهێنەریش نییە. ئەوە تەجرەبەی کۆمەڵگەی مرۆییە. هەر کۆمەڵگەیەك، یان هەر حکومەتێك و دەوڵەتێك نەتوانێت نەوەکانی خۆی باش پەروەردە بکات و ئامادەیان بکات، پاشان نەیانخاتە ژێر راهێنان بۆ ئەوەی فێری کار ببن، یان دەرگەیان بۆ نەکاتەوە بۆ ئەوەی بەپێی حەز و توانای خۆیان بخرێنە ئەو بوارەی خۆیان حەزی پێ دەکەن، ئەوا ئەو هێزەی کەوا تەعریفی بۆ کراوە، وەك هێزی گەنج دەبێتە هێزی رووخێنەری فشارهێنەر و تێکدەر، کە ئەگەر بە ئاسانی لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە، داعشی لێ دروست دەبێ. ئەو گەنجانەی لێ دروست دەبێ، کە لەناو شارەکانی ئێمە، هۆپەیان بۆ ژنان لێدەدا، ئەو گەنجانەی لێ دروست دەبێ، کە تا بەر لە ١٥ ساڵیش ژن و

**یەکێک لە بانگەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەی کە لە دواییدا بزووتنەوەی گۆڕانی لێ دروست بوو، ئەوە بوو کە گەنجان بێنە پێشەوە، گەنجان دەسەڵات وەربگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا تەعریفیان بۆ گەنجان تەعریفێکی هەڵە بوو**



**سەرۆ قادر**
sero.qadir@irdk.org

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

پیاو نەیاندەتوانی بە قۆڵی کورت لە بازاڕ و کۆڵانەکانی ئێمە بێن و بڕۆن، ئەو گەنجانەی لێ دروست دەبێ، کە زۆر بە ئاسانی لەنێو کانونی گەرمی ماڵ خوێن دەڕێژن و دایك و خوشك و ژن و کەسوکاری خۆیان دەکوژن، هەروەها ئەو گەنجانەی لێ دروست دەبێ، کە زۆر بە ئاسانی دەبنە کەرەستەی ململانێی سیاسی، دەبنە سەربازی پرۆژەی سیاسیی ناڕەوا و بەرانبەر بە وڵاتی خۆیان دەوەستنەوە، پرۆژەی زۆر رووخێنەری نانیشتمانییان پێ جێبەجێ دەکەن، ئەو کارانە هەمووی بە گەنجان دەکەن!

کەواتە ئێمە دەبێ ئەوە بزانین، کەوا نەوەی نوێ دەبێ پەروەردە بکرێ، ئەگەرنا دوو رێگامان لە پێشە، یان هێزێکی رووخێنەر، یان هێزێکی بنیاتنەر و داهێنەر و زانا، ژیان و پێشکەوتن بە هێزی دووەم دروست دەبێت.

ئەم ئەرکە تەنیا ئەرکی ناوماڵ نییە، ئەرکی حزبێکیش نییە، هەر میللەتێك خاوەنی دامودەزگا و دامەزراوەی خۆی نەبێ، بە خواست و ئیرادەی خۆی بەرنامەی پێگەیاندنی نەوەکانی خۆی نەکات، لە هەمانکاتدا لەو بەرنامەی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەکانیشیدا هاوچەرخ و عەلمانی نەبێ، سوود لە پێشکەوتنی دنیا لە رووی زانستی پێگەیاندنەوە وەرنەگرێ، ناتوانێ نەوەکانی خۆی پێ بگەیەنێ. هەر ئەوەشە کە لە وڵاتانی پاشکەوتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرە تا دەگاتە ئەفریقیا ئەو ناسەقامگیرییەی کە دەبیندرێ، هەموو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی، کە ئەم هێزە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتەوە دەستی بیروباوەڕی رووخێنەری پاشکەوتوو کە رێگە لە ژیان دەگرێ.

ئێمە لە کوردستان ئەوە بۆ ٢٨ ساڵ دەچێت حکومەتمان هەیە، ئەو حکومەتە بەپێی تەعریفی عێراق حکومەتی ناوچەی کوردستانە و لە ناو کوردستانیشدا دەوڵەتی ئێمەیە، واتە دوو تەعریفی جیا بۆ ئەم حکومەتە هەیە. سەرباری ئەوەش چونکە ئەم حکومەتە دەوری دەوڵەت نابینێ، ناچارە وەکوو بەشێك لە عێراق درێژکراوەیەك بێت، ئەگەر زەعیفیش بێت، بەشێکە لەو روانگە پەروەردەییەی کە

**گەنج ئەگەر پێ نەگەیەندرێ، لە زاتی خۆیدا توانا و زانا و داهێنەریش نییە. ئەوە تەجرەبەی کۆمەڵگەی مرۆییە**

لە عێراقی بێسەروبەردا هەیە، ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە زیانی لێ دەبینین، بەڵام ئەگەر بە وشیارییەوە لە حکومەتی ئێمە و لە دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و زانکۆکان و غەیری زانکۆکانیش دیراسە بکرێت، دەکرێ خۆمانی لەدەست بپارێزین، زەرەر دەکەین و ناتوانین لێی دەرباز بین، بەڵام زیانی کەم دەکەینەوە.

هەموومان لە بێ تەجرەبەیی کوردستاندا ژیاین، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناخێك کە ئەو بێ تەجرەبەیی و ساواییبوونەش سنوورێکی بۆ دابندرێ، ئەوە ٢٨ ساڵە حکومەت کاری باشی کردووە و بنیاتنان هەبووە، ئێستا کە باسی چاکسازی دەکەین و باسی هاتنەپێشەوەی نەوەی نوێ دەکەین، نیشانەی ئەوەیە کە کارکراوە لەم وڵاتەدا، نیشانەی ئەوەیە کە بونیادنان هەبووە، ژیان دروست کراوە، بەڵام چاککردنی دەوێت. ئەوەیە چیرۆکی سەرکەوتن دەستی پێکردووە، بنیاتنان دەستی پێکردووە، بەڵام چاککردنی دەوێت، ئەو چاککرنەش تەنیا یەك قۆناخ نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژوو ئێمە دەبێ توانای ریفۆرم و پێشکەوتن و پرۆسەی چاکسازیمان هەبێ.

کاتێك ئاماژە بەوە دەکەم کە پەروەردە و فێرکردن و راهێنان لە کوردستان دەبێ لانی نزمی سنووری بۆ دابنرێ، ئەوە کاری سیاسەت نییە، بلێین با بڕیارێکی بۆ دەرکەین، چاك دەبێ، بەڵکو دەبێ حکومەتی کوردستان پرۆگرامی خۆی کامڵتر بکات، قیادەی سیاسی دەبێ روانگەی خۆی یەکلا بکاتەوە، حزبێك کە سەرکردایەتیی حکومەت دەکات، ئەوا حکومەت موڵکی ئەو نییە، پێشکەوتنی دەوڵەت، یان حکومەتی ئێمە بە کادیری زانستی و خیبرەی خۆیی دەکرێ، چونکە ئەوە پرۆسەیەکی مێژووییە کۆ دەبێتەوە، کادیری زانستی لە ستافی حکومەت و لە سیستەمی بیرۆکراسیدا بە ئاسانی لەسەر بنەمای حزبی، یان خزمخزمێنێ دانانرێ، یان بە تەلەفۆنێکی ئێمەومانان کە کەسوکاری خۆیان لە شوێنی هەستیار دادەنێن، یان لە دەرئەنجامی هەبوونی بەرژەوەندی کە ئێستا لە دامودەزگاکانی حکوومی و کۆمەڵایەتی و حزبیی ئێمەدا دروست بووە. بەداخەوە ئەوە ئەگەر یەکێك کاری بەدەست بێت و بیەوێ دەتوانێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی، کەسوکاری خۆی، یان ئەوانەی کە لێیەوە نزیکن دابنێ، بێ ئەوەی توانایان هەبێ، لەوانەیە ئەوانە گەنجیش بن، بەڵام هیچ تواناییەك، یان تایبەتمەندییەکیان نەبێ.

دەبێ ئەم چەمکانە و ئەو کارانە دیراسە بکرێن و زەرەرەکانیان لە بەرژەوەندیی نیشتمان نیشان بدرێن، دەبێ بۆ پێشکەوتن نەك بۆ شتێکی دیکە دەست بە چاکسازی بکرێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە حکومەتی ئێمە، یان تەجرەبەی سیاسی ئێمە کاری گەورەی نەکردووە.

هاتنە پێشەوەی گەنجان زەرورەتی پێشکەوتنە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە جیلی پێش ئەوان لادەدرێت، چونکە ئەو روانگەیەش هەیە و زاڵیشە، هەم یەکەمیان ئەوەی کە گەنج هەموو شتێکە و هی دووەمیان کە بە غەیری گەنجان ئەوەی دی دەبێ هەمووی پاشەکشێ بکات، ئەمە هەردووکی هەڵەیە، هەردووکی سەرچاوەکەی لە نەزانینەوەیە، بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندییە، سەرەنجام ئەوەی کە زەرەر دەکات، دامودەزگای دەوڵەتە، ئەوەی کە زەرەر دەکات، پرۆژەی ئەو حزبە، یان ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەیە کە دەیەوێت حکومەت هەنگاوێك کۆمەڵگە بەرەوپێشەوە بەرێ.

تەجرەبە و زانستی ساخبووەوە لە لای جیلی پێش گەنجانە، بە دەگمەن هەیە زانایەکی گەنج لە ریزی پێشی پێشەوەی کۆمەڵگە بێت، لەوانەیە گەنجێك لە بوارێکی دیاریکراودا تواناییەکی زۆری هەبێت، بواری هەبێ کە باش پێبگات و داهێنانی گەورەش بکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کەوا ئەوانی لەو گەورەتر لە رووی تەمەنەوە، هیچیان پێ نەماوە، هەر کۆمەڵگەیەك، یا حکومەتێك ئەو مغامەرەیە بکات، ئەوا ئەرشیفی زانستی و تەجرەبەی خۆی دەسرێتەوە و ماڵی دەوڵەتی خۆی وێران دەکات و کۆمەڵگەی خۆی توشی توندوتیژی و بێ بەرنامەیی دەکات، دەبێت لە هەردوولا شارەزا بین.

ساخکردنەوەی ئەوانە، ئیشی گفتوگۆی چایخانە و ماڵ و حکومەت و حزبی نییە،

**ئێمە لە کوردستان ئەوە بۆ ٢٨ ساڵ دەچێت حکومەتمان هەیە، ئەو حکومەتە بەپێی تەعریفی عێراق حکومەتی ناوچەی کوردستانە و لە ناو کوردستانیشدا دەوڵەتی ئێمەیە، واتە دوو تەعریفی جیا بۆ ئەم حکومەتە هەیە**

**ئەم حکومەتە دەوری دەوڵەت نابینێ، ناچارە وەکوو بەشێک لە عێراق درێژکراوەیەک بێت، ئەگەر زەعیفیش بێت، بەشێکە لەو روانگە پەروەردەییەی کە لە عێراقی بێسەروبەردا هەیە، ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە زیانی لێ دەبینین**

**هەموومان لە بێ تەجرەبەیی کوردستاندا ژیاین، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناخێک کە ئەو بێ تەجرەبەیی و ساواییبوونەش سنوورێکی بۆ دابندرێ**

**حکومەت کاری باشی کردووە و بنیاتنان هەبووە، ئێستا کە باسی چاکسازی دەکەین و باسی هاتنەپێشەوەی نەوەی نوێ دەکەین، نیشانەی ئەوەیە کە کارکراوە لەم وڵاتەدا، نیشانەی ئەوەیە کە بونیادنان هەبووە، ژیان دروست کراوە، بەڵام چاککردنی دەوێت**

ئەمە ئیشی دامەزراوەکانی ناو زانکۆکانە، کاری زانستە، هی وردەکارییە زۆر روونە، چونکە هەڵە بە زەحمەت دەکات، کە هەڵەشی تێدا بێ، بواری چاکسازی هەیە، سەردەمی ئەوە نەماوە، خەڵك دابنیشێ و بڵێ پێموایە وابکەین باشە، ئەوەی کە بڵێ پێم وایە، دەبێ پێی بڵێی: ئەو پێم وایەت بخەرەوە گیرفانی خۆت، چونکە بە کەڵکی ژیانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ نایەت، دەبێ کەسێك رای هەبێ کە خوێندبێتی و کاری کردبێ و ماندوو بووبێت، کاتێك قسە دەکات، دەبێ پشت بە بەڵگەی روون ببەستێت، بۆ ئەوەی بڵێ من بە باشی دەزانم ئەم پرۆژەیە لە فڵان بوار پێشکەش بکرێ، یان جێبەجێ بکرێ.

بزووتنەوەی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا پێویستییەکە و بەبێ سیاسەت وڵات بەڕێوەناچێ، بەبێ حزبی سیاسی و شۆڕشگێڕی ئێمە بەتایبەتی ئەو حزبەی کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین و ٧٢ساڵی تێپەڕاند، هەروەها سەرچاوەکەی بۆ سەد و شتێك ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام دامودەزگای حزبی و رێکخراوەکانی حزبی وەکو سەردەمی پێش بیست سی ساڵ نین، کە لە کۆبوونەوەکانی خۆیاندا بەرنامەیان بۆ حکومەت دادەنا. ئەوان ئەرکیان تەنیا پشتیوانی و دەنگ کۆکردنەوەیە بۆ ئەو حکومەتە کە حزبەکە لەر ئاستی سەرکردایەتی خەڵکی بەتوانای بۆ دەستنیشان کردووە. پێویستە ئەم چەمك و تێگەیشتنانە بە باشی ساغ بکرێنەوە.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی گەنجە، رێژەی گەنجان و منداڵان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتی ئێمە پێکدەهێنن، پیر لە وڵاتی ئێمە کەمە. بۆیە باری حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان قورسە. بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە گەنجانن، دەبێ ئەمانە خوێندبێتیان، دەبێ زانکۆیان تەواو کردبێ، یان پەیمانگایان تەواو کردبێ، بۆ ئەوەی بتوانن داخڵی بازاڕی کار بن، ئەگەر ئەوانەیان بۆ جێبەجێ نەکرێ، فشار دروست دەکەن، کاریان دەوێت، ئەو روانگەیەی دروست بووە کە دەبێ حکومەت مووچە بدات بە هەموو کەس، ئەو روانگەیە رووخا، ئەو تەجرەبەیە رووخا، حکومەت و بزووتنەوەی سیاسیش لە ژێریدا کەوت، ئێستا بە چاکسازی دەتوانێ لە ژێریدا هەڵسێتەوە. مەبەست لە کەوتن ئەوەیە کە نەیتوانی بەردەوام بێت. ئێستا بۆتە باو کە لە کەسێك بپرسی: بۆچی کار ناکەی؟ دەڵێ: باری گوزەرانم خراپە. بۆ خراپە؟ -: وەڵا هیچ مووچەیەکم نییە! وەك ئەوەی کە لە دنیادا دەبێ خەڵك ئاوها بژییێت. دەبێ ئەو کولتوورە کۆتایی پێ بێت، دەبێ گەنج پێبگەیەندرێ لە کچ و کوڕ و ژن و پیاو، دەبێ بواری پێ بدرێ لە بازاڕی کار، تا کاری خۆی بکات، سیاسەت یەکێك لە کارەکانە، ئەگەر سەقامگیریی هەبێ، هەرە زۆری گەنجان بواری سیاسی بەجێ دەهێڵن و تەنیا لە کاتی دەنگداندا دێن و دەنگی خۆیان دەدەن بەو لایەنەی کە دەیانەوێ سەرکەوێ و حکومەت بەڕێوەبەرێ. بۆیە ئەگەر پرۆسەی پەروەردەکردن لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ بە شێوەیەکی باش، بە شێوەیەکی زانستی و واقیعبینانەی ئەوتۆی بەرنامەبۆدارێژراو کە دوای دەرچوونیان بەپێی بارودۆخی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی و سەرچاوەکانی وزە کە ژیانی پێ لە وڵاتی ئێمە دروست دەبێ، ئاوها لەو بوارانەدا دەبێ ئامادە کرابن. خۆ ئەگەر وانەبێ، با ئامادەشت کردبێ، لە دواییدا ئەگەر کاری دەستنەکەوێ، دەبێتە فشار لەسەر حکومەت و بۆ سیاسەت بەکاردەهێندرێ، سەرەنجام ئەم خۆپیشاندان و بازاڕ سووتاندن و تیرۆر و داعش و ئەو شتانەی لێ دروست دەبێ کە ئێمە لە ماوەی دەساڵی رابردوودا تاقیمان کردەوە، هەروەها دەبێتە زەمینەیەکی بە پیت بۆ کەسانێك کە توانایی سەرکردایەتیکردنی لایەنی توندڕەوی رووخێنەریان تێدا هەیە لە بواری کۆکردنەوەی توندوتیژەکانی وڵات، لە بواری دروستکردنی بزووتنەوەیەکی فشارهێنەری وێرانکەر کە لە کۆتاییدا هیچ ئامانجێکی پێ دەستەبەر نەدەکرا، سەرەنجام خۆی رۆیشت و ئەم گەنجانەی لەناو جادە بەجێهێشت. دەبێ دیراسەی بکەین و ئارامی بکەینەوە و داخیلی ژیانیان بکەینەوە، یان بزووتنەوەکانی سیاسیی توندڕۆ لە ئەنسار و مەلا کرێکارەوە بگرە تا دەگاتە حزبەکانی دیکە، ئەو گەنجانە راودەکەن

**پێشکەوتنی دەوڵەت، یان حکومەتی ئێمە بە کادیری زانستی و خیبرەی خۆیی دەکرێ، چونکە ئەوە پرۆسەیەکی مێژووییە کۆ دەبێتەوە**

**کادیری زانستی لە ستافی حکومەت و لە سیستەمی بیرۆکراسیدا بە ئاسانی لەسەر بنەمای حزبی، یان خزمخزمێنێ دانانرێ**

**دەبێ بۆ پێشکەوتن نەك بۆ شتێکی دیکە دەست بە چاکسازی بکرێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە حکومەتی ئێمە، یان تەجرەبەی سیاسی ئێمە کاری گەورەی نەکردووە**

**لەوانەیە گەنجێک لە بوارێکی دیاریکراودا تواناییەکی زۆری هەبێت، بواری هەبێ کە باش پێبگات و داهێنانی گەورەش بکات، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کەوا ئەوانی لەو گەورەتر لە رووی تەمەنەوە، هیچیان پێ نەماوە**

و کاتێك دەیانهێننە ناو بزووتنەوەی سیاسی، تەنیا بۆ رووخاندن بەکاریان دەهێنن، ئەگەر رووخان بوو، (تی ئێن تی) و چەك بەکاردێنن و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن بە جەهەننەم.

حکومەتی ئێمە رابەریی ئەم پرۆسەیەی لە ٢٨ ساڵی رابردوودا بە پلەی جیاجیا کردووە، لەو بێ تەجرەبەییەی کەوا هەبووە، ئێستا ئێمە تەجرەبەیەکمان هەیە کە ستافێکی باشی کادیری سیاسی هەیە کە رایان هەیە و خیبرەیان هەیە، دەتوانن قسە لە چاکسازیکردنەکەدا بکەن، هەروەها جیلێك پێگەیشتووە کە دەبێ بڕوامان بە توانای زانستییان هەبێ، بەڵام دەبێ لەوەدا هوشیار بین کە بە تەنیا چونکە فڵانی گەنجە و باوەڕت پێی هەبێ، باوەڕت پێی نەبێ، باوەڕ بە گەنجی نەزانی نەخوێندەوار نییە، ئەو جۆرە گەنجانە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن، ئەگەر ئەمانە بە شێوەیەکی باش رابەری نەکرێن، سەرەنجام رێگەی دەرەوە دەگرن وەك دەیبینین، یان کێشەی ناوخۆیی دروست دەکەن، یان لەناو حزبەکاندا فشار دروست دەکەن، چونکە کاری دەوێ و روانگەشی روون نییە، جاری وا هەیە ناتوانێ تەعبیر لە خواستەکانی خۆی بکات، یان ئەو خواستەی کە هەیەتی بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت، ئەوە کێشەیە، کێشەی نەزانی هیچ مانایەکی نییە تەنیا ئەوە نەبێ دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ و سەرلەنوێ بیگەڕێنییەوە بۆ ئامادەکردن و داخیلی کاری بکەی، هیچ رێگەیەکی دی بۆ ئەم دیاردەیە نییە.

شتێکی دیکە هەیە، دەبێ دیسان حکومەت بیری لێ بکاتەوە، ئەویش ئەوەیە لە تەمەنی پێش گەنجی مەبەستم لە تەمەنی ١٠ ساڵیەوە بۆ ١٨ ساڵی داخیلکردنی مێرمنداڵان و گەنجان بە تێگەیشتنی ئایینی لە قوتابخانەکان، بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی و هەندێ جار بیروڕای فەلسەفی کە هەندێ جار سەروکاری دەگەیەنێتە لایەنێکی دیاریکراو، وا دەکات کە پرۆسەی پێگەیاندنی ئەو گەنجە زەبرێکی زۆری بەرکەوێت، هەر لە تایبەتمەندیی دەروونی بگرە، تا تواناکانی و ئەو قەناعەتەی تێیدا دەژی دەچەسپێ و زەبری زۆر لێ دەدا و مەنتقی لێ وەردەگرێتەوە. ئەگەر یەك نموونە لەو بوارە بهێنمەوە، کاتێك تۆ دەتەوێ گفتوگۆیەکی باش لە بابەتێکی حەق لە نێوان لایەنگرانی گەنجانی حزبەکان دروست بکەی، زۆر کەم هەیە لایەنگرانی ئەوبەر کە ناحەقە لە گفتوگۆی ئەم بەرە کە لەسەر حەقە و قسە دەکات، بتوانێ کاریگەرییان لەسەر بکات و هەڵوێستیان پێ بگۆڕێت، من ناڵێم با حزبیان پێ بگۆڕێت، بەڵام هەڵوێستیان پێ راست بکاتەوە. ئەو دیاردەیە بۆ هەیە؟ ئەنجامی ئەوەیە کە حزب، دین و ئایدیۆلۆژیا هەریەکەیان لە بواری خۆیدا، بۆی بووە بە دین، بۆی بووە بە ناسنامە، بۆی بووە بە مێژووی خێزانی و عەیب و هەڵوێست، ئەگەر کوڕ بێت، بۆی بووە بە کەرامەت و پیاوەتی، بۆیە ناحەقییەکە قەبووڵ دەکات و ئەمەش دەقۆزرێتەوە بۆ رووداوی زۆر کارەساتبار، ١٦ ئۆکتۆبەر یەکێك لەوانە بوو، رێگە لە پرۆسەی سەربەخۆیی گیرا، بەڵام دە کەسمان نەبینی لە نیوەی کوردستان بێنە ناو شەقام و بڵێن: ئەمە پەیوەندی بە داهاتووی وڵاتەوە هەیە. ئەوەش دەرەنجامی ئەو پەروەردەیەیە، ئەگەرنا هەموو خەڵك وڵاتی خۆی خۆش دەوێ و روانگەیەکی دیاریکراوی بۆ داهاتووی وڵاتی خۆی هەیە.

ئەگەر ئێمە چاومان لە بەرزکردنەوەی توانای گەنجان بێ، دەبێ حکومەت زۆر بە جددی دیراسەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بکات، ئەوە پەیمانگاکانیش دەگرێتەوە، ئەگەر ئەوانە ئیسلاح کران، کادیری نوێ دێتە مەیدان و باسێکی دیکە دروست دەبێ و سەرچاوەی زانیاری دەست بزووتنەوەی سیاسی دەکەوێ کە لەنێو رێکخراوەکانی حزبی و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە جەماوەرییەکانیش رەنگدەداتەوە.

لە لایەکی دیکە ئەو تەنگوچەڵەمەی کاریگەری لە گەنجان دەکات، ئەو دۆخە سیاسی و عەسکەری و ئابوورییە ناسەقامگیرەی وڵاتی ئێمەیە، متمانە زۆر کەم بۆتەوە بەوەی کە ئەگەر لەو تەنگوچەڵەمەیە قوتار بووین، ئەوا تەنگوچەڵەمەی دی درەنگ دێت، یان لەوانەیە نەیەت، ئەمەیان لە راستیدا کێشەی ناو بزووتنەوەی سیاسی و کێشەی نێوان حزبەکانە کە دەبێ چارەسەر بکرێ.

هاوپەیمانەکانی کوردستان دەڵێن دەبێ حکومەتێکی بەهێزتان هەبێ، ئێستا ئەمەریکا

**کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی گەنجە، رێژەی گەنجان و منداڵان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی وڵاتی ئێمە پێکدەهێنن، پیر لە وڵاتی ئێمە کەمە. بۆیە باری حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان قورسە**

**ئەو روانگەیەی دروست بووە کە دەبێ حکومەت مووچە بدات بە هەموو کەس، ئەو روانگەیە رووخا، ئەو تەجرەبەیە رووخا، حکومەت و بزووتنەوەی سیاسیش لە ژێریدا کەوت، ئێستا بە چاکسازی دەتوانێ لە ژێریدا هەڵسێتەوە**

**هاوپەیمانەکانی کوردستان دەڵێن دەبێ حکومەتێکی بەهێزتان هەبێ، ئێستا ئەمەریکا و ئەوروپا وادەڵێن، مانای ئەوەی نییە کە ئەو حکومەتە وەک جاران تەنیا مووچەمان بۆ دابین بکات**

**تا پێش ٢٠١٤ پارەمان هەبوو، بەڵام هیچ بەهێز نەبووین. نە حکومەتێکی بەرەوپێش و نە بزووتنەوەیەکی سیاسیی سەقامگیرمان هەبوو، گەشەسەندن هەبوو بەڵام بەرنامەی تێدا نەبوو**



و ئەورووپا وادەڵێن، مانای ئەوەی نییە کە ئەو حکومەتە وەك جاران تەنیا مووچەمان بۆ دابین بکات، چونکە جاران تا پێش ٢٠١٤ پارەمان هەبوو، بەڵام هیچ بەهێز نەبووین. نە حکومەتێکی بەرەوپێش و نە بزووتنەوەیەکی سیاسیی سەقامگیرمان هەبوو، گەشەسەندن هەبوو بەڵام بەرنامەی تێدا نەبوو، نابێ دەستکەوتەکان و پێشکەوتنی حکومەت بکەینە سفر، بەڵام کێشەی ئابووری زۆری لەگەڵ خۆی هێنا و نەبووینە خاوەنی بازاڕی خۆمان تا ئەوکاتەی کە یەك مانگ بودجەی عێراق نەیەت بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین، یان ئەو هەموو سامانەی کە هەمانە بە هانامانەوە بێت.

حکومەتی بەهێز و حکومەتی باش کە ئێستا دنیاش داوای دەکات، ئەوەیە کە ئەو حکومەتە ئەوەی گوتمان تێیدا هەبێ، هەروەها تەبایی تێدا هەبێ. تەبایی لەسەر بەرژەوەندیی نیشتمانی دروست دەبێ، تەبایی لەسەر ئەوە دروست نابێ، ئاخۆ سەرکردەیەك لەگەڵ سەرکردەیەکی دی بەینی باشە، یان باش نییە. سەرکردەکانی سیاسی ئەمڕۆ دەبێ ئەو قۆناخە تیپەڕێنن، هەر سەرکردەیەکی سیاسی لەناو حزبەکاندا کە زۆرن، ئێستا پێیان دەگوترێ سەرکردەی سیاسی، ئەوانە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کەسایەتیی کاریگەری ناو ئەو حزبانەن، کە کار لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دەکەن، ئەگەر تەجاوزی مێژوویی کەسیی سیاسی نەکەن، ناتوانن لە سەرکردایەتیکردنی ناو بزووتنەوەی سیاسی بەردەوام بن. ئەگەر بەردەوامیش بن، دەکەونە گۆشەیەك کە سەرەنجام تەریك دەبن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئێستا لەناو پرۆسەکەدایە، چونکە کوردستان بۆتە بەشێك لەو ناوچەیەی کە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی تێدا دابین دەبێت.

حکومەتی باشی ئێمە بە ساخکردنەوەی ئەو بابەتانە دروست دەبێ کە تەبایی لەسەر بنەمای چی دروست بێت، خاڵەکان دەبێ دیاربن. جۆرێك لە بێدەنگی لەکاتی گفتوگۆکاندا هەیە، کە ئەوە لەوانەیە یارمەتی تێکەڵبوونی کۆمەڵگە نەدات لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی بۆ ئەوەی رای هەبێ و فشار لەسەر ئەو لایەنە دروست بکا کە لایەنی چەوت و هەڵەیە، ئەو بێدەنگییە وادەکات ئەو فشارە دروست نەبێت.

**نابێ دەستکەوتەکان و پێشکەوتنی حکومەت بکەینە سفر، بەڵام کێشەی ئابووری زۆری لەگەڵ خۆی هێنا و نەبووینە خاوەنی بازاڕی خۆمان تا ئەوکاتەی کە یەک مانگ بودجەی عێراق نەیەت بتوانین لەسەر پێی خۆمان بوەستین**



**دکتۆر ئەنەس محەمەد شەریف**

**ئەندامێ مەکتەبا تەنفیزی یا ئێکەتیا زانایێین ئایینێ ئیسلامی  ل کوردستانێ بو گولان:**

# د دیروکا کورداندا زانا و عالمێن کورد ئاشتی و پێکڤەژیان یا بەلاف کری

**ئیسلاما سیاسی ئێکە ژوان بابەتێن کو بەردەوام جهێ تێرامانێ بووە، نەخاسمە ژلایێ زانایێن ئایینی، چونکە ژ لایێ هندەك کەسان ڤە بەروڤاژی ئارمانجێن مللەتی دهێتە بکارئینان و ژبلی خزمەتکرنا مللەتی دبیتە ئەگەرێ چێبوونا ئاستەنگا و تێکدانا شیرازا جڤاکی، ئەڤ بابەتە و چەند پرسێ دی مە دگەل دکتور ئەنەس محەمەد شەریف ئەندامێ مەکتەبا تەنفیزی یان زانایێن ئایینێ ئیسلامی ل کوردستانێ مە گەنگەشە کرن.**

*** دەمێ ئەم دزڤرین ژ بوو دیروکا زانایێن ئیسلامی ل کوردستانێ، ئێکسەر عەشق و عیرفان دهێت بەرچاڤێن مە، ئەڤ عەشق و عیرفانیا ئولی چەند زانا و فەیلەسوف و شاعرێن مەزن بو نەتەوێ کورد یا ئاڤا کرد، لێ د نهادا ئەم ڤە عەشق و عیرفانیا ئیلاهی، هەروەسا شاعر وزانا و فەیلەسوفێن مەزن ژی نابینین ل رێزا ماموستا و زانایێن ئیسلامی، ب هزرا تە سەدەمێن ڤێ وەرچەرخان سلبی چنە؟**

- ل دیروکا ئاینی ل کوردستانێ ئەگەر بنێرین یا خۆیایە کو مەشخەلێ عیلم و زانینێ ماموستایێن ئاینی هەلگرتبوو چ کەسەك رکابەر نەبوون بەرامبەری وان و هۆکار ئەو بویە بنگەهێن زانینێ ل سەردەمێ بووری چ ل ناڤ موسلماناندا ب گشتی یان ل ناڤ کوردانـدا بتایبەت بنگەهێن ئاینی بوون، تەنێ مزگەفت، تەکیا، زاویە و مەدرەسێن فەقیا بوون. زانست لێ دهاتە خاندن و پەروەردەکرن و فێربوون دهەمی بوارانـدا ل سەر دەستێت ماموستایێن ئایینی نەتنێ ئایین بوو، لێ فەلسفەو مەنتق و کیمیا و فیزیا و زانستێن دی ژی تێدا دهاتنە خاندن، لەورا زانایێن بەرێ هەمو ماموستایێن ئاینی بوون، بەلێ دەما هندەك سازێن دی رابووین ب پەروەردەکرنێ و دەولەتان خوە ل بابەتێ زانین و پەروەردێ کریە خودان، هەروەها ئسلوبەکێ عیلمانی ل خوە دای بهێز هاتیە دناڤ بابەتی دا کەسێن ب پەروەردێ رابووین مەرەماوان نە دروستکرنا کەسێی ئاینییە لەورا ئەم دەبینین گورەپان ژوان هاتە ڤالا کرن.

*** ب درێژاهیا دیروکێ، ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئاراستێ نیشتمانی و نەتەوێی کوردان تەڤ بوون وبەرەڤ ئێك ئارمانجێ و هەردەم ئاینێ ئیسلامێ پشەڤانێ خەبات و قوربانیدانا نەتەوێ مە بوویە، گەلو هەست ب وێ ئێکێ ناهێت کرن کو هندەك لە زانایێن ئیسلامیێن کوردستانێ دگەل هێلا نیشتمانی و نەتەوێین گەلێ کوردستانێ نینە؟**

- ماموستایێن ئاینی هەردەم ل کوردستانێ جهێ شانازیێ نە کو چ دەما فەرق نەکریە بەرامبەری ئاینی و نەتەودا، بەلکو هەردو گرتینە یەك دەست، لەورا شورەشگێرێن کورد هەموو مەلا یان شێخ بووینە، و دبت هندە کەسێن نەشاز دناڤ تەخا مەلایا دا ژی هەبن وەکی هەر تەخاکا جڤاکی، لێ دەناڤ ماموستایێن ئاینی ئەگەر هەبن ژی زور دکێمن. دبت ئارێشەکا دی هەبت نەناساندنا هێلا نیشتمانێ و نەتەوی لەکوردستان زور ئاساییە کەسەك بێتە تومەت بارکرن ب لێدانا هێلا نیشتمانی، یا فەرە هێلێن نیشتمانی بێنە

**مەشخەلێ عیلم و زانینێ ماموستایێن ئاینی هەلگرتبوو چ کەسەک رکابەر نەبوون بەرامبەری وان و هۆکار ئەو بویە بنگەهێن زانینێ ل سەردەمێ بووری چ ل ناڤ موسلماناندا ب گشتی یان ل ناڤ کورداندا بتایبەت بنگەهێن ئاینی بوون**

پێناسەکرن و خەلکی کوردستانی هەمو لەسەر کومبن، ئەڤ هێلە ل شارەك بو شارەکە تێنە گوهارتن و پارتەك بو پارتەکا دی بوچون و تێروانینێن وان دجاوازن، هەروەها نەتێگەهشتنەك هەیە دنا ڤبەرا مامۆستایێن ئاینی و کەسێن سیاسەتمەدار، هندەك جاران ژی دگەهتە ئاستێ هەڤدژیێ دبوارێن جودا جودا دا، هەر ئێکێ بوچونێن جیاواز هەیە دبت تومەتبارکرنا ئێك ودو بکەن لەسەر جیاوازی و بکەنە لێدانا هێلا نیشتمانی.

*** هەمی دەما زانایێن ئیسلامی یێن کوردستان هۆکارێن گرنگ بوون ژ ب ئاشتییا جڤاکی و ئارامی و سەقامگیری ل جڤاکا کوردەواریدا، ئەڤە ژی بوویە ئەگەرێ وێ ئاشتی و برایەتی و پێکڤەژیانا کوردستانا، لێ د نهادا هەست ب وێ ئێکێ دهێتە کرن کو زانایێن ئیسلامی هندەك ل ڤی واجبێ گرنگ خوە پاشڤەداریە، ئایا سەبەبێ ڤە خوە پاشڤەدانێ چییە؟**

- ئەڤ سەقامگیری یا ئەڤرو کوردستان تێدا هەر ژبەر هندێیە کو ماموستایێن ئاینی بەردەوام لەسەر منبەر و مزگەفت و تەکیان ئیرشاد و نسحەتێن باش دەکەن، دەما بەرێ خەلکی ددەنە پاکی و دەستپاکی و دەهمەن پاقژیێ رەوشتێن جوان و ئسلاح و ئیخلاس . . هت، ئەڤە هەمی هوکارن بو ئاشتی و سەقامگیریێ و تەناهیا مللەتی. دەمێ دزیکەر یان زناکەریان عەرەق ڤەخور ژ مەلای تورە دبن، نا ئێتە مەعنا هندێ کو ماموستاییێ ئاینی ئاشتی یا تێکدای، بەلکو تێکدەرێ جڤاکی تەخا بەرامبەرە.

*** ل سەردەمێ شۆڕەشا ئیلونێ ب رێبەرایەتییا مەلا مستەفا بارزانی، حزبێن سیاسیی یێن ئیسلامی نەبوون، لێ مامۆستا و زانایێن ئیسلامی ل کوردستانێ رۆڵەکێ مەزن و هەژی هەبوو لسەر هەمی بیاڤێن جودایێن ژیاتا جڤاکی یانی خەلکی و شێوازی خەباتا پێشمەرگەیش هەبووە، موبالەغە نییە ئەگەر ببێژین مامۆستا و زانایێن ئایینی ئیسلام مل ب ملێ پێشمەرگەی بەرگریا ل بەهایێن جڤاکا کوردستانێ کریە، هەتا چەند حزبێن ئیسلامی بوونە فاکتەرێ چێبوونا ڤالاتیێ دنێڤبەرا زانایێن ئایینی ئیسلامی و خەلکێ کوردستانێ، یان ژی ئینتمایا هندەك ل زانایێن ئیسلامێن کوردستانێ بۆ حزبێن ئیسلامی بوویە ئەگەرێ هندێ کو خەلکی باوەڕی ب ڤان زانایان نەمینە؟**

- پێتڤیە جیاوازی بهێتەکرن دناڤبەرا ماموستایێن ئاینی و پارتێن سیاسی یێن ئاینی براستی وەکی ئینتمائا حزبی یا ماموستا وەکی هەر تاکە هەڤوەلاتیەکێ مافێ هەی ئینتما بو هەر پارتەکێ بکەت چ یا ئیسلامی یان نەتەوی هەبت و نەڤە د زڤرتە ئازادیا کەسایەتی، لێ یا نە دروست و نە رەوا ئەوو کو مروڤ ئاینێ ئیسلامی یێ پیرۆز بکەتە بانگەشە بو حزبەکا سیاسی و دێ پارتێ بکەتە پیڤەرێ ئیمانێ و باوەریا ب خودێ، یانەرەوا ئەوە چنکو سیاسەت گهورین ب سەرداتێن لێ ئاین هندەك ژێ نەگوهورە (ثوابت) و نابت بێ دینی ئەم بکەینە گوری بەرژەوەندێین حزبی، ئەگەر هندەك ماموستا هەبن ئەڤە کربت یا خەلەتە و دێ کارتێکرنەکا خراب هەبت ل سەر جڤاکی.

*** ب هزرا تە ئینتمایا زانایێن ئایینی یێن ئیسلامی بو هەر حزبەکا سیاسی، باوەریا خەلکی ب ڤان زانایان کێم ناکەت، یان ژی ماموستایێن ئایینێ پیروزێ ئیسلامێ جێنشینی پێغەمبەرێ خودێ (د.خ)بن ، چ پێتڤیا وان ب حزبایەتیی هەیە؟**

- هەبوونا پارتێن سیاسی ئەساسێ وێ نەبو هەڤرکیا بێ مفایە، بەڵکو دزانستێن سیاسی دا و جیهانا دیموکرات دا هەبونا پارتیان فەرە ژ بو هەڤرکێ دناڤبەرایەك و دودا بکەن پێخەمەت خزمەت کرنا وەلاتی، ئەگەر ژ ڤی روی ڤە لێ بنێری (هەڤرکی ل سەر خزمەتی) کارەکێ پیروزە هەر پارتەك بەرنامێ خو بێ ئیسلاحی و خزمەت گوزارێی دیار بکەت و مللەت متمانێ بدەتێ و مللەت حاکم بت ل سەر هندێ کا تا چ رادەیەکێ ئەڤێ پارتێی یان جماعەتێ راستی گوتیە و بئەمانەت خزمەت کریە، ئەگەر سیاسەت ئەڤەبت خو ئەڤە ژکارێن پێغمبەران بویە و چ مانع نینە ماموستا بڤی کارێ پیروز رابت، ل ولاتێن روژهەلاتا ناڤین بگشتی سیاسەت بەروڤاژی تێ چەندێیە

**نە دروست و نە رەوا ئەوو کو مروڤ ئاینێ ئیسلامی یێ پیرۆز بکەتە بانگەشە بو حزبەکا سیاسی و دێ پارتێ بکەتە پیڤەرێ ئیمانێ و باوەریا ب خودێ**

**(هەڤرکی ل سەر خزمەتی) کارەکێ پیروزە هەر پارتەك بەرنامێ خو بێ ئیسلاحی و خزمەت گوزارێی دیار بکەت و مللەت متمانێ بدەتێ و مللەت حاکم بت ل سەر هندێ کا تا چ رادەیەکێ ئەڤێ پارتێی یان جماعەتێ راستی گوتیە**

**ئەڤ سەقامگیری یا ئەڤرو کوردستان تێدا هەر ژبەر هندێیە کو ماموستایێن ئاینی بەردەوام لەسەر منبەر و مزگەفت و تەکیان ئیرشاد و نسحەتێن باش دەکەن**

**شورەشگێرێن کورد هەموو مەلا یان شێخ بووینە، و دبت هندە کەسێن نەشاز دناڤ تەخا مەلایا دا ژێ هەبن وەکی هەر تەخاکا جڤاکی، لێ دەناڤ ماموستایێن ئاینی ئەگەر هەبن ژێ زور دکێمن**



لەورا دێ بینی یا غریبە ماموستایەك د وارێ سیاسەتێدا كار بكەت خەلك ب عەیب د دانە.

*** ئەگەر پێشنیارەك بۆ حكومەتا كوردستانێ بهێتە كرن، سەبارەت ب مامۆستا و گوتاربێژێن رۆژا ئینی كو پێتڤییە سەر ب چ حزبێن سیاسی نەبن، ئەڤ پێشنیارا هەنێ هەتا چەند دێ خزمەتێ ب شكۆیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ و جڤاكا كوردستانێ گەهینیت؟**

- ژلایێ من ڤە گرنگ نینە ماموستا چ لایەن بت، لای من گرنگە منبەر نەئێتە ئیستغلال كرن بو كارێ حزبایەتێی، و بو زانین ل كوردستانێ مە مرۆڤین بێ لایەن نینن هەر كەسەكێ هەبت ئیلا دێ بینی كەسەك یان پارتەك یا دلی دا هەی، ماموستایێن ئاینی وەكی هەر تاكە كەسەكێ ل كوردستانێ ئەو ماف هەیە لایەنگرێ پارتەكێ بت، كو نە هەڤدژبت دگەل بیروباوەرێن ئاینێ ئیسلاما پیرۆز.

*** زۆر جارا ل هندەك زانایێن ئیسلام گوهدار دبین كو برایەتیا ئایینی ل برایەتیا هەڤنیشتمانی و هەڤنەتەوە پێتڤیترە، راستە برایەتیا ئایینی پێنگڤەكا گرنگە بۆ ئێكریزیا موسڵمانا، لێ ئەگەر موسڵمانەك خودی نیشتمان و نەتەوە خو نەبت و شانازی پێڤە نەكەت چەوا دكارتدەتوانێت خو بە ئیماندارەكێ راستەقینە بزانیت؟**

- هەبوونا لایەنەكێ بو سەرپەرشتی كرن و رێكخستنا ماموستا و هەروەها خودنی لێ كرن كارەكێ فەرە وە وەزارەتا ئەوقافی ل كوردستانی بشێوەكێ باش ب ئەرك و كارێن خورابویە ژ بو بەرژەوەندیا مامۆستایان هەروەها دیركرنا گوتارا ئاینی ژ توندرەوێی بویە پرەكا باش دناڤبەرا ماموستایان و خەلكیدا.

*** موسڵمانانێن كوردستانە لسەر مەزهەبێ ئیمامی شافعی( خ.ل)نە، ئەڤ مەزهەبە ئێكە ل مەزهەبێن، ل كوردستانێ ڤی مەزهەبی لێبورین و ڤیان بەرهەم ئینایە،لێ نها دبینین ب هۆكار گوتارا چەند مامۆستایەكێن ئایینی ئەڤ لێبورین و ڤیانە یا دهێتە گهورین بو توندرەوێی و یەكدی قبول نەكرن، گەلو ئەڤە ب خراب بكارئینانا ئایینی نییە؟**

- ددیروكا كوردانـدا هنەمو مەزهەبان جێگای خو لە كوردستاندا هەبوویە لێ مەزهەبێ زالبووی ل سەر هەموویان مەزهەبێ ئیمامێ شافعی بوویە(رحمە اللە) وە ئەگەر توندوتیژی ل ئەو مەزهەبە هەبایە ئێستا لە كوردستان چ مەزهەب ئوول نەدمان بەلكی ددیروكا كوردانـدا زانا و عالمێن كورد ئاشتی و پێكڤەژیان یا بەلاف كری و هەموژی مەزهەب شافعی بوون واتە ئەو گوتنا تە كو مەزهەبی شافعی توندرەوی تێدایە وە نینە و یا دورە ژ راستی یێ.

**نەتێگەهشتنەک هەیە دنا ڤبەرا مامۆستایێن ئاینی و کەسێن سیاسەتمەدار، هندەک جاران ژی دگەهتە ئاستێ هەڤدژێی دبوارێن جودا جودا دا، هەر ئێکێ بوچونێن جیاواز هەیە دبت تومەتبارکرنا ئێک ودو بکەن لەسەر جیاوازی و بکەنە لێدانا هێلا نیشتمانی.**

# کەرکووک لەنێوان گۆڕانکارییەکانی جیۆسیاسی و ئابووریدا

**پێویستە گەنگەشەکردنی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکیی سیاسی و ئابووری لەبەر رۆشنایی دەرهاویشتەکان و تێگەیشتنی عەقڵییەتی بەرامبەر ئەنجام بدرێت**

کێشەی کەرکووك کێشەیەکی هەڵپەسێردراو نییە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ەوە، بەڵکو کێشەی سەدەیەکە لەنێوان کوردو حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، دیارە تاکە زەرەرمەندیش عەرەب و کورد و تورکمان و کریستیانن لە کەرکووك و سەرتاسەری عێراق، دوای ئەو هەموو قەیران و شەڕ و کێشەی سیاسی و ئابووری، پرسیارێکی گرنگ دێتەپێشەوە کە ئایا هیچ ئەگەرێك لەبەردەستدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئاڵۆزە؟ ئەگەر نەبێت هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراق چۆن دەتوانن مامەڵە بکەن و بگەنە چارەسەرگەلێك کە بە دڵی هەردوو لا بێت؟ بە رای من پێویستە گەنگەشەکردنی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکیی سیاسی و ئابووری لەبەر رۆشنایی دەرهاویشتەکان و تێگەیشتنی عەقڵییەتی بەرامبەر ئەنجام بدرێت، ئەوکاتە دەکرێ لە بارودۆخی ئێستا و ستراتیجیەتی کارکردن لە حکومەتی تازەی کوردستان بگەین.

## • یەکەم: گۆڕانکارییە سیاسییەکان:

پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز لە کوردستانی عێراق دەبێتە حکومەتێکی خاوەن کارامەیی و دامەزراوەیی، ئەمەش دەبێتەهۆی هێنانەکایەی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، پێموایە ئەمە دەبێتە بەرنامەی حکومەتی تازە لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامدا ئەمە شێوازێکە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ لە بەغدا، لەو کێشانەش دەرکردنی یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵ و کاراکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵپەسێردراوی کەرکووك لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا، هەروەها یەکلاکردنەوەی مووچەی هێزی پێشمەرگە هاوتای سوپای عێراق، هیوادارین هەماهەنگییەکی ئاستبەرز بێتەئاراوە لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق دەربارەی بنەماکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق و نهێنیی جێبەجێکردنی ماددەی ناوبراو، وێڕای هەماهەنگیی پتەو لەنێوان حکومەتی تازەی هەرێم و حکومەتی عادل عەبدولمەهدی کە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی زۆربەی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، کە ئەمە خزمەتی بەرژەوەندیی هەردوو گەل دەکات لە هەرێم و عێراق، هەروەها کاراکردنەوە و لێکنزیکبوونەوەی میدیای نێوان هەرێم و ناوەند دەبێتەهۆی کرانەویەك لە نێوانیان و ئاگاداربوونی گەلانی هەردوو لا لە کولتووری یەکدی و بەتینکردنی پەیوەندیی نێوان خەڵکی کەرکووك و هەرێمی کوردستان، لەمیانی ئەو رۆڵەی کە میدیاکان دەیبینن، سەرباری چالاکییەکانی لاوان وەك تیپە وەرزشی و هونەری و رۆشنبیرییەکانی نێوان لاوانی کەرکووك و هەرێم، هاوکات لێکگەیشتنی نێوان هەدوو حکومەت لە هەولێر و بەغدا زۆر کێشە و ناکۆکی چارەسەر دەکات کە دوای ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە کەرکووك هاتوونەتەئاراوە..

هیوادارین چارەسەرییەکانی عێراق بێ دەستێوەردانی دەرەکی بن، چونکە تاکە زەمانەتی چارەسەری کێشەی کەرکووك دەستووری عێراقە بە ماددەی (١٤٠)، بەڵام کارکردن بە پڕۆژە دەرەکییەکان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، هاوکات هەر سەرپێچییەکی دەستووریش رەوشەکە سەختتر دەکات، هەروەها ناکرێ قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگە لە چوار ساڵی رابردوودا لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعشی تیرۆریست لە کەرکووك نادیدە بگرین، دیسان نابێت وتە بەناوبانگەکەی سەرکردەی



**شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی**

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نەمر مەلا مستەفا بارزانی لەبیربکەین و دوای ئەویش کاك مسعود بارزانی کە (کەرکووك دڵی کوردستانە)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی کاری جددی و بەردەوامی ڕێبازی خەباتی ئەو کەڵەپیاوانەیە کە مێژووی کۆن و نوێ بە ڕێزو شانازییەوە هەمیشە یادیان دەکاتەوە.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نوێ لەمیانی فشاری ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هاوپەیمانانی لە عێراق گوشاری سەر کەرکووك هەڵدەگرێت، کە ئەمەش ئاسانکارییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك لە ڕێی گفتوگۆیەکی جددی و بنیاتنەرانە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووك بە ڕێگای یاسایی و دەستووری و دوور لە سەپاندنی چارەسەری ئامادەکراو.

یەکێك لە ئەولەوییاتی قۆناغەکە لە کەرکووك بریتییە لە وەدەرنانی هێزەکان بە هەموو ناوەکانیانەوە و رادەستکردنی دۆسێی ئەمنیی کەرکووك لە ناوخۆ بە پۆلیس و لە دەرەوەش بە هێزەکانی سوپا و هێزی پێشمەرگە، لەم حاڵەتەشدا خەڵکی کەرکووك لە سەلامەتیی ژیانیان دڵنیا دەبن، هاوکات کارکردنی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و کردنەوەی هەموو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە ئەو حزبە بنکەیەکی فراوانی جەماوەریی هەیە و رێکخستنەکانیشی تەنیا بۆ کورد نییە، بەڵکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی کەرکووك دەگرێتەوە.

**دووەم: گۆڕانکارییەکانی ئابووری:**

سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بەسەر ئێران و سفرکردنی هەناردەی نەوتی خاوی ئەو وڵاتە، دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی زیاد دەکات، هەروەها توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوتیش لە کەرکووك دەگاتە یەك ملیۆن بەرمیل، ئەمەش وایکرد کە بەڕێز مەولود چاوش ئۆغلوی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی بەغدا و هەولێر بکات، لەپێناو زیادکردنی پشکی هەناردەی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە بۆریی تورکیادا بۆ بازاڕەکانی جیهان، هەروەها هەناردەی نەوتی کەرکووك بە ڕێی بۆریی کوردستان بۆ تورکیا، بەڵام ئەو هەموو شتانە پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ کە بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق پەیڕەوی دەکات و چوونە نێو جەمسەری ئەمریکاوە، نەك ئێران، بە پێچەوانەوە عێراق دەباتە نێو گێژاوی کاولکاری و کارەساتەوە، ئەمەش وا لە ئەمریکا دەکات ستراتیجیەتی خۆی لە عێراق بگۆڕێت.

لەبەر رۆشنایی ئەم گۆڕانکارییانەدا دەتوانین دەرفەتێك رەچاو بکەین بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و بەتایبەتیش کێشەی کەرکووك.


پێویستە هەوڵبدەین لەپێناو رەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ پێکەوەژیانی نێوان هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق و گەلی کوردستان، هەروەها پەرەپێدانی ئابووری و هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، هاوکات بەهێزکردنی حکومەتی هەرێم و فیدراڵ و دەرکردنی هەموو میلیشیا و هێزە نانیشتمانییەکان لە کەرکووك تا خەڵکەکە لە هێمنی و ئاسوودەییدا بژین، دیارە بێ ئەم رێکارانەش نە ئاسایش و نە سەقامگیری و نە بووژانەوەی ئابووری لە کەرکووك دێنەئاراوە.

**تاکە زەمانەتی چارەسەری کێشەی کەرکووک دەستووری عێراقە بە ماددەی (١٤٠)، بەڵام کارکردن بە پرۆژە دەرەکییەکان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات**



# پێگەی هاووڵاتی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی سەرکەوتوودا






**«ئەوەی بۆتە جێگەی سەرسوڕمانی زۆرم، ئەوەیە کە ئێستا هونەر تەنیا پەیوەندیدارە بە شتەکانەوە، نەک بە ژیان و تاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵام ئایا نابێت ژیانی هەر تاکێک تابلۆیەکی دەگمەنی هونەری بێت؟ بۆچی دەبێت چرایەک، یان خانوویەک دوو بابەتی هونەر بن، بەڵام ژیانی خۆمان بابەتێک نەبێت بۆ هونەر؟»**

**میشێل فۆکۆ**

**هۆبز شەرعییەتی ئەژدیها (لیڤاسان) دەداتە دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو توانایەی هەبێت هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە لابەرێت، کە دەبنە هۆکاری (پاشاگەردانی و شەڕ و پەرتەوازەیی) لە ناو کۆمەڵگەدا**

ئەگەر سیاسەت وەك هونەر پێناسە بکرێت و، ئامانجی ئەم هونەرەش هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە هاتبێتە بوون کە ژیانی رۆژانەی خەڵك بکاتە تابلۆیەکی دەگمەن کە خۆشگوزارنیی هاووڵاتی و تاك لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەرجەستە بکاتەوە، ئەوا پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی سیاسەت لە ئێستادا ئەو توانایەی نەماوە کە خۆشگوزەرانیی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتی لە چوارچێوەی پرۆسەی حوکمڕانی ناو دەوڵەتدا دووبارە بەرجەستە بکاتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر عەبدولسەلام بنعەبدعالی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (فەلسەفە هونەرە بۆ ژیان)، لە دەستپێکدا بەو گوتەیەی میشێل فۆکۆ دەستی پێکردووە کە بایەخی هونەر، بە گرنگیی ژیانی تاك و هاووڵاتی لە کۆمەڵگە گرێ دەداتەوە. دیارە لە وەڵامی ئەم سەرسوڕمان و پرسیارەی فۆکۆدا، عەبدعالی هەوڵیداوە جارێکی دیکە (فەلسەفە وەك هونەر بۆ ژیان) پێناسە بکاتەوە، بەڵام ئەم پێناسەکردنەوەیە ئەو پرسیارە دروست دەکاتەوە: چۆن فەلسەفە دەبێتە هونەرێك بۆ ژیان؟ لەم حاڵەتەشدا پێمان دەڵێت: کاتێك فەلسەفە دەبێتە هونەرێك بۆ ژیان کە تیایدا گوتاری فەلسەفی هۆشیارییەك بێت بۆ شێوەی ژیانێکی شایستە لە ناو کۆمەڵگەدا، لەم دەروازەیەوە گوتەیەکی دیکەی شۆپنهاوەر- هەیە کە دەڵێت: «گرنگی و بایەخی فەیلەسوف ئەوەیە پێشەنگ بێت، کەسی پێشەنگیش دەبێت بتوانێت رێگەی ژیانێکی شایستە و پراکتیکی بدۆزێتەوە، نەك لە رێگەی نووسین و کتێبەکانیەوە، ئەمەش واتە دەبێت بە هەمان رێگەی کە فەیلەسوفەکانی یۆنان لێی فێربوون، بە رێگەی رەفتارەکانی و ئاکامی رەفتارەکانی بناسرێتەوە، نەك بە رێگەی ئەوەی دەیلێت، یان تەنانەت ئەوەشی کە نووسیویەتی..»

لە وردەکاریی ئەم بیرکردنەوە قووڵەدا بۆ



پێکەوە گرێدانەوەی (فەلسەفە وەك هونەر بۆ ژیان) و جیاکردنەوەی (فەلسەفە و گوتاری فەلسەفی)، ئەوا راشکاوانە هەڵکۆڵینێکی ئەرکیۆلۆژییانەی بۆ جیاکردنەوەی کردووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو فەیلەسوفانەی توانیویانە وەك (سوکرات و دیوجین) فەلسەفە بگۆڕن، هۆشیاری بە شێوازی ژیانی شایستەی کۆمەڵگە، ئەوان بەوە جیادەکرێنەوە کە (فەلسەفە و گوتاری فەلسەفی)یان لێك جیاکردۆتەوە، هەر بۆیە ئەگەر (لۆژیك و ئاکار و سرووشت) سێ بەشی گرنگی هەر گوتارێکی فەلسەفی پێکبهێنن، ئەوا فەلسەفە لە دیدی ئەوانەوە دەبێتە (هۆشیاری بە شێوازی ژیانی شایستە بۆ کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی تێڕوانینی باڵا بۆ لۆژیك و ئاکار و سروشت).

ئەم بنەمایە کە هەوڵێکە بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی (فەلسەفە و سیاسەت) وەك ئامرازێك بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی لە ناو کۆمەڵگەدا، بەردەوام بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، سیاسەتیش هاوشانی فەلسەفە، وەرچەرخان و بەرەوپێشەوەچوونی بە خۆیەوە بینیوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەرستۆتالیس-یش، (سیاسەت)ی وەك بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ خۆشگوزەرانی و رێکخستنی ژیانی دەوڵەتە شاری یۆنانی پێناسە کردبێت، ئەوا لە قۆناخەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتی و لەگەڵ دەستپێکی قۆناخی رێنیسانس لە ئەورووپا، فەیلەسوفەکان بەگشتی و تۆماس هۆبز بەتایبەتی، رێکخستنی ژیان و گوزەرانیی هاووڵاتییان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە چەند مەرجێك پابەند کردووە کە دەبێت ئەو هزرەی دەوڵەت هەڵدەسووڕێنێت توانای ئەوەی هەبێت (کۆتایی بە شەڕ بهێنێت و ئاشتەوایی لەناو کۆمەڵگە دابین بکات، نەبوونی سیستەم و پاشاگەردانی ناو کۆمەڵگە بگۆڕێت بۆ سیستەم و سەقامگیری، پەرت و بڵاو و

**کێشەی هەرە گەورە لە پرۆسەی حوکمڕانی دەوڵەتانی خاوەن ئەزموون لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا، ئەو حاڵەتەیە کە حزبە سیاسییەکان لە پرسی نوێنەرایەتیکردنی دەنگدەرانیان شکست دەهێنێن و ناتوانن بە شێوەیەکی راست و دروست نوێنەرایەتیی خەڵکەکەی خۆیان بکەن**

**ئەگەر لە پرۆسەی دانوستاندن بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنیانی حکومەت، حزبە سیاسییەکان بەو ئاستە ئاستەنگ بن لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتدا، ئایا کاتێک ئەم حکومەتە پێکدەهێندرێت و هەوڵدەدات بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، چ ئاستەنگ و بەربەستێک لەبەردەم جێبەجێکردنیان دروست دەکرێت؟**

**دەبێت حزبی فەرمانڕەوا کە ئەرکی سەرەکیی پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی دەکەوێتەسەرشان، بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر پێگەی هاووڵاتی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا بکاتەوە هەتا حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی هەبێت**

دابەشبوونی کۆمەڵگە بگۆڕێت بۆ یەکریزی و پەیوەندیی پتەوی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت)، ئەوجا بۆ ئەوەی دەوڵەت ئەو توانایەی هەبێت، ئەوا هۆبز شەرعییەتی ئەژدیها (لیڤاسان) دەداتە دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەو توانایەی هەبێت هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە لابەرێت، کە دەبنە هۆکاری (پاشاگەردانی و شەڕ و پەرتەوازەیی ) لە ناو کۆمەڵگەدا.

ئەم بیرکردنەوە بەرزەی هۆبز، بووە بەردی بناخە بۆ دروستبوونی (بەریتانیای مەزن) ئەو وڵاتەی دەسەڵات و سنووری بەو ئاستە فراوان بوو کە پێی بڵێن: «ئەو وڵاتەی خۆری لێ ئاوا نابێت»، بەڵام مەزنیی بەریتانیا تەنیا لەوەدا بەرجەستە نابێت کە بتوانێت هەردوو ئۆقیانووسی ئارام و ئەتڵەسی لە چوارچێوەی یەك دەسەڵاتدا کۆبکاتەوە، بەڵکو مەزنیی بەریتانیا لە شێوازی حوکمڕانی و وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ خواست و پێداویستیی هاووڵاتیانی بەرجەستە دەبێتەوە، ئەمە بووە بنەما بۆ شێوازی (دەوڵەتی دووەم) کە جۆن لۆك ناوی لێنا: «حوکمڕانی، یان حکومەتی مەدەنی». لۆك چەند گۆڕانکارییەکی گرنگی لە دەوڵەتی (لیڤاسان) ئەنجامدا، دیارترینیان ئەوە بوو کە دەسەڵاتی پادشا دەبێت بە یاسا دیاری بکرێت، هەروەها ئەندامانی حکومەتیش دەبێت (خزمەتکاری کۆمەڵگە) بن، راشکاوانەتر، دەبێت میللەت پارە بە ئەندامانی حکومەت بدات، لەبەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات، ئەم هزرە بەرزەشی لەناو تیۆرێکدا تیۆریزە کرد و رایگەیاند: «بەبێ باجدان نوێنەرایەتی بوونی نییە». بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە: ئەو ئەندامانەی ناو پرۆسەی حوکمڕانی کە بە حیساب دەبێت وەك (خزمەتکار) لەبەرامبەر ئەو پارەیەی هاووڵاتیان بە شێوەی (باجدان) دەیاندایە حکومەت، ئایا ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکرد، هاوتای ئەو باجە بوو کە هاووڵاتیان دەیاندا؟ بێگومان نەخێر، هەر بۆیە بیرۆکەی (دەوڵەتی خۆشگوزەران) سەریهەڵدا، لەم مودێلەی دەوڵەتیشدا، چەند هەڵەیەکی گەورەی دەوڵەتی (حوکمڕانی مەدەنی ) راستکرایەوە، کە گرنگترینیان ئەوە بوو کە ڕێژەی باجدانی کەم کردەوە و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی بەرز کردەوە. ئەم مۆدێلە تازەیەی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە لەسەرەتادا بیرۆکەی بسمارك بوو، بۆ ئەوەی کرێکارانی ئەڵمانیا ئینتیمایان بۆ ئەڵمانیا هەبێت و نەبنە شوێنکەوتووی بیری ئەنتەرناسیۆنالیستی مارکسی، بووە شێوازی دەوڵەت لە تەواوی رۆژئاوادا و توانی لە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵدا (١٨٧٠-١٩٧٠) خوشگوزەرانیی شایستە بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات و ببێتە چوارچێوەیەکیش بۆ سەرجەم داهێنانەکانی مرۆڤایەتی لەسەر دەستی هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەی کە مۆدێلی (دەوڵەتی خۆشگوزەران)یان پیادە کردبوو.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەگەڵ ئەوەی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی دەستی پێکرد، ئەمەش بەو مانایەی چەندین دەوڵەتی دیکەش لە ئەورووپا وەك: (ئیسپانیا، پۆرتوگال و یۆنان) کۆتاییان بە سیستمی سەربازی و دیکتاتۆری هێنا و بەرەو (دەوڵەتی خۆشگوزەران) وەرچەرخان، بەڵام لە هەمانکاتدا حەفتاکانی سەدەی رابردوو سەرەتای سەرهەڵدانی، کەموکورتیی زۆر جددی لەم مۆدێلەی دەوڵەتدا، یان لەم شێوازەی حوکمڕانیدا هەبوو، ئەو کەموکورتییانەش ببوونە سەرەتای دروستبوونی بۆشایی لە نێوان هاووڵاتیی و پرۆسەی حوکمڕانیدا، ئەوجا لەبەر ئەوەی مۆدێلی (دەوڵەتی خۆشگوزەران ) ببووە فاکتەری چالاکی و بەشداری و پەیوەندیی پتەوی نێوان هاووڵاتی و پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەت و ئەمەش ببووە فاکتەرێك بۆ ئەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی بازنەی شێوازی (دەوڵەتی خۆشگوزەران) کۆی دەکردنەوە، ببوونە دەوڵەتی پیشەسازیی پێشکەوتوو، هەر بۆیە کەموکورتییەکانیش بە شێوەیەکی لێکچوو، لە دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوا سەریهەڵدابوو. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا بیرمەندانی تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا رێگەچارەیەکیان بۆ ئەو کەموکورتییانە نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکرێت؟ بێگومان لەسەر ئاستی زۆربەی دەوڵەتانی

ڕۆژئاوا بەگشتی و لەسەر ئاستی بیرمەندانی (ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی ) هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەو کەموکورتییانەوە، جەدەلێکی گەورە لەسەر ئەم پرسە دروست بووە و زۆر بە وردییش دەستنیشانی کەموکورتییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان بۆ دیاریکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی و تەواوی ئەو حزبە سیاسییانەشی بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان هەڵدەبژێردرێن و بە حیساب دەبێت نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی ئەو خەڵکە بکەن کە دەنگی پێداون، پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەت وەردەچەرخێنن بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەك (Marketisation) ئەمەش بەو مانایەی لەبری ئەوەی لەناو پرۆسەی حوکمڕانیدا بیر لەوە بکرێتەوە چۆن ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن، بیر لەوە دەکەنەوە وەك ئەوەی بیرمەندی ئەمریکی دەڵێت: (بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن فێڵ لە کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی بکەن). ئەمەش مانای ئەوەیە حزبی سیاسی نوێنەرایەتیی راستەقینەی دەنگدەرانی ناکات و سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و کەموکورتییەکانی ئەو خەڵکە ناکات کە دەنگیان بە بەرنامەکەی داوە، ئەمەش وا دەکات حزبەکان بە ئاراستەیەك بیر دەکەنەوە و خەڵك بە ئاراستەیەکی دیکە، هەر بۆیە پرۆسەی حوکمڕانی ڕەنگدانەوەی ئەو کۆنتراکتە کۆمەڵایەتییە نابێت کە هاووڵاتیان بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان دروستیان کردووە و سەرەنجامیش ناهاوسەنگییەکی ئەوتۆ لە ناو پرۆسەکە دروست دەکات، کە نە حکومەت دەتوانێت خزمەتگوزاریی پێویست پێشکەشی هاووڵاتیانی بکات، نە هاووڵاتیانیش ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆیان دەزانن.

ئەم حاڵەتە کە ئێستا دیاردەیەکی گشتی و باوە لەسەر ئاستی جیهان، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کێشەی هەرە گەورە لە پرۆسەی حوکمڕانی دەوڵەتانی خاوەن ئەزموون لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا، ئەو حاڵەتەیە کە حزبە سیاسییەکان لە پرسی نوێنەرایەتیکردنی دەنگدەرانیان شکست دەهێنێن و ناتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نوێنەرایەتیی خەڵکەکەی خۆیان بکەن، ئەوجا ئەگەر ئەم پرسە بۆ دەوڵەتانی خاوەن ئەزموون لە دەوڵەتداریدا بەو ئاستە جێگەی مەترسی بێت و مەزندەی شکستی پرۆسەی حوکمڕانی لێ بخوێندرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە: دەبێت حزبە سیاسییەکان چ ئاستەنگ و کێشەیەکی گەورە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دروست بکەن لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی وەك هەرێمی کوردستان؟ ئەم پرسیارە کە لە ئێستادا و پێش ئەوەی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابسپێردرێت بۆ ئەوەی لە ماوەی یاساییی خۆیدا پێکبهێندرێت، دەبینین حەوت مانگ بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە حکومەت پێکبهێندرێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر لە پرۆسەی دانوستاندن بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، حزبە سیاسییەکان بەو ئاستە ئاستەنگ بن لەبەردەم پێکهێنانی حکومەتدا، ئایا کاتێك ئەم حکومەتە پێکدەهێندرێت و هەوڵدەدات بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، چ ئاستەنگ و بەربەستێك لەبەردەم جێبەجێکردنیان دروست دەکرێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە وەك تەواوی بیرمەندانی جیهان بە شێوازی جیاواز هەڵوەستەیان لەسەر کردووە و ڕێگەچارەی جیاوازیشیان بۆ داناوە، خاڵی جیاوازی نێوان کۆی شێواز و چارەسەرە جیاوازەکان لەو خاڵەدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، بەوەی دەبێت حزبی فەرمانڕەوا کە ئەرکی سەرەکیی پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتی دەکەوێتەسەرشان، بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، پێگەی هاووڵاتی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا چەند گرنگە بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو، لەم حاڵەتەشدا کە بێگومان ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە ناو تیۆریزەکردنی خواستەکانی خەڵکدا، مارکێتینگ بۆ ئامانجە حزبییەکانی خۆیان دەکەن، هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی حزبی فەرمانڕەوا سەرکەووتوو نەبێت، بەڵام دیسان پێداگریی حزبی فەرمانڕەوا لەسەر پێگەی هاووڵاتی و بەشداریی هاوڵاتی لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی سەرکەوتوودا، هەوڵی حزبەکان بۆ پرۆسەی بە کۆمپانیاکردنی حوکمڕانی شکست پێ دێنێت و پرۆسەکەش دەکەوێتە سەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی.

**ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە ناو تیۆریزەکردنی خواستەکانی خەڵکدا، مارکێتین بۆ ئامانجە حزبییەکانی خۆیان دەکەن، هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی حزبی فەرمانڕەوا سەرکەوتوو نەبێت**

**پێداگریی حزبی فەرمانڕەوا لەسەر پێگەی هاووڵاتی و بەشداریی هاوڵاتی لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی سەرکەوتوودا، هەوڵی حزبەکان بۆ پرۆسەی بە کۆمپانیاکردنی حوکمڕانی شکست پێ دێنێت و پرۆسەکەش دەکەوێتە سەر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی**

ئەندریۆ وایت هێد

تایبەتمەند لەبواری رەگی هاوبەشی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم بۆ گوڵان:

# ترەمپ بە گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانی گەیشتە کۆشکی سپی و لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووشدا ئەو گوتارەی درێژەی دەبێت

## ترەمپ نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی ئایینی کریستیانی بکات، بەڵام توانیویەتی بیسەلمێنێت لە بواری سیاسیدا بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت

دەرهاویشتە خراپ و کەڵەکەبووەکانی تەنگژەکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە سەرانسەری جیهاندا، جیا لەوەی تەنگژەیەکی گەورەی ئەوتۆی بۆ سیستمی جیهانی دروستکردووە کە بۆتە نزیک لە مەحاڵ بۆ ئەوەی سیستمی نوێی جیهانی بتوانێت کێشەکانی ئێستای جیهانی پێ چارەسەر بکرێت، ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتانی جیهان بە گشتی و دەوڵەتە زلهێزەکان بیر لە دووبارە بونیادنانەوەی سیستمێکی تازە بۆ ئێستای جیهان بکەنەوە، لە هەمانکاتدا لە سەر ئاستی لۆکاڵیی دەوڵەتەکانیش تەنگژەیەکی گەورە لەسەر ئاستی تێگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ چەمکەکانی (فرە کولتووری، پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن.. هتد) دروست بووە. لەسەر بنەمای ئەو تەنگژەیەی کە چەند ساڵێکە بوونی هەیە و لە ئێستاشدا بەردەوامی هەیە، بەشێك لە پسپۆڕان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، خەڵکی دەوڵەتانی رۆژئاوا لە سەرەنجامی بێ ئومێدبوونیان لە سیستمی حوکمڕانیی لیبراڵ دیموکراتی و پارتە سیاسییەکان، بەرەو سەرکردەی پۆپۆلیستی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی هەنگاویان هەڵگرتووە، بەڵام ئەم پرسە لق و پۆپ و رەهەندی زۆری هەیەو تەنیا گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم، یان دەنگدان بە سەرکردەیەکی

## دیمانەی تایبەت



پۆپۆلیستی نییە، بەڵکو پرسەکە پەیوەستە بە مینتالیەتی کریستیانی لە رۆژئاوا و خاڵی هاوبەش کە پێکەوە گرێیان دەداتەوە، ئەوەیە کە رۆژئاوا بە شێوەیەکی گشتی خۆی وەك نەتەوەیەکی کریستیانی پێناسە دەکات، نەك چەندین نەتەوەی جیاوازی هاوبەش لە ئایینی کریستیانیدا، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم وەك رێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك و دووبارە زیندووکردنەوەی چەمکی ناسیۆنالیستی کریستیانی لە گوتاری سیاسیی ئێستای ئەمریکادا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د. ئەندریۆ وایت هێد ئەنجامدا، کە یاریدەری پڕۆفیسۆرە لە بواری سسیۆلۆژی لە زانکۆی کلیمسۆن و تایبەتمەندە لە بوارەکانی ئایین و ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیستی کریستیانی و، لە توێژینەوەکانیدا زۆر بایەخ بە پەیوەندیی قووڵ و ریشەیی نێوان ئایین و ناسیۆنالستی دەدات، جەختیش لەسەر کاریگەری ئایین لە سەر پێکهاتەی کولتوورە جیاوازەکان و کاریگەریی کولتوورە جیاوازەکان لەسەر ئاراستەکردنی ئایین دەکاتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگانە، د. ئەندریۆ بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانی ئامادەبوونێکی زۆری لە کولتووری ئێستای ئەمریکادا هەیە، لەبەر ئەوەی چاوگی ئەم گوتارە لەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناو کۆشکی سپیدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە**

**ژمارەیەکی بەرچاوی ئەمریکییەکان زۆر بە توندی پێشوازیکردن لە ناسیۆنالیستی کریستیانی ڕەتدەکەنەوە و گەشەکردنی بە پێویست نازانن**

*** هەست دەکرێت لە ئێستادا شەپۆلێکی گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە، بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونتان لەسەر ڕیشەی ئەم ژیانەوەیەی ناسیۆنالیزمە چییە، بەتایبەتیش سەبارەت بە دووبارە گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیستی کریستیانی؟**

- کاتێك لە میانەی توێژنەوەکانمانەوە سەیری ناسیۆنالیستی کریستیانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ئەمریکییەکان لەسەر پرسی ناسیۆنالیستی کریستیانی بە شێوەیەکی ڕێژەیی پێی پابەند بوون، پێموایە ئەوەی گۆڕانکاری تێدا ڕوویداوە کە لەم ئیدارەیەدا دۆناڵد ترەمپ لە پۆستی سەرۆکدایە، ئەوەیە زمانی چەمکی نەتەوەی کریسیتان زیاتر و بە شێوەیەکی دووبارەبوونەوە، زیاتر لە ئیدارەی ئۆباما باسی لێوە دەکرێت. بۆیە لەم دەرەنجامە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم گوتارە (ناسیۆنالیستی کریستیانی) ئامادەبوونێکی زۆری لە کولتووری ئێستای ئەمریکادا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی چاوگی ئەم گوتارە لەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناو کۆشکی سپیدا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئەمەش بە بڕوای من بۆتە هۆکاری ئەوەی خەڵك زیاتر بیری لێ بکاتەوە و هەستی پێ بکات. هەربۆیە کاتێك سەیری خودی ئەمریکییەکان دەکەین، هەست دەکەین بە شێوەیکی ڕێژەی کاردانەوەیان بەرامبەر ئەم چەمکە سەقامگیرە، هەروەها ژمارەی ئەو ئەمریکییانەش کە پابەند و ڕازین بە چەمکی ناسیۆنالیستی کریستیان ئەوانەن کە بە شێوەیەکی گشتی لەوێن.

*** کەواتە دەبێت پرسیارەکە بەو شێوەیە بکەین: ئایا شرۆڤەتان بۆ دەرهاویشتە کەڵەکەبووەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ژیانەوەی ناسیۆنالیستی کریسیتان لەسەر ئەمریکا چییە؟ بە تایبەتی کە ئیدارەی ترەمپ بە شێوەیەکی تایبەتی بەم ئاراستەیە سیاسەت دروست دەکات؟**

- پێموایە دەرهاویشتەکانی ئەم ئاراستەیە بە ڕاستی گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ناسیۆنالیزمی کریستیانی، یان وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئاستی باوەشگرتنەوەی ئەمریکییەکان بۆ ئەم چەمکە و سیاسەتی گشتی ئێمەیە و، دەبێت لەوە تێبگەین کە مێژووی ئێمە کریسیتانە، بۆیە لەم ڕاستەوە دەبێت زۆر بە بەهێزی ئاگاداری چۆنیەتی دەنگدانی خەڵك بین و بزانین ئەو خەڵکە دەنگ بە کێ دەدات؟ چۆن سەیری کەمینە ئایینییەکانی دیکە دەکەن؟ چۆن سەیری کەمینەی ئیتنی و ڕەگەزی دیکە دەکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زۆر بە جددی هۆشیارمان دەکاتەوە سەبارەت بە بیروبۆچوونیان سەبارە بە خێزان و یەکسانیی جێندەریی نێوان هەردوو ڕەگەز، هەروەها هۆشیارمان دەکاتەوە سەبارەت بە بیروباوەڕیان بەوەی دەبێت خەڵك چۆن ڕێز لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگرێت. لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی بەرچاوی ئەمریکییەکانیش زۆر بە توندی پێشوازیکردن لە ناسیۆنالیستی کریستیانی ڕەتدەکەنەوە و گەشەکردنی بە پێویست نازانن، ئەم ئاراستەیەش هەتا ئێستا ئاماژەیەکی گرنگە سەبارەت بەوەی ئەمریکییەکان چۆن سەیری جیهان دەکەن و چۆن تێکەڵاوی سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبن؟ هەروەها مەزندە و هەستکردنێکی گەورەیە لەسەرووی تێگەیشتنیان بۆ ئایین و سیاسەتیان، یان هەر شتێکی دیکە کە دەبێتە دەربڕی ئەوەی ئەمریکا نەتەوەیەکی کریستیانە، بە ڕاستی ئەمەش گرنگە.

*** ئایا پێتوایە سەرۆك ترەمپ بڕوایەکی قووڵی بە ناسیۆنالیستی کریستیانی هەیە، یان تەنیا بۆ فراوانکردنی بنکەی جەماوەریی خۆی بەکاری دەهێنێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە. بەڵێ، منیش پێموایە بۆ ئامانجی دووەم ئەم چەمکە بەکار دەهێنێت، بەڵام لە باری واقیعدا و بۆ من وەك زانایەکی کۆمەڵناس کە پشت بە داتای بەردەست دەبەستێ، زۆر قورسە ئەمە بڵێم، بۆیە من نازانم بیروباوەڕی ترەمپ چییە؟ هەر بۆیە پێموایە لانیکەم ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن، هەست دەکەن کە گوتاری ناسیۆنالیستی کریسیتانی سەبارەت بە ئەمریکا وەك نەتەوەیەکی کریستیانی چەند بەهێزە، ئەوان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە شتێك کە بتوانێت گرووپە جیاواز و پەرت و بڵاوەکان بە هۆکاری جیاواز

کۆبکاتەوە، گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانە کە ئەمریکا وەك نەتەوەیەکی کریستیان پێناسە دەکاتەوە، بەڵام تا راددەیەکی زۆر ئەمەیان بە خراپی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاتری هەبێت، هەر بۆیە بۆ من ئەوە زۆر گرنگ نییە هەوڵی ئەوە بدەم، ئایا ترەمپ بڕوای بە ناسیۆنالیستی کریستیانی هەیە، یان نە؟ بەڵام راستییەکەی ئەوەیە ئەو ئەم گوتارە بەکاردەهێنێت و زۆرێك لە ئەمریکییشەکانیش بڕوایان پێیەتی. ئەم واقیعەش بە راستی گرنگە.

*** ئایا دەکرێت بڵێین: هەڵکشان، یان ژیانەوەی ناسیۆنالیستی کریستیانی لە چوارچێوەی هەڵکشان و ژیانەوەی چەمکی ناسیۆنالیستە لە سەرانسەری جیهاندا؟ ئایا جیاوازی نێوان ئەم دوو ئاراستەیە چییە؟**

- من تەنیا تایبەتمەندم لە دیراسەتی کەیسی ئەمریکا، بۆیە هەندێك دوودڵم لەوەی کە باسی سەرانسەری جیهان بکەم، ئەمە وێڕای ئەوەی کە زانا کۆمەڵناسەکان کاری زۆر گەورەو باشیان کردووە لەسەر دیاردەی پۆپۆلیزم و ناشناڵیزم لە سەرانسەری جیهان و ئەمریکاشدا، بەڵام پێدەچێت هەندێك بابەتی هاوبەش لەنێوان ئەو خەڵکانە هەبێت کە لە وڵاتە جیاوازەکان دەژین، یان وەرچەرخانی کولتووریی دەورووبەریان، هەروەها کۆمەڵێك گۆڕانکاریی هەمەچەشن لە ئابووریدا گەشەی کردووە، بۆیە لە واقیعدا ئەمە وەرچەرخانانە بوونە هۆکاری دەرکەوتنی چەندین جۆری جووڵانەی ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵکی بەرەو ئەوە دەچن کە مانایەك بەو گۆڕانکارییانە بدەن کە لە جیهانی دەورووبەریان روودەدات، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەم دیاردەیە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین، راستە، بۆیە پێموایە لە سەرانسەری جیهاندا رووی لێکچووی هەیە.

*** ئەوەی چەمکی کریستیانی ناسیۆنالیستی دەریدەبڕێت، ئاشکرایە، بەڵام ئایا دەتوانین ئەوە ببینین کە ئاراستەی ناسیۆنالیستی و ئایین لە ئەمریکا بە شێوەیەکی قووڵ و ریشەیی تێکەڵاو بوون و لە ئێستا ناتوانرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە؟**

- بەڵێ، من پێموایە ناسیۆنالیزم و ئایینی کریسیتانی بە شێوەیەکی قووڵ و ریشەیی تێکەڵی یەکتری بوون، هەروەها زۆرێك لە ئەمریکییەکان بەوجۆرە کریستیانیەت دەبینن کە بە شێوەیەکی زۆر توند تێکەڵی مێژووی نەتەوەیی ئێمە بووە، هەر بۆیە ئەو رێگەیەی کە ئێمە لەخۆمان تێگەیشتووین، ئەوجا ئەم رێگەیە راست بێت، یان هەڵە، ئەوەیە مێژوونووسەکان وەك راستییەك موناقەشە لەسەر ئەم پرسە دەکەن. لەسەر پرسی ئەم تێکەڵاوییەش جیاوازییەکی زۆر بچووك هەیە، سەبارەت بەوەی چەند کریستانیەت بۆ میراتی کولتووریی ئەمریکا گرنگە، هەروەها پێموایە کەسانێك سەرکەوتوو بن لەسەر سەلماندنی ئەم پرسە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی زۆرێك لە ئەمریکییەکان باوەڕیان پێی بێت، ئەوجا ئەمە راست بێت، یان نە، بۆیە دووبارە مەزندەی ئەوە دەکەم کە پرسەکە هەر ئەوەندە نییە کە گرووپێکی گەورەی ئەمریکی هاوبەش لە چەند تایبەتمەندییەکدا بەو جۆرە رەفتار بکەن، ئەمەش کلیکی راستەقینەی کێشەکەیە.

*** ئایا لەو بڕوایەدایت کە پێشوازیکردن لە فۆرمی ناسیۆنالیستی کریسیتانی کاریگەری بەسوودی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا دەبێت؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە کاریگەری خۆی دەبێت و کاریگەری زۆریشی دەبێت، جارێکی دیکە پرسەکە ئەوەیە، خەڵك چۆن سەیری گرووپە کەمینەکانی ئایین و رەگەز و ئیتنیەکانی دەوروبەری خۆی دەکات؟ چۆن بیر لە یەکسانیی جێندەی نێوان هەردوو رەگەز دەکاتەوە؟ هەموو ئەم پرسانە زۆر بە توندی پێکەوە گرێ دراون بەو شێوازەی ئەمریکییەکان سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پێ دەکەن، بەوەی ئایا بەو شێوەیە بیردەکەنەوە نەتەوەیەکی کریسیتانن یان نە، ئەمەش پێمان دەڵێت، ئەوان بە چ شێوازێك سەیری جیهانی دەورووبەری خۆیان دەکەن.

*** ئایا لەو بڕوایەدایت کە پێشوازیکردن لە ئاراستەی فۆرمی ناسیۆنالیستی (ناسیۆنالیستی کریستیانی)، دەبێتە هۆکاری جیاکاری دژی ئایین و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکە؟**

**ناسیۆنالیزم و ئایینی کریسیتانی بە شێوەیەکی قووڵ و ریشەیی تێکەڵی یەکتری بوون، هەروەها زۆرێک لە ئەمریکییەکان بەوجۆرە کریستیانیەت دەبینن کە بە شێوەیەکی زۆر توند تێکەڵی مێژووی نەتەوەیی ئێمە بووە**

**کریستیان کاتێک هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر کەمینە ئایینییەکان و ئایینەکانی دیکە پیشان دەدەن، ترس و گومانێکی زۆری پێوە دیارە، ئەوان ئایینەکانی دیکە وەک هەڕەشە بۆ سەر خۆیان سەیر دەکەن، کەمتر گشتگیرانە سەیری ئایینەکانی دیکە دەکەن**



- بەڵێ، ئەو ئاکامەی دەبێت، ئێستا دەبینین ئەمریکییەکان پێشوازی لە ناسیۆنالیستی کریستیانی دەکەن، کاتێك باسی ئازادیی ئایینی دەکرێت، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی باسی خۆیان دەکەن وەك کریستیان و کریستیانەکانی دیکە و دابونەریتی کریستیانی کاتێك هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر کەمینە ئایینییەکان و ئایینەکانی دیکە پیشان دەدەن، ترس و گومانێکی زۆری پێوە دیارە، ئەوان ئایینەکانی دیکە وەك هەڕەشە بۆ سەر خۆیان سەیر دەکەن، کەمتر گشتگیرانە سەیری ئایینەکانی دیکە دەکەن.

*** ئایا لەو بڕوایەدایت کە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵکشان و سەرکەوتنی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی ئەو ئاراستە دیاریکراوە بوو کە پشتگیری لێ کرد؟**

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەو ئاراستەیە پشتگیرییەکی گەورە بوو بۆ ترەمپ بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك و بگاتە کۆشکی سپی، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا بۆچوونی دیکەش هەیە کە پێیان وایە ئەم پرسە تەنیا هۆکار نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی پابەندبوونی ئەمریکییەکان بە ناسیۆنالیستی کریستیانەوە بەهێزترین ئاماژە بووە بۆ ئەوەی دەنگ لە بەرژەوەندیی ترەمپ بدەن، هەر بۆیە ئەو ئەمریکییانەی بەو جۆرە سەیری ئەمریکا دەکەن کە نەتەوەیەکی کریستیانە، زۆر مەیلی ئەوەیان هەبووە کە دەنگ بە ترەمپ بدەن، بەڵام لەگەڵ هەمووو ئەمانەشدا هەندێك پرس هەن وەك (تەمەن، جێندەر، ڕەگەز، ئایین، پارتی سیاسی) کە پرسی گرنگن و دەبێت لەبەر چاو بگیرێن.

*** ئایا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتووی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، پرسی ناسیۆنالیستی کریستیانی، هۆکارێکی یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

- بەڵێ، من وای دەبینم، هەروەها ئێستاش ئەو بڕوایەم هەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦دا ئەم پرسە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕاوە، لەمەش زیاتر لەماوەی ئەو دوو ساڵ نیوەی ئیدارەی ترەمپدا، بەشێوەیەکی ڕۆتینی پشتی بە گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانی بەستووە، پێشموایە ئەمە درێژەی دەبێت لە هەڵبژاردنی داهاتووشدا و لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داهاتوودا ترەمپ وەك ئەو تەنیا کەسە خۆی دەخاتەڕوو کە تەنیا ئەو بەرگری لە میراتی کریستیانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ ئەوەی دووبارە هەڵبژێردرێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ ئەنجامیدا، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ دووبارەی دەکاتەوە، بۆیە پێموایە ئەم پرسە لە ساڵانی داهاتوودا زۆر گرنگ دەبێت.

*** ئایا لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، هیچ سەرۆکێکی دیکە هەبووە کە چەمکی ناسیۆنالیستی کریستیانی بەکارهێنابێت، یان پشتی پێ بەستبێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە پرسیارێکی گرنگ و گەورەیە، بەڵێ، ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پەنابردنی ترەمپ بۆ ئەم چەمکە شتێکی تازە نییە، پێشتریش هەر یەك لە (جۆرج دەبلیو بوش، جۆرج ئێچ دەبلیو بوش، ڕۆناڵد ریگان) باسی ئەوەیان کردووە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەتەوەیەکی کریستیانە، هەر بۆیە پێموایە

**ئەو ئەمریکییانەی بەو جۆرە سەیری ئەمریکا دەکەن کە نەتەوەیەکی کریستیانە، زۆر مەیلی ئەوەیان هەبووە کە دەنگ بە ترەمپ بدەن، بەڵام لەگەڵ هەمووو ئەمانەشدا هەندێک پرس هەن وەک (تەمەن، جێندەر، ڕەگەز، ئایین، پارتی سیاسی) کە پرسی گرنگن و دەبێت لەبەر چاو بگیرێن**

**پێشتریش هەر یەک لە (جۆرج دەبلیوو بوش، جۆرج ئێچ دەبلیو بوش، ڕۆناڵد ریگان) باسی ئەوەیان کردووە کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەتەوەیەکی کریسیتانە**

**ترەمپ لەسەر ئاستی کەسێتی خۆی تا ئاستێکی زۆر نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی ئایین و باوەڕی کریستیانی بکات، بەڵام هەتا ئێستاش تەبەنیی گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانی دەکات، بۆ ئەوەی هێزی خۆی پیشان بدات**




ئەوەی لەگەڵ ترەمپ جیاوازە، ئەوەیە ترەمپ لەسەر ئاستی کەسێتیی خۆی تا ئاستێکی زۆر نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی ئایین و باوەڕی کریستیانی بکات، بەڵام هەتا ئێستاش تەبەنیی گوتاری ناسیۆنالیستی کریستیانی دەکات، بۆ ئەوەی هێزی خۆی پیشان بدات، لەمەشدا کریستیانەکان ئەوە بە پێویست نازانن کە بەو جۆرە سەیری ئەو کەسە بکەن کە نوێنەرایەتیی ئایینی کریستیانی دەکات، یان نە، بەڵکو ئەوەی لای کریستیانەکان گرنگە، ئەوەیە کە ئەو کەسەی دەنگی پێ دەدەن، هێزێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە بەرژەوەندییەکانیان لە فەزای سیاسیدا بپارێزێت. لەمەشدا ترەمپ پڕ بە پێستی خۆیەتی بۆ ئەم کارە، بەمشێوەیە ئەگەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، دەبینین ژمارەیەك سەرۆکی جیاوازی ئەمریکا زۆر بە جددی قسەیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەمریکا نەتەوەیەکی کریسیتانە و سوودیان لەم ئاراستەیەش وەرگرتووە.

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە ئایندەیە، ئایا پێتوایە ناسیۆنالیستی کریستانی لەلایەن سەرۆکەکانی داهاتووی ئەمریکاوە پشتگیری لێ دەکرێت؟**

- بەدڵنیاییەوە من وای دەبینم، هێندەی پەیوەندی بە حزبی کۆمارییەوە هەیە، ئەوا بە روونی دەبینین کە زۆر جەخت لەسەر پابەندبوون بە ناسیۆنالیستی کریستیانی و جەخت لەسەر شێوازێکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە دابونەرتیتی کریستیانی لە ئەمریکا دەکرێتەوە، سەبارەت بە حزبی دیموکراتیش، پێموایە ئەوانیش لە باسکردنی میراتی ئایینی لە ئەمریکا شێوازێك تەبەنی دەکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە جەخت لەسەر ئازادی ئایینی و مافی کەمینە ئایینەکانی دیکەش دەکەنەوە، یان بە شێوەیەکی دیکە باسی دەکەن، کە چۆن ئایین هانمان دەدات کە بایەخ بە هەموو خەڵکێك بدەین، نەك چۆن خودی کریستیانی چەند مافی هەیە، یان دەبێت هەیبێت. بۆیە من پێموایە هەردوو حزبی (کۆماری و دیموکراتی) پرسەکە وا دەبینن کە دەبێت پشت بە چیرۆکی کریستیان وەك نەتەوە ببەستن، بەڵام بە دوو ڕێگەی جیاواز.


**ئەوەی لای کریستیانەکان گرنگە، ئەوەیە کە ئەو کەسەی دەنگی پێ دەدەن، هێزێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە بەرژەوەندییەکانیان لە فەزای سیاسیدا بپارێزێت. لەمەشدا ترەمپ پڕ بە پێستی خۆیەتی بۆ ئەم کارە**

رۆجەر پیتەرسۆن
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# نادڵنیاییەکی زۆر هەیە و زۆربەی سیاسەتەکانی ئەمریکاش زیانبەخشن

رۆجەر پیتەرسۆن پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە ئەنستیتیوتی تەکنیکی ماساشوسێتس، شارەزا و تایبەتمەندی چەندین بواری گرنگە، وەك شەڕی ناوخۆیی، توندوتیژی، کاروباری عێراق، و دەستێوەردانی سەربازی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا، چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ئاست ئێراندا.

## دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت، بەتایبەتی لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- من پێم وایە ئەمریکا مەیلی ئەوەی هەیە لەم ناوچەیەدا جۆرێك لە تەواجودی هەبێت، هەروەها لەم ناوچەیەدا دوو ئەولەوییەتیشی هەیە، یەکەمیان بریتییە لە پشتیوانیکردن لە سەرجەم خواستەکانی ئیسرائیل، دووەمیان بریتییە لەوەی بەردەوام وەك دوژمنێکی سەرەکی لە ئێران بڕوانرێت، لەگەڵ هێشتنەوەی هێزی پێویست لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بەردەوامیدان بە فشارەکان دژ بە ئێران، جگە لەمانە پێم وانییە بایەخ بە مەسەلەکانی دیکە بدات.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ئێران کرد، کە ئاشکرایە لە ئێستادا ئیدارەی ئەمریکا فشارەکانی زیاتر کردووە لەسەر ئەو وڵاتە و هەوڵدەدات هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتە رابگرێت، پێت وایە ئەمە سیاسەتێکی کارا و کاریگەرە، یان بەپێچەوانەوە دەرئەنجامی خوازراوی بۆ ئەمریکا لێناکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا کەسانێکی دیاریکراو هەن لە نێو کۆشکی سپیدا کە ماوەیەکی زۆرە پشتیوانیی سیاسەتی گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا دەکەن، بۆ نموونە: لە سەروەختی داگیرکردنی عێراقدا بۆچوونی کۆشکی سپی ئەوە بوو کە عێراق کەیسێکی ئاسان دەبێت و لە پێگەیەکدا دەبن کە بتوانن فشار لەسەر ئێران دروست بکەن. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو لە دوای شەڕەکەی عێراقەوە، ئێران لە پێگەیەکی باشتردا بوو، نەك ئەمریکا. ئێستاش ئەمریکا فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردووە و دەیەوێت لە شوێنەکانی دیکە بەرەنگاری ببێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا وا دەردەکەوێت کە حکومەتی ئێران لەسەر ئاستی ناوخۆ لە بارێکی لاوازدا بێت، واتە بۆچوونەکە وایە کە ئەگەر فشاری پێویست بخرێتەسەر ئێران، ئەوا ئەگەری گۆڕینی

**کێشەکە ئەوە بوو لە دوای شەڕەکەی عێراقەوە، ئێران لە پێگەیەکی باشتردا بوو، نەک ئەمریکا. ئێستاش ئەمریکا فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردووە و دەیەوێت لە شوێنەکانی دیکە بەرەنگاری ببێتەوە**

**دەبێت هەوڵبدرێت لە ناوخۆوە کار لەسەر شڵەژاندنی ئێران بکرێت و ئەمەش بەوە دەکرێت کە سزا و فشارە هاوشێوەکانی بەسەردا بسەپێندرێت**

**زۆر کەس پێی وابوو کە دوای داگیرکردنی عێراق دەسەڵاتێکی دۆست بە ئەمریکا لەو وڵاتە دادەمەزرێت و ئەو کاتە دەتواندرێت ئەم دۆخە بەکار بهێندرێت بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێران، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا**

**کاتێک ئیدارەی ترەمپ ئیسرائیل بە باشترین دۆست و ئێرانیش بە خراپترین دوژمن دادەنێت، ئەوا لە ناوچەکە ناکشێتەوە**

دەسەڵات لە ناو ئێرانەوە دروست دەبێت، نەك لە دەرەوە. کەواتە کەسانێك هەن، پێیان وایە دەکرێت ئەم فشارە دەرەکییە بگۆڕدرێت بۆ فشارێکی ناوخۆیی، چونکە باوەڕیان وایە حکومەتی ئێران لە ناوخۆدا لاوازە و دەکرێت دابەش ببێت، چونکە هەمیشە قسەوباس هەیە لەبارەی شەقامی ئێران، یان بوونی کەسانێك لە نێو ئێراندا کە خوازیاری گۆڕانکارین لە دەسەڵاتدا و ئەم کەسانەش پێیان وایە ئەگەر فشاری پێویست بکرێت، ئەوا دەتوانن دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بگۆڕن. بەڵام من خۆم پێم وایە ئەمە تەنیا خواست و خەونێکە.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران بە تەواوەتی بە مەرج و داواکارییەکانی ئەمریکا ڕازی بێت؟**

- من پێم وانییە ئەو کەسانەی ئاماژەم پێکردن بیانەوێت سازشێکی درێژخایەن بەدەست بهێنن، بەڵکو ئەو کەسانە لە نێو کۆشکی سپیدا دیانەوێت لە ئێراندا دەسەڵات بگۆڕدرێت، ئێستاش مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە ئایا دەسەڵات لە ئێراندا تا چ ڕادەیەك سەقامگیرە، کە لەم ڕووەوە بۆچوونی جیاواز لەئارادایە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر لە سیاسەتی شیعە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڕوانین، ئەوا شیعەکان باڵادەست بوون بەسەر سوننەکاندا لە زۆرێك لە ناوچەکاندا، بۆ نموونە لە عێراقدا زۆر کەس ئەو ڕاستییە، یان ئەو واقیعەیان قبووڵ کردووە کە شیعەکان باڵادەستن، هەروەها ئەگەر لە لوبنان بڕوانیت ئەوا حزبوڵا بۆتە گرووپی باڵادەست، بە هەمان شێوە لە سووریا دەبینین دەسەڵاتی ئەو وڵاتە کە شیعە پشتیوانی لێ دەکات لە سەروبەندی گەڕاندنەوەی باڵادەستی خۆیدایە بەسەر وڵاتەکەوە. کەواتە ئەگەر تۆ کێشەت لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئێراندا هەبێت، ئەوا ئەو هاوپەیمانانە لە پێگەیەکی باشدان لە عێراق و سووریا و لوبنان، کەواتە بۆچوونەکە ئەوەیە کە دەبێت هەوڵبدرێت لە ناوخۆوە کار لەسەر شڵەژاندنی ئێران بکرێت و ئەمەش بەوە دەکرێت کە سزا و فشارە هاوشێوەکانی بەسەردا بسەپێندرێت.

*** کەواتە سەرەڕای هەموو ئەو فشارانەی ڕووبەڕووی ئێران کراونەتەوە، ئایا ئەو وڵاتە توانیویەتی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا پەرەپێبدات؟**

- زۆر کەس پێی وابوو کە دوای داگیرکردنی عێراق دەسەڵاتێکی دۆست بە ئەمریکا لەو وڵاتە دادەمەزرێت و ئەو کاتە دەتواندرێت ئەم دۆخە بەکار بهێندرێت بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئێران، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا، چونکە بۆشاییەك دروست بوو، ئێرانییەکان لەو وڵاتەدا بوونیان هەیە و سنوورێکی دووردرێژیان لەگەڵ عێراقدا هەیە و ئەوان ئەو وڵاتە جێناهێڵن، هاوکات ئەمریکا دەیەوێت کارەکانی لە دوو ساڵدا تەواو بکات و بکشێتەوە، بەم شێوەیە ئێرانیش زۆر بە باشی سوود لە دۆخەکە وەردەگرێت. هەروەها من خۆم لە بەیروت بووم و ئەو ڕاستییە ئاشکرایە کە حزبوڵا تۆکمەترین کاراکتەرە لەو وڵاتەدا و ئەسەدیش لە سووریادا براوە دەبێت، کەواتە ڕاستە ئێران برەوی بە دەستڕۆیشتوویی خۆی داوە.

*** سەبارەت بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و بەتایبەتیش کە ئاشکرایە ئەمە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی گشتیدایە بۆ کشانەوە لە چەندین ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دیکە، ئایا تێڕوانینتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- زۆر باس لە کشانەوە لە چەندین ڕێککەوتن دەکرێت و قسەوباسیش هەیە لەبارەی ئەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێتەوە، بەڵام کاتێك ئیدارەی ترەمپ ئیسرائیل بە باشترین دۆست و ئێرانیش بە خراپترین دوژمن دادەنێت، ئەوا لە ناوچەکە ناکشێتەوە.

*** ئاماژەتان بە دۆخی سووریا کرد، ئایا پێتان وایە شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە کۆتایی هاتووە و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بەسەر هەموو بەشەکانی وڵاتەکەوە تەنیا مەسەلەی کاتە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت چەندین پرسیار بکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا ئەم دۆخە لە سووریا چۆن کۆتایی پێدێت، چونکە من نازانم دۆخەکە لە ڕۆژئاوا بەرەو کوێ دەچێت، یان چۆن دۆخی ئیدلیب یەکلادەبێتەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە موعارەزە لە زۆرێك لە ناوچەکاندا تێکشکێنراون، ئەو گرووپە موعارەزانەی ماونەتەوە پتر گرووپی ئیسلامین، نەك ئەو گرووپانەی ئەمریکا پشتیوانیان دەکات، هەرچۆنێك بێت چەند پرسێکی

سیاسی و چەند ناکۆکییەک لە مەودایەکی بچووکدا دەمێننەوە. بەڵام دەرکەوت موعارەزەی عەلمانی دژی ئەسەد هێندە بەهێز نین.

*** لە ئێستادا نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەبارەی رۆڵی ئەمریکا لە سووریادا، بەتایبەتی دوای ئەو بڕیارە مشتومڕئامێزەی ئیدارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لەو وڵاتەدا، ئایا ئێوە رۆڵ و پێگەی ئەمریکا لەو وڵاتەدا چۆن دەبینن؟**

- ترەمپ خوازیاری ئەوەیە کە لە سووریا بکشێتەوە، بەڵام کەسانێك هەن لە نێو ئیدارەی کۆشکی سپی و لە نێو سوپای ئەمریکا کە پێیان وایە دەبێت ئەمریکا بە جۆرێك لە جۆرەکان بوونی هەبێت لەو وڵاتەدا بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان هەبێت. هەروەها زۆر کەس نیگەرانن لەوەی ئەگەر ئەمریکا بە تەواوەتی بکشێتەوە، ئەوا حکومەتی سووریا رێککەوتنێکی باش لەگەڵ کورددا ناکات، یان دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات، ئەمە لە کاتێکدا کورد لە تێکشکاندنی داعشدا رۆڵێکی زۆری بینیوە، لەبەر ئەوە پێم وایە لە نێوان خواستی ترەمپ بۆ کشانەوە و داواکاری کەسانی دیکە بۆ مانەوە جۆرێك لە سازش دروست دەبێت، کە رەنگە هێزێکی کەمی ئەمریکا لە سووریا بمێنێتەوە، کە زۆربەیان هێزی تایبەت بن کە ئەرکی راهێنان ئەنجام بدەن، کەواتە هێزێکی گەورە نابێت، بەڵام کشانەوەی تەواویش نابێت. ئەمە پێشبینیی منە.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەمریکا ئامانجە راگەیەندراوەکانی خۆی لە سووریا، وەك تێکشکاندنی داعش و کۆتاییهێنان بە دەسترۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا بەدی هێناوە؟**

- من پێم وانییە ئامانجەکەیان لە پەیوەندی بە دەسترۆیشتوویی ئێرانەوە بەدەست هێنابێت، بەڵام لە پەیوەندی بە داعشەوە کە ئامانجەکە بریتی بوو لە تێکشکاندنی ئەو رێکخراوە، بە چەشنێك چیتر خاکی لە ژێر دەستدا نەمێنێت، ئەوا ئەم ئامانجە بەدی هاتووە. هەرچەندە زەحمەتە ئێستا بتوانین بڵێین ئایا داعش لە فۆرمێکی دیکەدا دەردەکەوێتەوە، یان نا، بەڵام ئەگەر ئێمە لە سریلانکا بڕوانین، ئەوا دەزانین کە لە سەرتاسەری جیهاندا بوونی دەمێنێت. بەڵام ئەمە بابەتێکی جیاوازە لەو دۆخەی لە سووریا هەیە.

*** ئەگەر ئەمریکا ستراتیژێکی واقیعبینانە بگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیە و بەتایبەتی بەرامبەر ئێران، ئایا دەبێت رواڵەتەکانی ئەو ستراتیژیەتە چۆن بن؟**

- من بە گومانم لەوەی بتوانرێت دەسەڵات لە ئێراندا بگۆڕدرێت، ئێمە دەزانین ئەوروپییەکان بەردەوامن لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا، بۆیە نازانم باشترین سیاسەت چی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەندێ راستیی سەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو بگیرێت. هەرچۆنێك بێت نادڵنیاییەکی زۆر هەیە و ئەمریکاش بە زۆری کاری زیانبەخش دەکات، نەك کاریگەری ئەرێنی، بۆیە من چارەسەرێکی باش شك نابەم.

*** بە رای ئێوە ئێران چ کاردانەوەیەکی دەبێت لە ئاست ئەم فشار و سزایانەدا؟ ئایا لەو باوەڕەدایت عێراق ببێتە گۆڕەپانی ناکۆکیی نێوان ئێران و ئەمریکا؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر عێراق بۆتە جۆرێك لە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا گۆڕەپانێکی ئاشتییانە دەبێت یان نا، بەڵام باوەڕم وایە ئێران ستراتیژیەتی زیرەکانەی پیادە کردووە، وەك دروستکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و کۆنترۆڵکردنی هەندێ لە گرووپەکان، بەڵام دوای خۆپیشاندانەکانی بەسرە و سووتاندنی کونسوڵگەرییەکەیان ئەوا تا رادەیەك کشانەوە. هەروەها ئەوان دەزانن کە عەرەبی شیعەی عێراق بە تەواوەتی هاوهەڵوێست نین لەگەڵیاندا. هەرچۆنێك بێت ئێران بەشێکی زۆری پارێزگای دیالەی کۆنترۆڵ کردووە، چونکە لەو رێیەوە هێز رەوانەی سووریا دەکات، کە پێم وایە دەبێت ئەمریکاش ئەم گەمەیە بکات، واتە دەبێت هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمان بدات لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و رێککەوتنیان لەگەڵدا بکات، بە بۆچوونی من باشترین لایەن کە رێککەوتنیان لەگەڵدا بکرێت لە ئێستادا لە نێو پارتە شیعەکاندایە، کەواتە دەبێت ئەمریکا پاڵنەری ئەوە لای پارتە شیعەکان دروست بکات کە خۆیان بەدوور بگرن لە ئێران. بۆ نموونە: ئەگەر بتوانین کارێك بکەین موقتەدا سەدر بێلایەن بێت، ئەوا ئەمە کارێکی باشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا کە عەرەبی شیعە لە ئێران دابڕێت.

**زۆر کەس نیگەرانن لەوەی ئەگەر ئەمریکا بە تەواوەتی بکشێتەوە، ئەوا حکومەتی سووریا رێککەوتنێکی باش لەگەڵ کورددا ناکات، یان دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات، ئەمە لە کاتێکدا کورد لە تێکشکاندنی داعشدا رۆڵێکی زۆری بینیوە**

**حاڵی حازر عێراق بۆتە جۆرێك لە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا گۆڕەپانێکی ئاشتییانە دەبێت یان نا، بەڵام باوەڕم وایە ئێران ستراتیژیەتی زیرەکانەی پیادە کردووە**

**ئێران بەشێکی زۆری پارێزگای دیالەی کۆنترۆڵ کردووە، چونکە لەو رێیەوە هێز رەوانەی سووریا دەکات، پێم وایە دەبێت ئەمریکاش ئەم گەمەیە بکات وهەوڵی دروستکردنی هاوپەیمان بدات لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا و رێککەوتنیان لەگەڵدا بکات**

**ئەگەر بتوانین کارێک بکەین موقتەدا سەدر بێلایەن بێت، ئەوا ئەمە کارێکی باشە بۆ سیاسەتی ئەمریکا کە عەرەبی شیعە لە ئێران دابڕێت**

# ئیسلامی سیاسی لە ئەفغانستان

کاتێ بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەیەمدا لە ڕێگای کۆمپانیا بازرگانییەکانیەوە هیندستانی داگیرکرد، چاویشی بڕییە ئەفغانستان، ئەوە بوو هێزە هیندستانی و بەریتانییەکان لە ساڵانی ١٨٣٨ بۆ ١٨٤٢ هێرشیان کردە سەر ئەفغانستان و (شا شۆجاە)یان کردە پاشای ئەو وڵاتە، بەڵام پاشا لە ساڵی ١٨٤٢ کوژرا و دوای ئەم شکستەش بەریتانیا کشایەوە، بەڵام لە ساڵانی ١٨٧٨-١٨٨٠ جارێکی دیکە گەڕایەوە و ئەم جارەش بەهۆی بەرگریی ئەفغانستان و یەکگرتنیان، تەماعکاریی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا شکستی هێنا، لە ساڵی ١٩١٩ منیر ئەمانوڵا سەربەخۆیی ئەفغانستانی لە داگیرکاریی بەریتانیا ڕاگەیاند، لە ساڵی ١٩٢٣ دەستوورێکی تازەیان بۆ وڵات دەرچوواند، لینین کە (١٩٢٤ کۆچی کردووە) دوای سەربەخۆیی ئەو وڵاتە نامەیەکی بۆ ئەمانوڵا نارد بۆ بەتینکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕیی باڵیۆز، پەیوەندییەکانی نێوانیان بەردەوام بوون، دواتر ستالین کە لە ساڵی (١٩٥٣ کۆچی کردووە) هات و ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ ئەفغانستان واژۆکرد، لە ساڵی ١٩٢٩ ئەمانوڵا لەناوبرا، حەبیبوڵا هات و نۆ مانگ حوکمی کرد، تا ئەو کاتەی محەمەد نادر شا لەسەر حوکم لایبرد و خۆی بوو بە پاشای ئەفغانستان، ئەو محەمەد هاشمی کردە سەرۆك وەزیران و دەستوورێکی تازەی لە ساڵی ١٩٣٠ دەرکرد، محەمەد نادر لە ساڵی ١٩٣٣ کوژرا، ئینجا محەمەد زاهیرشا کە تاکە کوڕی بوو و تەمەنی ١٩ ساڵان دەبوو هاتە شوێنی، کە ئەمە بە دوایین شای ئەفغانستان دادەنرێت و چل ساڵ حوکمی کرد، محەمەد هاشم لە پۆستەکەیدا مایەوە، لە ساڵی ١٩٤٦ هاشمی برای لەدوای ئەو بوو بە سەرۆك وەزیران، لە ساڵی ١٩٥٣ محەمەد داود تا ساڵی ١٩٦٣ سەرۆك وەزیران بوو، ناچارکرا دەستبەرداری سەرۆکایەتیی حکومەت بێت، لە ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن (شا)وە ڕەزامەندی دارا لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوورو جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو لە جیاتی ئەوەی شا دایبمەزرێنێت، دکتۆر محەمەد یوسف بوو بە یەکەم سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو، دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ دەستوورێکی تازە دەرچوو، لە ١٩٧٣ کاتێ شا لە سەردانی ئەورووپادا بوو، ئامۆزاکەی و زاواکەی (محەمەد داود)ی سەرۆك وەزیرانی پێشوو، کودەتایەکیان دژی ئەو بەرپاکرد و ڕژێمی پاشایەتییان بۆ کۆماری گۆڕی، محەمەد زاهیر تا ڕووخانی تاڵیبان هەر لە ئیتاڵیا مایەوە،لە ساڵی ٢٠٠٢ گەڕایەوە و بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەفغانی (لویا جیرگا)، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ لە کابولی پایتەخت کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ١٩٧٨ محەمەد نور تەراقی کودەتایەکی بەرپاکرد و حکومەتی محەمەد داود خانی ڕووخاند و خۆی و خێزانەکەیشی کوشت و خۆی بوو بە



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەرۆکی ئەفغانستان، لە ساڵی ١٩٧٩ حەفیزولڵا کودەتایەکی دژی سەرۆك محەمەد نور تەراقی بەرپاکرد و کوشتی، کە ئەو کاتە جێگری بوو، بۆیە بە پاڵپشتیی ئەمریکا هەماهەنگی لەگەڵ قەلبەدین حیکمەتیار کرد، کە لە پاکستان بوو و بەڵێنی پێ دا بۆ سەرۆك وەزیران کاندیدی بکات و ئەویش ببێتە سەرۆك کۆمار، بەڵام موخابەراتی یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو KBG تیرۆری کرد، دواتر هێزەکانی یەکێتیی سۆڤییەت چوونە نێو ئەفغانستانەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و حکومەتەکە، باراك کارمل کە سەرۆکی حزبی شیوعی (باشرام) بوو، کرا بە سەرۆکی ئەفغانستان و لە ساڵی ١٩٧٩وە تا ١٩٨٦ حوکمی کرد، بە فشاری یەکێتیی سۆڤییەت سەرۆك کارمل لادراو نەجیبولڵا لە ١٩٨٧ تا ١٩٩٢ حوکمی کرد، بەڵام پێش ئەوە بە چەند ساڵێك و بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٩٨٠ هاوپەیمانییەك بە سەرۆکایەتیی بورهانەدین رەبانی پێکهات بۆ کۆکردنەوەی حزبە ئیسلامییەکان لە بیشاوری پاکستان بە پاڵپشتیی ئەمریکا و سعودیە و پاکستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و شیوعییەت، کە ئەمانەبوون:

١. حزبی ئیسلامیی ئەفغانی بە سەرۆکایەتیی قەلبەدین حیکمەتیار.

٢. حزبی کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی بورهانەدین رەبانی.

٣. حزبی بەرەی نیشتمانیی ئەفغانی بە سەرۆکایەتیی سبغەتولڵا موجەددی.

٤. حزبی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی حاجی دین محەمەد.

٥. بزووتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی محەمەد بن محەمەد.

٦. حزبی نەتەوەخوازانی ئەفغانی (ئەفغان میللەت) بە سەرۆکایەتیی غولام محەمەد فەرهاد.

بەڵام حزبەکانی ئەفغانی ئەوانەی بارەگایان لە ئێران بوو، هاوپەیمانییەکی هەشت لایەنانەیان پێکهێنا لە(موجاهیدی گەلی ئەفغانی، بزووتنەوەی رەعد، نەسر، جیهان، نیدائو ئەلحەق، دەنگی ئیسلام، کۆمەڵی شورا). لە هەموو ئەو حزبانە بەهێزتر حزبی گەلی دیموکراتیی ئەفغانییە کە لە ١٩٦٥ساڵی دامەزرا، دوای ئەویش حزبی ئیسلامیی قەلبەدین حیکمەتیار کە لە ١٩٧٦ساڵی دامەزرا.

لەبەرئەوەی بەرگریی ئەفغانی بە بۆچوونی خۆی بەهێزبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی حکومەتی بەکرێگیراوی نەجیبولڵا، ئەوەی هێزی بەرگری زیاترکرد دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤییەت بوو لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمریکا لە سەرەتای دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤییەت قەناعەتی وابوو کە گەلی ئەفغانی ناتوانێت رووبەڕووی هێزەکانی سۆڤییەت ببێتەوە، بەڵام دوای بەرگریی توندی گەلی ئەفغانی بە تێپەڕبوونی کات ئەمریکا دەرکی بەوە کرد کە کاتی هاتووە پشتگیریی بکات، ئەویش وەك

تۆڵەکردنەوەیەك بوو لە سۆڤییەت کە دژی ئەمریکا پاڵپشتیی ڤێتنامی دەکرد، بۆیە کۆنگریسی ئەمریکا بڕیاری دا پاڵپشتیی بەرگریی ئەفغانی بکات، هەروەها لەپێناو بەرگرتن لە هەژموونی سۆڤییەت پشتیوانیی سعودیە و ئیمارات و پاکستان و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیش هەبوو، بۆیە دەبینین کە بۆ بەشداریکردن لە بەرگریی دژی سۆڤییەت ئەفغانستان پڕی بوو لە عەرەب لە سەرتاپای وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتیش لە کەنداو، بەم شێوەیە سۆڤییەت زیانێکی زۆری بەرکەوت، بۆیە ناچاربوو لە ساڵی ١٩٨٩ بکشێتەوە و حکومەتەکەی نەجیب بەتەنیا خۆی مایەوە، نەجیب داوای ڕاگرتنی شەڕو دەستپێکردنی گفتوگۆی ئاشتیی کرد، بەڵام بەرگریی ئەفغانی ڕەتی کردەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ بەرگریی ئەفغانی حکومەتەکەی نەجیبوڵای ڕووخاند، ئەویش هەڵاتە نێو بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرگریی دەوڵەتی ئیسلامی پێکهێنرا و بورهانەدین ڕەبانی بوو بە سەرۆکی کاتیی ئەو بەرگرییە.

ناکرێ باسی بەرگریی ئەفغانی بکەین بەدەر لە باسکردنی ڕۆڵی عەرەب، ئەو عەرەبانەی بەشدارییان لە بەرگری کردبوو بە عەرەبی ئەفغان ناسرابوون، ئەفغانستان و پاکستان دەرگایان بۆ واڵاکردن لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە، ئەمەش بۆ بەرگرتن لە هەژموونی شیوعی، ئەمریکا لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە CIA فیزای سەفەری هەمیشەیی و نیشتەجێبوونی لە بیشاوری پاکستان بۆ ئاسان دەکردن، یەکەم کەس لە عەرەبان دکتۆر عەبدوڵا عەزامی فەلەستینی بوو کە لە ساڵی ١٩٨١بەشداریی بەرگریی ئەفغانی کرد، کە مامۆستای زانکۆی عەبدولعەزیز بوو لە جدە و پەیوەندی کرد بە زانکۆی ئیسلامیی جیهانییەوە لە ئیسلام ئاباد، دوای چەند ساڵێك گەڕایەوە سعودیە و دەستی لەکارکێشایەوە و پەیوەندیی کرد بە نووسینگەی موجاهدینی سەر بە یەکێتیی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی (عەبد ڕەب ڕەسوڵ سەیاف) کە پێکەوە بۆ پەرەپێدانی نووسینگەکە بۆ پێشوازیکردن لە گەنجانی عەرەب کاریان کرد، ژمارەی عەرەب لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٤ زیادیکرد، هەموو عەرەبیش بەشداریی شەڕیان نەکرد، هەندێکیان بۆ کاری فریاگوزاری هاتبوون وەك ئوسامە بن لادن، هەندێکی دیکەش بۆ ژیان هاتبوون و لە ترسی ڕژێمەکانی وڵاتی خۆیان هەڵاتبوون، وەك ئەندامانی کۆمەڵەی ئیسلامی و کۆمەڵەی جیهادی کە هەردووکیان میسری بوون دوای تیرۆرکردنی (ئەنوەر سادات)ی سەرۆکی میسر لە ساڵی ١٩٨١ وڵاتیان جێهێشتبوو، هەروەها بزووتنەوەی جیهادیی سووریا بە سەرۆکایەتیی ئەبوموسعەبی سووری، کادیرانی کۆمەڵی ئیسلامی دژی قەزافی لە ساڵی ١٩٨٦ کودەتایان بەرپاکرد، بەڵام شکستیان هێنا، هەندێکیشیان هاتبوون بۆ ئەوەی شارەزایی سەربازی بەدەستبهێنن وەك ئەندامانی گرووپە ئیسلامییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقیا، هەندێکی دیکەش لە کوردستانەوە ڕۆیشتبوون تاکو ئەم ئەزموونە بگوزانەوە بۆ کوردستان، بینیشمان کە هەندێ کادیری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بە سەرکردەکانی ئەفغانی سەرسام بوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە پۆشاك و خواردن و خواردنەوە و جووڵانەوەشیان لاساییان بکەنەوە، تەنانەت هەندێکیان هۆنراوە و سروودیشیان بۆ نووسین. جارێك مشتومڕم لەگەڵ سەرکردەیەکیان کرد کە کتێبی عەبدولقادر عەبدولعەزیز(العمدة في إعداد العدة في الجهاد في سبيل الله)م لەدەستی بینی کە وەك پرۆگرامێکی گەنجانی بزووتنەوەکە پەیڕەوکرابوو، پێمگوت: ئەم کتێبە خاوەنەکەی بۆ جیهاد دژی کافران دایناوە و ناکرێ ئەمە دژی موسڵمانان لە نەتەوەکەی خۆت لە کوردستان پیادەبکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە نووسەرەکەی لە پەراوێز و سەرچاوەکان و وەڵامدانەوەی توندی ئەیمەن زەواهیری ئەمەی دووپات کردۆتەوە، کە گوتبووی: «ئەم کتێبەم تایبەت بۆ موجاهیدین لە ئەفغانستان دژی داگیرکاریی سۆڤییەت داناوە» بەڵام بێ سوود بوو، ژمارەی عەرەب کە بە چل هەزار کەس دەخەمڵێنرا، بەهۆی سامانی ئوسامە و فیکری عەزامەوە شاری بیشاور بوو بە سەنتەری عەرەبی ئەفغان، ئوسامەش بوو بە یاریدەدەری عەزام و پارەدەری سەرەکیی بەرگری، چونکە یەکێك بوو لە دەوڵەمەندانی سعودیە، جیهادی کردەیی عەرەبی ئەفغان لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد، ئوسامە بن لادن دوای ناکۆکی لەگەڵ عەزام لە ساڵی ١٩٨٧ چەندین سەربازگەی بۆ خۆی کردەوە، ئوسامە تەرکیزی لەسەر گەنجانی کەنداو بوو کە سەر بە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی

**ئەمریکا لە سەرەتای دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤییەت قەناعەتی وابوو کە گەلی ئەفغانی ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزەکانی سۆڤییەت ببێتەوە، بەڵام دوای بەرگریی توندی گەلی ئەفغانی بە تێپەڕبوونی کات ئەمریکا دەرکی بەوە کرد کە کاتی هاتووە پشتگیریی بکات، ئەویش وەک تۆڵەکردنەوەیەک بوو لە سۆڤییەت کە دژی ئەمریکا پاڵپشتیی ڤێتنامی دەکرد**

**بۆ بەشداریکردن لە بەرگریی دژی سۆڤییەت ئەفغانستان پڕی بوو لە عەرەب لە سەرتاپای وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتیش لە کەنداو، بەم شێوەیە سۆڤییەت زیانێکی زۆری بەرکەوت، بۆیە ناچاربوو لە ساڵی ١٩٨٩ بکشێتەوە و حکومەتەکەی نەجیب بەتەنیا خۆی مایەوە**

بوون لەگەڵ پشتیوانیکردن لە گرووپە جیهادییەکانی میسر، ئەوە بوو ئەیمەن زەواهیری بوو بە یاریدەدەری کە پزیشك بوو لە نەخۆشخانەی هیلالی کوێتی لە بیشاور و لە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتبووە ئەوێ، بۆیە پارەدارکردن لە ئوسامە و شارەزاییش لە گرووپە جیهادییەکانی میسر، بەڵام عەزام لەگەڵ عەبد رەب رەسوڵ سەیاف کە سەرکردەیەکی ئیخوان موسلمین بوو، کاری دەکرد، بۆیە تەرکیزی کردە سەر گەنجانی نێو ئیخوان موسلمین.

ئوسامە بن لادن سەنتەری (نور)ی لە بیشاور بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و نامە ئایینییەکان کە پەیوەندییان هەبوو بە جیهاد و حوکمداری و وەلا و بەڕا دامەزراند، تاکو ببێتە دەستپێکی ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان، بۆیە ڕێکخراوی قاعیدە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا، وشەی قاعیدەش لە قاعیدەی بەیاننامە و زانیاری دەربارەی عەرەبەوە هاتووە، ئەوانەی هاتبوونە ئەفغانستان بۆ بەشداریکردن لە کوشتار دژی یەکێتیی سۆڤییەت، عەزام نەهاتە نێو قاعیدەوە چونکە فیکری تەکفیری و توندڕەویی قاعیدەی ڕەتدەکردەوە، لەبەر ئەوەی کە عەزام مامۆستای شەریعەت بوو و لە ئەزهەر خوێندبووی و بۆ یارمەتیدانی گەلی ئەفغانی هاتبووە ئەفغانستان، نەهاتبوو تا فیکری تەکفیری بڵاوبکاتەوە کە دووبەرەکی و ناکۆکی دەخاتە نێو ئەفغانییەکان و عەرەبە ئەفغانییەکان و گرووپە ئیسلامییەکان لە هەموو جیهاندا، بە تایبەتیش لە جیهانی ئیسلامیدا، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٩ عەبدوڵا عەزام تیرۆرکرا، عەبد رەب رەسوڵ سەیاف رازی نەبوو لە ترسی دووبەرەکی بکوژانی ئاشکرابکات، هەرچەندە لە قسەکانیشی دیاربوو کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ئیسلامی تیرۆریانکردووە، بەڵام پەنجەی تۆمەت ئاراستەی ئوسامە بن لادن دەکرا.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ بەرگریی ئەفغانی کابوڵی پایتەختی کۆنترۆڵ کرد، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، بەتایبەتیش نێوان حیکمەتیار و ڕەبانی، ئەحمەد شامەسعودیش پشتیوانیی ڕەبانیی دەکرد، شەڕی ناوخۆ لەنێوانیان ڕوویدا، هەرچەندەش هەردووکیان لەوەتەی ١٩٧٤ دوو هاوپەیمانی بەهێز بوون و لە بیشاوری پاکستان بەیەکەوە کاریان دەکرد، دوای شەڕەکە عەرەبی ئەفغانی دابەشبوون، هەندێکیان چوونە لای حیکمەتیار و هەندێکیشیان بۆ لای ئەحمەد شامەسعود، هەندێکی دیکەش لە سەربازگەکاندا مانەوە کە ئوسامەو عەزام دروستیان کردبوو، بەڵام هەندێکیان ئەفغانستانیان جێهێشت و بۆ شەڕکردن چوونە بۆسنە و شیشان و کشمیر و سۆماڵ و کینیا و سعودیە، چەندین تەقینەوە و کاری تیرۆرکردن و بێسەروبەریی ڕوویاندا، ئەوەش وای کرد کە ئەو ڕژێمانە بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، زۆرکەس وایدەزانی کە ئەگەر بگەڕێتەوە وڵاتەکەی ڕێزی لێدەگیرێت و وەك ڕزگارکەر سەیردەکرێت، وەك ئوسامە بن لادن.

لە هەمان ساڵدا واتا لە ١٩٩٢ حەوت حزبی بەشدار لە یەکێتیی ئیسلامیی موجاهیدینی ئەفغانستان لەگەڵ حزبی یەکێتیی شیعە و بزووتنەوەی ئیسلامیی شیعە لە بیشاور لەسەر پێکهێنانی حکومەتێك بە سەرۆکایەتیی سەبغەتەڵا موجەددی بۆ ماوەی دوو مانگ کە دواتر بۆ چوار مانگ بورهانەدین ڕەبانی بێتە شوێنی ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، بەڵام حیکمەتیار دوای واژۆکردن ڕەتی کردەوە و ڕێککەوتنەکە دوای درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی ڕەبانی هەڵوەشایەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ ئەو حزبانە لە ئیسلام ئاباد بە بەشداریی سعودیە و پاکستان کۆبوونەوە و ڕێککەوتننامەیەکیان بە ناوی ئیسلام ئاباد واژۆکرد، کە بەدەق دەڵێت: «بورهانەدین ڕەبانی بۆ ماوەی ١٨ مانگ دەبێتە سەرۆك، حیکمەتیاریش دەبێتە سەرۆك وەزیران» بەڵام بەهۆی ناکۆکیی نێوان حیکمەتیار و ڕەبانی ڕێککەوتننامەکە هەڵوەشایەوە، لە ١٩٩٤ کودەتایەکی شکستخواردوو بە سەرۆکایەتیی حیکمەتیار لەگەڵ عەبدولڕەشید دۆستم و سەبغەتەڵا موجەددی و حزبی یەکێتیی شیعە ڕوویدا، بەهۆی ئەمە سەرۆکایەتیی ڕەبانی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە درێژکرایەوە، بزووتنەوەی تاڵیبانیش سەریهەڵدا، کە ڕەبانیی هاندا تا وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن قبوڵبکات، لە ساڵی ١٩٩٦ هەردوو نەیار (حیکمەتیار و ڕەبانی) ڕێککەوتن کە دەسەڵات دابەش بکەن، بەڵام دوای چی، دوای ئەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان کۆنترۆڵی پایتەختی کرد و هەموانی وەدەرنا، حیکمەتیار لە تاران گیرسایەوە و ئەوانی دیکەش لە باکووری ئەفغانستان ببوونە نەیاری تاڵیبان، تاڵیبان نەجیبوڵای سەرۆکی پێشووتری کوشت، ئەفغانستانی وەك میرنشینێکی ئیسلامیی ڕاگەیاند

**هەندێ کادیری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بە سەرکردەکانی ئەفغانی سەرسام بوون، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە پۆشاک و خواردن و خواردنەوە و جووڵانەوەشیان لاساییان بکەنەوە، تەنانەت هەندێکیان هۆنراوە و سروودیشیان بۆ نووسین**

**ئوسامە بن لادن دوای ناکۆکی لەگەڵ عەزام لە ساڵی ١٩٨٧ چەندین سەربازگەی بۆ خۆی کردەوە، ئوسامە تەرکیزی لەسەر گەنجانی کەنداو بوو کە سەر بە ڕەوتی سەلەفیی جیهادی بوون**

**ئوسامە بن لادن سەنتەری (نور) ی لە بیشاور بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و نامە ئایینییەکان کە پەیوەندییان هەبوو بە جیهاد و حوکمداری و وەلا و بەڕا دامەزراند، تاکو ببێتە دەستپێکی ڕێکخراوی قاعیدە لە ئەفغانستان، بۆیە ڕێکخراوی قاعیدە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا، وشەی قاعیدەش لە قاعیدەی بەیاننامە و زانیاری دەربارەی عەرەبەوە هاتووە**

**ڕێکخراوی قاعیدە بە سەرۆکایەتیی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیریی جێگری هۆکاری سەرەکی بوو لە ڕووخانی تاڵیبان، مەلا عومەر لەگەڵ ئوسامە ڕێککەوتن کە لەنێو دەوڵەتەکەوە هیچ دەوڵەتێک نەکەنە ئامانج، ئوسامە ڕازی بوو، بەڵام پێشێلی کرد**

و مەلا عومەری کردە ئەمیری بڕواداران، ئوسامە بن لادن-یش دوای کشانەوەی سۆڤییەت گەڕایەوە بۆ سعودیە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی لەنێو گەنجانی سعودیە بڵاوبکاتەوە، بەڵام سەفەری لێ قەدەغەکرا و سامانەکەشی بلۆك کرا، دواتر گەڕایەوە ئەفغانستان، دوای چەند تەقینەوەیەکی خوێناوی لە سعودیە و دەوڵەتانی دیکە کە ئوسامە دەستی تێدا هەبوون، هاوکات دەستیشی کرد بە دژەلێدوان، ئوسامە وشەی (جەزیرە)ی لە رقی سعودیە بەکاردەهێنا، بە فشاری سعودیە لە ئەفغانستان دەرکرا و لە ساڵی ١٩٩٢ ڕووی کردە سودان، لەوێ حەسەن تورابی سەرۆکی کۆنگرەی میللیی عەرەبیی ئیسلامی پێشوازی لێکرد، سعودیە ڕەگەزنامەی لێ سەندەوە، بە فشاری ئەمریکا لە سودانیش دەرکرا و دوای کۆنترۆڵی بزووتنەوەی تاڵیبان گەڕایەوە ئەفغانستان، ئەوە بوو لەژێر پارێزگاریی مەلا عومەر مایەوە تا ڕووخانی میرنشینەکەی لە ساڵی ٢٠٠١، لەو کاتەوەی گەیشتەوە ئەفغانستان لە ساڵی١٩٩٦سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوی قاعیدە کە لەگەڵ ئەیمەن زەواهیریی یاریدەدەری لە ١٩٨٧ دایمەزراندبوو، کە چەندین کردەوەی تەقینەوەی ترسناکی ئەنجام دا، ئەمەش وای لە هۆزەکانی ئەفغانستان کرد، فشار بخەنە سەر مەلا عومەر تا دووری بخاتەوە، بەڵام دەری نەکرد و بەڵێنی لێ وەرگرت کە لەسەر خاکی ئەفغانستان پەلاماری هیچ دەوڵەتێك، یان شوێنێك نەدات، ئەویش خاوەنی بەڵێنەکەی نەبوو لەگەڵ مەلا عومەر.

دەگەڕێینەوە بۆ تاڵیبان، ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن قوتابیانی قوتابخانە ئایینییەکانەوە بە ناوی تاڵیبان (بە زمانی پشتو دەکاتە کۆی وشەی قوتابی) لە ساڵی ١٩٩٤ لەسەر دەستی مەلا محەمەد عومەر لە ویلایەتی قەندەهاری باشووری ڕۆژئاوای ئەفغانستان و لەسەر سنووری پاکستان دامەزرا، ئەوان لەسەر مەزهەبی سوننەی حەنەفین لە نەتەوەی پشتو، ئامانجیان دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامییە لەسەر بەرنامەی خەلافەت، مەلا عومەر سەرکردەی گرووپێکی چەکداری سەربە کۆمەڵەی ئیسلامیی بورهانەدین ڕەبانی بوو دژی داگیرکاریی سۆڤییەت، ئەندامێکی بزووتنەوەی کودەتای ئیسلامی بوو کە مەولەوی محەمەد نەبی سەرکردایەتیی دەکرد، لە قەندەهارەوە چالاکییەکانی دەست پێکرد و دواتر تەشەنەی کرد و ویلایەتەکانی ئەفغانستان بەدەستی ئەوان کەوتن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی گەلی ئەفغانستان لە ئیسلامییەکان بێزاربوون کە پێش دەسەڵات ڕێککەوتبوون و دواتر ناکۆك بوون، بۆیە بزووتنەوەی تاڵیبان کابوڵی پایتەختی کۆنترۆڵکرد، لافیتەیەك لێی نووسرابوو: (بە کەرێك ڕازی دەبین، نەك بە حەوت کەر)، مەبەستیان ئەو حزبانە بوو کە لەسەر دەسەڵات دوای شکستی هێزەکانی سۆڤییەت تێك بەربوون، لە ساڵی ١٩٩٦کابوڵ لەلایەن تاڵیبانەوە کەوت و لە ساڵی ١٩٩٧ سعودیە و پاکستان و ئیمارات دانیان بە حکومەتەکەدا نا، لە ساڵی ٢٠٠٠ تاڵیبان دەستیان بەسەر زۆربەی خاکی ئەفغانستاندا گرت، لە باکووری ئەفغانستان ژمارەیەك چەکداری ئەفغانستان کە لە تاڵیبان هەڵاتبوون بەرەیەکیان بەناوی بەرەی یەکگرتووی ئیسلامیی نەتەوەیی بۆ ڕزگاریی ئەفغانستان پێکهێنا، کە لەمانە پێك هاتبوو:

١. کۆمەڵی ئیسلامیی ئەفغانی بەسەرۆکایەتیی بورهانەدین ڕەبانی.

٢. بزووتنەوەی ئیسلامیی نەتەوەیی بەسەرۆکایەتیی جەنەراڵ عەبدولڕەشید دۆستەم.

٣. حزبی یەکێتیی شیعە بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم خەلیلی.

٤. بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەفغانی سەر بە حزبی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵا محەمەد ئاسف موحسینی.

٥. یەکێتیی ئیسلامیی بۆ ڕزگاریی ئەفغانستان بەسەرۆکایەتیی عەبد ڕەب ڕەسوڵ سەیاف.

٦. ئەنجومەنی شورای ڕۆژهەڵات کە درێژکراوەی ئەنجومەنی شورای جەلال ئاباد بوو، حاجی عەبدولقەدیر ناودارترین سەرکردەیان بوو.

ئەم بەرەیە حکومەتێکی لە باکووری ئەفغانستان پێکهێنا کە لە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەوە دانی پێدانرا، بەڵام حیکمەتیار سەرۆکی حزبی ئیسلامی دوای خۆشاردنەوە بۆ چەند دەیەیەك لە تاران پشتگیریی تاڵیبانی کرد، بەتایبەتیش دوای دەستێوەردانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١، بێگومان ڕێکخراوی قاعیدە بە سەرۆکایەتیی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیریی جێگری هۆکاری سەرەکی بوو لە ڕووخانی تاڵیبان، مەلا عومەر لەگەڵ

ئوسامە ڕێککەوتن کە لەنێو دەوڵەتەکەوە هیچ دەوڵەتێك نەکەنە ئامانج، ئوسامە رازی بوو، بەڵام پێشێلی کرد، تەقینەوەگەلێکی زۆری لە چەند وڵاتێکدا ئەنجام دا، بەهێزترینیان بەئامانجگرتنی سەنتەری بازرگانیی جیهانی ئەمریکی World Trade Center بوو لە ساڵی ٢٠٠١، قاعیدە ئەم هێرشەی خستە ئەستۆی خۆی، بەمەش تاڵیبان تووشی دەردەسەرییەکی زۆر بوو، بۆیە سعودیە و ئیمارات دانپێدانانەکەیان لە تاڵیبان کشاندەوە، سەرەڕای ئەمەش بڕیارەکانی تاڵیبان رای جیهانی و ناوخۆی تووڕە کرد، لە ساڵی ٢٠٠١ پەیکەرە مێژووییەکانی بوزایان رووخاند، ئەمەش وای لە راهیبەکانی بوزا کرد لە میانمار کە کوشتارگەیەك دەرحەق بە رۆهینگای موسڵمان لە ولایەتی ئاراکان ئەنجام بدەن، بزووتنەوەی تاڵیبان بەهۆی رەفتارەکانی قاعیدە و بڕیارەکانی سەرۆکەکەی مەلاعومەر پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لەدەست دا، بۆیە ئەمریکا میرنشینی تاڵیبانی رووخاند و سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد، هێزەکانی ناتۆش بۆ ماوەی (١٣)ساڵ تا بارودۆخی سیاسی سەقامگیر دەبێت پاراستنی ئاشتییان گرتەئەستۆ، حزبە ناکۆکەکانی پێشوو کە بەرەیەکیان لە باکووری ئەفغانستان دژی تاڵیبان پێکهێنا هاتنە نێو کابوڵی پایتەختەوە، هەموویان لە ساڵی ٢٠٠١ بەشدارییان لە کۆنگرەی بۆن لە ئەڵمانیادا کرد، ئەنجومەنی باڵا (لۆیا جیرگا) کە ئەنجومەنێکی نوێنەرانی هۆزە ئەفغانییەکان بوو کۆبۆوە و حکومەتێکی کاتییان بە سەرۆکایەتیی حامد کەرەزای پێکهێنا تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەرد، حامد کەرەزای لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لە هەمان ساڵدا دەستووری تازەی بۆ وڵات نووسییەوە، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ کەرەزای سەرلەنوێ بردییەوە، لە ساڵی ٢٠١٠ بورهانەدین رەبانی بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاشتی بۆ ئەنجامدانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، لە ساڵی ٢٠١١ حیکمەتیار بانگەشەی شۆڕشی دژی حکومەتەکەی کەرەزای کرد بە بیانووی ئەوەی نۆکەری ئەمریکایە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی نەیارە سەرسەختەکەی (بورهانەدین رەبانی) بوو بە سەرۆکی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، ئەمریکا حیکمەتیاری لە لیستی تیرۆر تۆمارکرد و بە تیرۆریستی جیهانیی وەسفکرد، لە ساڵی ٢٠١١ بورهانەدین رەبانی تیرۆرکرا، لە ساڵی ٢٠١٢ کەرەزای داوای گفتوگۆی لە بزووتنەوەی تاڵیبان کرد، بەڵام رەتیان کردەوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە کەرەزای لە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئەمنی بێ ئومێد بوو کە تاڵیبان بزووتنەوەیەکی بەهێزە، لە ساڵی ٢٠١٤ ئەشرەف غەنی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و بوو بە سەرۆکی وڵات، بەمەش ئەرکی ئاشتیپارێز لەلایەن ناتۆوە کۆتایی هات، لە ساڵی ٢٠١٥ مەلا عومەر کۆچی دوایی کرد، ئەمریکاش (١٠)ملیۆن دۆلاری تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی زانیاری دەربارەی مەلا عومەر پێ بدات، یان هاوکاریی دەستگیرکردنی بکات، دواتر ئەنجومەنی شورای تاڵیبان لە ساڵی ٢٠١٥ کۆبۆوە و مەلا ئەختەر مەنسوری بە ئەمیری کۆمەڵەکە هەڵبژارد، لە ماوەی بزربوونی مەلا عومەر زۆر لە ئەندامانی تاڵیبان چوونە نێو داعش، عەبد رەب رەسوڵ سەیاف پێی وابوو کە داعش درێژکراوەی تاڵیبانی ئەفغانستانە، لە ساڵی ٢٠١٦ حیکمەتیار سەرۆکی حزبی ئیسلامی کە بەهێزترین حزبی ئیسلامییە رازی بوو بە وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان کاتێ بەشداریکرد لە پەیماننامەی ئاشتی بە بەشداریی پاکستان و چین و ئەمریکا لەپاڵ حکومەتی ئەفغانستان، ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ نەیارەکەی حکومەت و شازدە ساڵ پشتیوانی بۆ تاڵیبان واژۆکرا، ئەوە بوو ناوی لە لیستی تیرۆر دەرهێنرا و زیندانییەکانی حزبەکەی ئازادکران و چەکیشی دانا، لە ساڵی ٢٠١٧ حیکمەتیار دوای (٢٠) ساڵ لە دیارنەمانی گەڕایەوە کابوڵ و داوای لە تاڵیبان کرد بێتە نێو پرۆسەی ئاشتییەوە و چەك دابنێت، بەڵام ئەوان رەتیانکردەوە، حیکمەتیار رایگەیاند کە بزووتنەوەی تاڵیبان بەکرێگیراوی لایەنێکی بیانییە و پێویستە لەناوببرێت، بەڵام بەهێزیی بزووتنەوەکە و یاخیبوونی و بڵاوبوونەوەی وای لە ئەمریکا کرد بە خۆیدا بچێتەوە و گفتوگۆی جددی لەگەڵ تاڵیبان دەست پێ بکات، بۆیە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پۆمپیۆ رایگەیاند کە وتوێژەکان قۆناغی زۆریان بڕیوە، ئامانجیش لەو گفتوگۆیە شکستی هێزەکانی ئەمریکایە لە پاراستنی ئاشتی، تاکو تاڵیبان و قاعیدە و داعش لە یەکدی جیابکرێنەوە.

**بڕیارەکانی تاڵیبان رای جیهانی و ناوخۆی تووڕە کرد، لە ساڵی ٢٠٠١ پەیکەرە مێژووییەکانی بوزایان رووخاند، ئەمەش وای لە راهیبەکانی بوزا کرد لە میانمار کە کوشتارگەیەک دەرحەق بە رۆهینگای موسڵمان لە ولایەتی ئاراکان ئەنجام بدەن**



## نەبەز عەبدولحەمید عوسمان

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بۆ گوڵان:

# لە ڕەمەزاندا لێژنەکانی چاودێریکردنی بازاڕ کارەکانیان چڕتر دەکەنەوە

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، وێڕای ئەوەی مانگی خوداپەرستی و ڕۆژووگرتن و نزایە، لەهەمان کاتیشدا جموجووڵێکی زۆریش دەکەوێتە ناو بازاڕەکان و خواست لەسەر هەندێك لە کاڵاو پێداویستییە سەرەکییەکان روو لە زیادبوون دەکات، بەمەش دیاردەی هەڵاوسانی نرخ و تەنانەت لێرەولەوێ حاڵەتی قۆرخکاری و گەمەکردن بە نرخ و بەهاکان دەست پێ دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئامادەکارییەکانی لێژنەکانی چاودێری و پشکنینی بازاڕ و چەند پرسێکی دیکەی تایبەت بەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەبەز عەبدولحەمید عوسمان قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر کرد.

*** وەکو قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، ئایا لێژنەکانی چاودێری و پشکنینی بازاڕ تا چەند ئامادەن بۆ ڕێگەگرتن لەو کەسانەی سەرپێچی لە گرانبوونی نرخەکان دەکەن و قۆرخکاریی ئەنجام دەدەن؟**

- لای هەمووان ئاشکرایە کەوا لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا خواست لەسەر کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەمە وێڕای ئەوەی بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان جموجووڵێکی زیاتر بەخۆوە دەبینن، هەربۆیە لەم مانگە پیرۆزەدا کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لێژنەکانی چاودێریکردنی بازاڕ ئەرك و کارەکانیان زیاتر و چڕتر دەکەنەوە، تاوەکو ڕێگە لەهەموو سەرپێچی و بەرزبوونەوەیەکی نرخ بگرن، کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی هاووڵاتیان دەگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لە قایمقامییەت لێژنەیەکی باڵامان هەیە کە نوێنەری هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی بازرگانی و ڤێتەنەری و تەندروستی و بەرگریی شارستانی و گەشتوگوزار و کۆمەڵەی چێشتخانەو میوانخانەکان و چەندین دامودەزگای دیکەی حکومەت لەخۆدەگرێت، بەرنامە و پلانیشمان هەیە بۆ زیادکردن و فراوانکردنی کاری چاودێری و پشکنینەکانی بازاڕ.

*** ئاشکرایە کە هەماهەنگی و هاوکاریی هاووڵاتیان کاری لێژنەکانی چاودێری و پشکنینی بازاڕ ئاسانتر دەکات، ئایا هاووڵاتیان لەکاتی بینینی هەر سەرپێچییەکدا چۆن پەیوەندی بە لێژنەکاندانەوە دەکەن؟**

- کۆنترۆڵکردنی سەرپێچیەکان و سزادانی ئەو کەسانەی گەمە بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن بە بێ هاوکاری هاووڵاتیان کارێکی قورسە، بۆیە هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ژمارە تەلەفونەکانی (٧٥٠٢٢٢٤٤٦٦ -٠٧٥٠٢٢٢٤٤٨٨) لەسەر هەر سەرپێچیەك و بوونی هەر کەلوپەل و خواردەمەنییەکی ئیکسپایەر و ماوە بەسەرچوو زانیاریمان پێ بدەن، لێژنەکانیشمان ڕاستەوخۆ دەگەنە شوێنەکە و ئیجرائاتی پێویست وەردەگرن. مەرج نییە گرانبوونی نرخەکان تەنیا پەیوەندی بە گرانبوونی نرخی ئەو کاڵا و کەلوپەل و خۆراکانەوە هەبێت کە لە سەرچاوەی هێنانەکەیەوە گران بووبێت، ئەگەر واش بێت، ئێمە لێرە ڕێگانادەین کەسانێك ئەم دۆخە بقۆزنەوە و زیاتر گەمە بە نرخەکانەوە بکەن و زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن، هەر بۆیە لەگەڵ تێبینیکردنی هەر حاڵەتێکی نائاسایی بەدواداچوون بۆ کێشەکە دەکەین و ئیجرائاتی پێویست وەردەگرین، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو هەڵکشانی نرخەکان پەیوەندی بە قۆرخکاری و گەمەی بازاڕەوە هەبێت، ئەوا سەرپێچیکار ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە و ڕێگە نادەین هیچ کەسێك گەمە بە نرخەکانی بازاڕ بکات.

*** سەبارەت بە دیاردەی بوونی کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو کە لە ناو بازاڕەکانی کوردستاندا خەریکە بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنە دەکات، تا چ ڕادەیەك توانیوتانە دەست بەسەر ئەو کاڵاو شمەکانەدا بگرن و سزای سەرپێچیکارانیش بدەن؟**

- من سوپاسی هاووڵاتیان دەکەم کە لە دەستنیشانکردنی کاڵاو کەلوپەلی خراپ و بەسەرچوو ڕۆڵێکی باشیان هەیە، لەم ڕووەوە کاری باشمان ئەنجام داوە و توانیومانە دەست بەسەر کاڵا و کەلوپەلێکی زۆری ماوەبەسەرچوو بگرین و ڕاستەوخۆ ئەندامانی لێژنە باڵاکە واژوو لەسەر جۆری سەرپێچیەکە و سزادانی دەکەن و کاڵا و کەلوپەلە بەسەرچووەکە بەپێی ڕێنماییەکانی لێژنەی پارێزی و شارەوانی لەناو دەبەن و سزای دارایی خاوەن کاڵاکەش دەکەن، تەنانەت ئەو کاڵا و کەلوپەلانەی لە خاڵە سنوورییەکان و ئەو دیوی بازگەکانەوە دێن، هەر لەوێ کۆنترۆڵ و بەدواداچوونیان بۆ دەکەین، بەپێچەوانەوە هەر کاڵاو کەلوپەلێك ئەگەر پشکنینی بۆ نەکرێت ڕێگای پێنادرێت بێتە ناو شارو بازاڕەکانی کوردستانەوە، لەکاتی مۆڵەتدانی هاتنی کاڵاکانیش لێژنەکانی ئێمە لە کۆگا و بازاڕەکانیشدا پشکنینی بۆ دەکەن، چونگە زۆر جار بەهۆی خراپ ئەمبارکردن و نەبوونی کوالێتی لە کۆگاکان گرفت بۆ کاڵاو خواردەمەنییەکان دروست دەبێت.

*** جگە لە پاراستنی ڕەوشی بازاڕ و نرخەکان و ڕێگەگرتن لەهێنانی کەلوپەلی ئێکسپایەر و خراپ، لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا بازاڕەکان جموجووڵێکی زۆر بەخۆیانەوە دەبینن، لەمەشدا پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان لە ڕیزبەندی**

**هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ژمارە تەلەفونەکانی (٧٥٠٢٢٢٤٤٦٦ -٠٧٥٠٢٢٢٤٤٨٨) لەسەر هەر سەرپێچیەک و بوونی هەر کەلوپەل و خواردەمەنییەکی ئیکسپایەر و ماوە بەسەرچوو زانیاریمان پێ بدەن**

**هەموو کێشە و گرفتێکی ئەمنی لە کۆبوونەوەی لێژنەی ئەمنی شاری هەولێر دەخرێتەڕوو، دوای گفتوگۆ و راوەرگرتن، ڕێگاو چارەسەری خێرا و پێویست دەگیرێتەبەر و ڕێگە نادەین هیچ تاوانبار و سەرپێچیکارێک تایبەتمەندێتی ئەم مانگە پیرۆزە بقۆزێتەوە و سەرپێچی و تاوان ئەنجام بدات**

**لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پەیوەندییەکی باشمان هەیە و لەمانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا هەماهەنگیمان لەگەڵ مامۆستایانی بەڕێز و مزگەوتەکان هەیە بۆ ئەوەی لە وتارەکانیاندا هاندەری خەڵک بن و ڕێگە لە هەموو حاڵەت و کارێکی نامۆ، یان توندوتیژی بگرین**

**پێشـەوەی کارەکان دێـت، ئایا لـەم رووەوە تاچەنـد وەکـو قایمقامییەتـی هەولێـر هەماهەنگیتـان لەگـەڵ لێژنەکانـی ئەمنی هەیـە؟**

- لـە مانگـی پیـرۆزی رەمەزانـدا خەڵکـی لـە دوای نانخواردنـی ئێـواران زیاتـر روو لـە بـازاڕەکان دەکـەن و جموجووڵێکـی زۆر لەشـەواندا هەیـە، هەربۆیـە هێـزە ئەمنییـەکان هـەر لـە پۆلیسـی نەهێشتنی تـاوان و پۆلیسـی هاتوچۆ و هێزەکانـی ناوخـۆ و ئاسـایش پلانـی خۆیـان بـۆ پاراسـتنی سـەروماڵی هاووڵاتیـان لـە شـوێنە گشـتییەکان و مۆڵـەکان و بـازاڕدا هەیە، هـەر بەڕێوەبەرایەتییـەك بەشـێك لەبەرنامـە و پلانـی خـۆی هەیـە بـۆ هێمنـی و پاراسـتنی بـازاڕ و ژیانـی هاووڵاتیـان، ئێمـەش وەکـو قایمقامییـەت و لێژنـەی ئەمنـی هـاوکار و هەماهەنگیـن لەکارەکانـدا، هەمـوو کێشـە و گرفتێکـی ئەمنـی لـە کۆبوونـەوەی لێژنـەی ئەمنـی شـاری هەولێـر دەخرێتـەڕوو، دوای گفتوگـۆ و راوەرگرتـن، رێـگاو چارەسـەری خێـرا و پێویسـت دەگیرێتەبـەر و رێگـە نادەیـن هیـچ تاوانبـار و سـەرپێچیکارێك تایبەتمەندێتـی ئـەم مانگـە پیـرۆزە بقۆزێتـەوە و سـەرپێچی و تـاوان ئەنجـام بـدات، تەنانـەت ئێمـە پەیوەنـدی و هەماهەنگیمـان لەگـەڵ یەکێتـی زانایانـی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام هەیـە.

*** لـەم مانگـەدا خەڵکێکـی زۆر روو لـە مزگەوتـەکان دەکـەن، هەربۆیـە مامۆسـتایانی ئایینـی دەتوانـن رۆڵێکـی گـەورە بگێـڕن لـە رێگەگرتـن لەهـەر دیـاردە و حاڵەتێکـی نامـۆ و نەشیاو؟ ئایا لـەم رووەوە لەگـەڵ یەکێتی زانایانی ئایینـی چ بەرنامەیەکتـان هەیـە؟**

- رێژەیەکـی زۆری خەڵکـی شـارەکە موسـڵمانن و کاریگەریـی ئیسـلام لەسـەریان زۆرە، هەربۆیـە ئێمـە لەگـەڵ یەکێتـی زانایانـی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام و وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی پەیوەندییەکـی باشـمان هەیـە و لەمانگـی پیـرۆزی رەمەزانـدا هەماهەنگیمـان لەگـەڵ مامۆسـتایانی بەڕێـز و مزگەوتـەکان هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە وتارەکانیانـدا هانـدەری خەڵـك بـن و رێگـە لـە هەمـوو حاڵـەت و کارێکـی نامـۆ، یـان توندوتیـژی بگریـن، لـە هەندێـك حاڵەتـدا ئەگـەر کێشـەیەك روویدابێـت لـە رێگـەی ئاگادارکردنـەوەی ئێمـە بـۆ مامۆسـتایانی ئایینـی لـە مزگەوتەکانـدا خسـتوویانەتەڕوو و وتـاری ئایینییـان لەسـەر پێشـکەش کـردووە و هاوکارمـان بـوون بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە، مامۆسـتایانی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا پێشـڕەو بـوون لـە رێگەگرتـن لـەو کارە نەشـیاو و خراپانـەی کـە کەسـانێك ئەنجامـی دەدەن، یـان کەسـانێك بیانەوێـت ئـەو مانگـە پیـرۆزە و بۆنـە ئایینییـەکان بقۆزنـەوە بـۆ ئـەوەی نرخەکانـی بـازاڕ گـران بکـەن و قۆرخـکاری لـە خـۆراك و پێداویسـتییەکانی خەڵکـدا بکـەن.

*** زیادەڕۆیـی لەسـەر شـەقام و شۆسـتەکان لەشـاری هەولێـر زۆر بـووە، بەتایبەتـی لەلایـەن دوکاندارەکانـەوە، ئایـا بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بەرنامەتـان چییـە؟**

- لەنـاو شـاری هەولێـر و زۆربـەی شـار و شـارۆچکەکانی دیکـەی کوردسـتان زیادەڕۆیـی لەسـەر شۆسـتە و بەردەمـی دوکانـەکان هەیـە، ئێمـە لەلایـەن لێژنەکانمانـەوە بـەردەوام لایـان دەبەیـن، بـەڵام بەهـۆی هاتنـی ژمارەیەکـی زۆری ئـاوارە و پەناهەنـدە لـە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراق و کوردانـی رۆژئـاوا و کوردانـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم، ئـەم دیاردەیـە زۆر بـووە و ئێمـەش تـا رادەیـەك رەچاوی حاڵەتـی بژێـوی ژیانیانمـان کـردوون، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی نەبنـە رێگـر لـە هاتوچـۆی سـەر شـەقام و شۆسـتەکان. ئەوەتـا بەناچـاری لەهەنـدێ شـوێنی وەکـو شـێخەڵاو بـازاڕی گەڕەکـەکان چاوپۆشـیمان کـردووە، بـەڵام کاتێـك زیانیـان بـۆ خەڵکـی هەبێـت، هـەر شـەش شـارەوانییەکەی سـنووری قـەزای ناوەنـدی هەولێرمـان ئـاگادار کردووەتـەوە کـە رێگـری بکـەن لـەو زیادەڕۆییانـە کـە لەسـەر شۆسـتە و بەردەمـی بـازاڕ و دوکانەکانـی خەڵکـی هەیـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەبـەردەوام ئیجرائـات دەکەیـن و زۆر شـوێنیشمان خاوێـن کردووەتـەوە وەکـو قەیسـەری و بـازاڕی ئیسـکان کـە جەنجاڵـی و بێسـەروبەریی ئـەم زیادەڕۆییانـە بـە شـێوەیەك بـوو زیانـی گەیاندبـووە کار و کاسـبیی دوکاندارەکان، هـاوکات قەرەباڵغیـی سـەر شـەقامەکانی لێکەوتبـووەوە، هەربۆیـە بـەردەوام پـلان و بەرنامەمـان هەیـە و هەنـگاو بەهەنـگاو هەمـوو بـازاڕ و شـوێنەکان رێکدەخەینـەوە و زێدەڕۆییـان لـێ ناهێڵیـن.

**هەر کاڵاو کەلوپەلێک ئەگەر پشکنینی بۆ نەکرێت رێگای پێنادرێت بێتە ناو شارو بازاڕەکانی کوردستانەوە، لەکاتی مۆڵەتدانی هاتنی کاڵاکانیش لێژنەکانی ئێمە لە کۆگا و بازاڕەکانیشدا پشکنینی بۆ دەکەن**

**مەرج نییە گرانبوونی نرخەکان تەنیا پەیوەندی بە گرانبوونی نرخی ئەو کاڵا و کەلوپەل و خۆراکانەوە هەبێت کە لە سەرچاوەی هێنانەکەیەوە گران بوویێت، ئەگەر واش بێت، ئێمە رێگانادەین کەسانێک ئەم دۆخە بقۆزنەوە و گەمە بە نرخەکانەوە بکەن**



**نەوزاد ئەدهەم**

بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی بۆ گوڵان:

# بازرگانی رووی لە بووژانەوە کردووە و بازاڕ جموجووڵێکی باشی تێکەوتووە

**بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی نرخی کاڵا و کەلوپەلەکان و بنبڕکردنی قۆرخکاری و ڕێکخستنی یاساکانی کاری بازرگانی، بەتایبەتی لەنێوان هەرێم و عێراق، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** دەكرێت بزانین بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی چۆن لە دۆخی ئابوورییەكی وەكو كوردستاندا كۆنترۆڵ و چاودێریی بازاڕ و نرخەكان دەكات و ڕێگری لە هەڵكشانی نرخ و دیاردەی قۆرخكاری دەكات؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە پارێزگاكانی كوردستان ٢٢ بەڕێوەبەرایەتی هەیە، كە بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی بازرگانی یەكێكە لەو بەڕێوەبەرایەتییانە، كارەكانی چاودێریی بازاڕ و نرخەكان و دەستنیشانكردنی كەلوپەلی ئیكسپایەر و بەسەرچوو دەكات. سەبارەت بە پرسیارەكەش دەبێت ئێمە بزانین كە لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەردوو حكومەتی هەرێم و عێراق سیستەمی ئابووریی بازاڕ پیادە دەكەن، بەمەش لە زۆر بوار و كاڵادا دەستێوەردانی نرخ و بازاڕ ناكەن، ئەو كاڵا و خواردەمەنی و پێداویستییانەش كە سەرەكین و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەلایەن ئەنجومەنی ئابووریی پارێزگاكانەوە نرخەكانی دادەنرێت، وەكو نرخی گۆشت و سەوزە و میوە و نرخی كارەبای مۆلیدە و نرخی هەندێك لە چێشتخانە و میوانخانەكان، بەڵام هەرچی كەلوپەلی كارەبایی و مۆبایل و ئەلەكترۆنیات و زۆر كاڵا و پێداویستیی دیكەی كەمالیات بازاڕ نرخەكانی دیاری دەكات و تا ئێستا حكومەت دەستی لە كاروباری نرخەكانی وەرنەداوە، پێش ساڵی ٢٠٠٣ حكومەتی عێراق لە ڕێگەی وەكیلەكانەوە خۆی ئەو كاروبارانەی ڕێكدەخست، ئەو سەردەمە كەسی وا هەبوو، مۆڵەتی ١٠ وەكالەی هێنانی كەلوپەلی جۆراوجۆری هەبوو، ئەوەی ئێستا ئێمە دەیكەین، تەنیا سەرپەرشتیكارییە.

*** بابەتێكی دیكە ئەوەیە كە دەوترێت هەمواركردنەوەی یاساكان نەیتوانیوە تا ڕاددەیەك چارەسەری ئەو گرفت و كێشانە بكات كە ڕووبەڕووی ئێوە لە بازرگانی و یەكە ئیدارییەكان و ڕەوشی بازاڕ دەبێتەوە، لەم بارەیەوە تێڕوانینتان چییە؟**

- ئێمە بۆ ڕێكخستنی بازرگانی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ١٩٧٠ ی عێراقی پیادە دەكەین، كە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢ بۆ ٢٠٠٥ ئەم یاسایە بە بەردەوامی هەموار كراوەتەوە و هەمواركردنەوەكان لە ئەسڵی یاساكە زیاترن، لەكاتی خۆی ئەگەر كەسێك سەرپێچی لە یاسای بازرگانیی عێراقی بكردایە لە ١٠ بۆ ٢٠ دینار غەرامە دەكرا، ئێستا بۆ ١٠٠ هەزار دینار زیاد كراوە، كە زۆر كەمە و نابێتە ڕێگر لەبەردەم سەرپێچییە بازرگانییەكاندا، هەمواركردنەوەكەشی لە عێراقدا لە فەلسەفە سیاسی و ئابوورییەكەی ناو یاساكە نییە، بەڵكو هەمواركردنەوەكە لە بواری شكڵیاتەكەیەتی. بەشێوەیەكی گشتی لەبواری ئابووریدا یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٠ هەیە كە لە وەزارەتی بازرگانی دەرچووە، یاساكە حكومەتی هەرێمی كوردستانی بە سەرپەرشتیار داناوە و ئێمە لە ڕێگەی چاودێریی بازرگانیی پارێزگاكان و بە هەماهەنگی ئەو لیژنە ئابوورییانەی كە لە یەكە ئیدارییەكان هەیە، بەدواداچوون بۆ ئەو جۆرە بابەتانە دەكەین كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

*** ئایا مەبەستت ئەو كۆبوونەوەیە بوو كە لەم دواییەدا لەنێوان نوێنەرانی هەردوو حكومەتی هەرێم و عێراق بەڕێوەچوو، كە تایبەت بوو بە بازرگانیی قەدەغەكردنی هەندێك كاڵا كە لەمەودوا نەهێنرێتە ناوخۆی كوردستان و عێراقەوە؟**

- بەپێی دوابڕیارەكانی حكومەتی عێراق كە لە ٢٨ی مانگی ڕابردوو لە هەولێر بڕیاری لەسەر درا، ٧٩ جۆری كاڵا هەیە كە لە یەكی ئایاری ئەمساڵەوە چیتر ڕێگا نادرێت بێتە ناوخۆی عێراقەوە، دەبێت كوردستانیش پابەندی بێت، بەڵام تێڕوانین و بۆچوونی ئێمە جیاواز بوو، بەوەی هەندێك كاڵاو پێداویستی و خۆراك هەیە كە بازرگانەكانی ئێمە گرێبەستیان لەگەڵ بازرگان و كۆمپانیا بیانییەكان كردووە كە لەدەرەوە بیهێنن، لەكاتی قەدەغەكردنیش بەپێی گرێبەستەكان مەرجی سزایی دەكەوێتە سەریان، ئەمە وێڕای ئەوەی لەكاتی قەدەغەكردنی هێنانی ئەو كاڵاو بەرهەمانە نرخەكان لەبازاڕدا گران دەبن، بەڵام لە بەرهەمێكی وەكو چیمەنتۆ و شیشدا دەكرێت تەنیا باج و ڕسومات لەسەر بەرهەمی بیانی دابنرێت، تاوەكو بەرهەمی خۆماڵی بتوانێت كێبڕكێی بەرهەمی بیانی بكات، بۆ نموونە: هاوردەكردنی یەك تەن شیش پێشتر ٢٠ هەزار دیناری لێ وەردەگیرا، دەكرێت ئێستا بكرێتە ١٠٠ هەزار دینار، بەمەش نرخی بەرهەمی چیمەنتۆ و شیشی ناوخۆ هەرزانتر ڕادەوەستێت و پاڵپشتییەكی باشی بەرهەمی خۆماڵییە، گرفتەكە

**ئەو كاڵا و خواردەمەنی و پێداویستییانەش كە سەرەكین و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەلایەن ئەنجومەنی ئابووریی پارێزگاكانەوە نرخەكانی دادەنرێت**

**لەكاتی خۆی ئەگەر كەسێک سەرپێچی لە یاسای بازرگانیی عێراقی بكردایە لە ١٠ بۆ ٢٠ دینار غەرامە دەكرا، ئێستا بۆ ١٠٠ هەزار دینار زیاد كراوە، كە زۆر كەمە و نابێتە ڕێگر لەبەردەم سەرپێچییە بازرگانییەكاندا**

**لە ڕێگەی چاودێریی بازرگانیی پارێزگاكان و بە هەماهەنگی ئەو لیژنە ئابوورییانەی كە لە یەكە ئیدارییەكان هەیە، بەدواداچوون بۆ ئەو جۆرە بابەتانە دەكەین كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە**

لەوەدا بووە کە لایەنی عێراقی پێشتر بڕیاریان لەسەر قەدەغەکردنی هاتنی ئەم کاڵاو شمەکانە داوە و خاڵە سنوورییەکانیش کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە پابەندن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

*** زۆرجار بەهۆی لاوازیی کاروباری چاودێرییەوە کێشە و گرفتی هێنانی کاڵای خراپ و بابەتی ئیکسپایەر لە خاڵە سنوورییەکانەوە روودەدات، واتا پێویستە ڕێگەنەدرێت ئەو کاڵاو بەرهەمانە بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، ئایا هەوڵی ئەوە دراوە لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوون و کوالێتی کۆنترۆڵ لە خاڵە سنوورییەکان بەهێز بکرێن؟**

- لە هەردوو سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی کۆمپانیای نیوستاندارت هەیە و بەرپرسن لە کوالێتی و ماوەبەسەرچوون، کۆمپانیای زەرگەش لە سنووری سلێمانی بەرپرسە لە خاڵەکانی باشماخ و پەروێزخان و...هتد، ئەو دوو کۆمپانیایە هەر ماددەیەك خراپ بێت، یان ماوەبەسەرچوو بێت، یان ماوەی بەسەرچوونەکەی کەمی مابێت، راستەوخۆ ئاگادارمان دەکەنەوە، بەڵام هەندێك جار کاڵاکان بەهۆی خراپ ئەمبارکردن، یان مانەوە و نەفرۆشتن و بەکارنەهێنانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەناوخۆی کورستان تێك دەچێت، لەمەشدا لیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ کارەکانیان بەباشی دەکەن، مانگانە بڕێکی زۆری خۆراکی ماوەبەسەرچوو لەناو دەبرێت و زۆر لە بازرگان و کۆمپانیاکانیش هاوکارمانن و زۆرجار خۆیان خۆراکە ماوەبەسەرچووەکان رادەستی لیژنەکانمان دەکەن.

*** بەپێی ئەو داتاو ژمارە و زانیارییانەی لەبەردەستی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیدایە، ئایا رەوشی بازرگانی لەهەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی بۆ هەموو پارێزگاو شارەکانی عێراق وەکو سەنتەرێکی بازرگانی دادەنرێت، بۆ نموونە: لەبوارەکانی ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی کارەبایی و مۆبایل و زۆر بواری دیکەدا لێرەوە بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق کەلوپەل دەچێت، ئەمەش بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، چونکە ژمارەی دانیشتووانی عێراق ٣٧ ملیۆن کەسە و لە هەرێمی کوردستان پێنج ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس دەژین، بوونی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری بۆ رەوشی بازرگانی و بازاڕ گرنگە، ئەمەش خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستانە، تەنانەت مامەڵەکردنی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازرگانەکان بەراورد بەعێراق باشترە و رۆتین و دواکەوتنی مامەڵەکان لێرە کەمترە، هەربۆیە زۆر لە بازرگان و کۆمپانیاکانی عێراق پێیان باشترە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن و دێنە ئێرە و مۆڵەت وەردەگرن و لقەکانیان لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەن، دەڵێن لێرە دەزانین هەرێمی کوردستان چی لە ئێمە دەوێت، بەڵام لە عێراق هەر رۆژەو بڕیار و رێنماییەك دەردەچێت، هەربۆیە راستە زۆرجار بۆ بازرگانە عێراقییەکان هێنانی کاڵا لە ئوم قەسر کەمتر رادەوەستێت، بەڵام زەحمەتی و ئازارێکی زۆریان دەدەن، هەندێك کۆمپانیاش هەیە بەتایبەتی کۆمپانیاکانی گواستنەوە، پێیان خۆشە لە خوارووی عێراق لە ئوم قەسر کاڵاکانیان داخڵ بکەن چونکە تێچووەکانیان کەمترە، هەرچەندە رۆتینیاتیش زۆرە، هەرچی کۆمپانیاکانی خۆراك و دەرمانە پێیان خۆشە لە خاڵە سنوورییەکانی کوردستانەوە کاڵاکانیان داخڵی عێراق بکەن، چونکە لێرە رۆتین نییە و کارەکانیان خێراتر بەڕێوەدەچێت و ئەو کەلوپەلانەش پێویستیان بە کات و خێرایی هەیە بۆ ئەوەی بە دەستی کۆگا و ئەمبارەکان و کڕیارەکان بگەن، بەشێوەیەکی گشتی ئێستا ئەو کەلوپەلانەی لەخوارووی عێراق دێت بەشێکی دێتە هەرێمی کوردستان و بەپێچەوانەشەوە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان داخڵ دەبێت، بەشێکی دەچێتە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەر کەس و کۆمپانیایەك بەپێی بەرژەوەندیی خۆی ئازادە چۆن کاڵاو کەلوپەلەکانی داخڵ دەکات .بە شێوەیەکی گشتی بازرگانی رووی لە بووژانەوە کردووە و بازاڕ جموجووڵێکی باشی تێکەوتووە و بەتەواوەتیش بازاڕەکان لە ژێر کۆنترۆڵی چاودێریی بازرگانی و لیژنەکانی چاودێریی نرخ و کوالێتیدان، ڕێگەنادەین هیچ کاڵا و کەلوپەلێکی ماوەبەسەرچوو بفرۆشرێت، هەر کاڵاو کەلوپەلێکیش نرخەکەی بەرز ببێتەوە، راستەوخۆ دەستێوەردان دەکەین و وا دەکەین ئەو جۆرە کاڵاو خۆراکە زیاتر بێت، تاوەکو خستنەڕووی زیاد بکرێت و نرخەکەی بەرز نەبێتەوە، ڕێگاش نادەین هیچ کەسێك زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنێت و قۆرخکاری لەنرخەکاندا بکات.

**مامەڵەکردنی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازرگانەکان بەراورد بەعێراق باشترە و رۆتین و دواکەوتنی مامەڵەکان لێرە کەمترە**

**ڕێگەنادەین هیچ کاڵا و کەلوپەلێکی ماوەبەسەرچوو بفرۆشرێت، هەر کاڵاو کەلوپەلێکیش نرخەکەی بەرز ببێتەوە، راستەوخۆ دەستێوەردان دەکەین و وا دەکەین ئەو جۆرە کاڵاو خۆراکە زیاتر بێت، تاوەکو خستنەڕووی زیاد بکرێت و نرخەکەی بەرز نەبێتەوە**

## بۆچوونێک سەبارەت بە
## ئاستی پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەرێم و ناوەند

# شەراکەت یان ململانێ؟

دەوڵەتانی پێشکەوتوو چەندین قۆناخیان لە گەرمەی ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بەسەر بردووە و لەمەشدا زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، شەڕوشۆڕ و ململانێ ئاسەوارێکی زۆریان بەجێهێشتووە و ئێش و مەینەتی و زیانێکی فرەی پێ چەشتوون، هاوکات کاریگەرییان هەبووە بۆ سەر خۆشگوزەرانیی مرۆڤ کە هەر ئەوان زەرەرمەندی یەکەمی ئەو هەموو ململانێیە بوون، دوای چەندین ساڵ ئەو دەوڵەتانە دەرکیان بەو ئێش و مەینەتییانە کرد و بیریان کردەوە کە پێویستە زمانی مامەڵەکردنی نێوانیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی لەجیاتی بەکارهێنانی زمانی تۆپ و فڕۆکە و مووشەکی وێرانکەر، زمانی بەرژەوەندییەکان بگۆڕدرێت.

یەکێتیی ئەورووپا و دراوی یەکگرتووی ئەو دەوڵەتانە واتا (یۆرۆ) دیارترین دەرهاویشتەی کارلێکی ئەو بەرژەوەندییانە بوو، لێرەدا دەپرسین: کاتێ ئەمڕۆ عێراقی فیدراڵ دەبینین، هەروەها دەشبینین چۆن کورد و نەتەوەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا بەیەکەوە دەژین و هەرێمیش لە چوارچێوەی هەماهەنگیدایە لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغدا، دەزانین ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە هەردوولا (حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند) خاڵی بەرژەوەندیی هاوبەش ڕەچاو بکەن و خاڵە ناکۆکەکانیان وەلاوەبنێین، چەندین پرۆژەی ئابووریی هەن ئەگەر بە وردی دیقەتیان لێ بدەین، دەبینین کە دەرفەتی ئابووریی زۆریان تێدایە بۆ بەکارخستنی بێکاران و هێنانەکایەی سوودی زۆری ئابووری، بۆ نموونە: ئەگەر سەیری یەکێك لەو پرۆژانە بکەین، کە حکومەتی ناوەند بە پارەدارکردن دەتوانێت بەشداری تێدا بکات دروستکردنی پرۆژەی گرنگ و قەبەی بەنداو و کۆگاکانی ئاوە لە هەرێمی کوردستان، کە لە هەموو پارێزگاکاندا شوێنی گونجاو بۆ دامەزراندنیان لەئارادایە، هەروەها بەرهەمهێنانی کارەبا کە هەموو پێداویستیی عێراق پڕدەکاتەوە، تەنانەت دەکرێ زیادەکەشی هەناردەی دەرەوە بکرێت، ئەمە وێرای ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری کە هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور دەتوانن بە ئاسانی و بێ ئاستەنگ سەردانی بکەن، بەبێ ئەوەی رووبکەنە دەرەوە خەریکی وەرگرتنی ڤیزا بن، لە سایەی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا کە بە سەر ئێران و ئەو دەوڵەتانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن سەپاندوونیەتی، ئایا ئەمەش نابێتە ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە پێویستە هەماهەنگیی هاوبەش لەنێوان ناوەند و هەرێم بەهێز بکرێت؟ هەروەها دەکرێت زمانی ململانێ و ناکۆکی ببێتە زمانی شەراکەت و هاوکاری و پێداویستیی عێراق بەتایبەت لە وزەی کارەبا، سەرباری ئەوەی کە دەکرێت ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە ئاو چەند ساڵی رابردووی وشکەساڵییان قەرەبوو بکرێتەوە.

تا ئێستا تۆڕی گواستنەوەی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند تەنیا لە رێی ئاسمان و وشکاییەوەیە، ئەوەی جێی داخە تێچووی گواستنەوە بە فڕۆکە لەسەر هاووڵاتیی کەمدەرامەت، کاتێ خۆی و خێزانەکەی دەیەوێت بۆ گەشتیاری بە هاتن و گەڕانەوە بە فڕۆکە




**د.ئەمین محەمەد سەعید ئیدریسی**

مامۆستای ئابووری- زانکۆی سەلاحەدین

بۆ گوڵان نووسیویەتی


روو لە هەرێم بکەن، زیاتر بووە، بەڵام گواستنەوە بە ڕێگای وشکایی ئەوە پێویست بەوە ناکات کە وەسفی بکەین، کە کاتێ هاووڵاتیان لە بەغداوە لە ڕێی دیالە و کەرکووك دێنە هەولێر و سلێمانی زیاتر بە ڕێگای مردن ناسراوە، دەپرسین: ئایا کاتی نەهاتووە کە هەردوو حکومەت هەماهەنگی بکەن و ئەو ڕێگایانە چاك بکەنەوە؟ پاشان بۆچی هەماهەنگی ناکەن بۆ ئەوەی سیستەمی گواستنەوە بە دامەزراندنی هێڵی ئاسن چ بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان، یان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و کاڵا ئاسان و هەرزان بکەن؟ ئەمە سەرباری ئەوەی کە پارەیەکی باشیش دەمێنێتەوە و عێراق لێی سوودمەند دەبێت، کاتێ پرۆسەی گواستنەوەی نێوان ناوەڕاست و باشوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبووژێتەوە؟ هاوکات هەرێمی کوردستانیش چەند سوودمەند دەبێت لە داهاتی گەشتیاری لە ڕێی ئەو تۆڕە کەمخەرجییەی گواستنەوە؟ دواتر ئایا پێشبینی ناکەین کە خەڵکێکی زۆر لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ نموونە رووبکەنە بەغداو بەسرە؟ تا ئێستا زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێم لە ژیانیادا نەچوونەتە بەغدا و شوێنە گەشتیارییەکانیان نەبینیوە، نازانن زۆنگاوەکانی عێراق و شەتولعەرەب و دارخورما سەرکەشەکان چۆنن، بۆیە دروستکردنی هێڵی ئاسن لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق داهاتێکی زۆر بۆ هاووڵاتیانی هەردوو لا دابین دەکات.

دیسانەوە دەڵێین: ئایا دامەزراندنی تۆڕەکانی گواستنەوە و بەتایبەتیش هێڵی ئاسن نابێتەهۆی خێراکردن و ئاسانکردنی گواستنەوەی بەرهەمەکانی خۆراك و پیشەسازیی نێوان هەردوولا و گەیاندنیان بۆ بازاڕەکان بە نرخێکی هەرزان؟ بۆ نموونە: ئایا بەرهەمهێنەرانی تەماتە و سیر و کاڵەك لە کێڵگەکانی زوبێر و سەفوان لە بەسرە سوودمەند نابن وەك چۆن بەرهەمهێنەرانی خەیار و شیرەمەنی و کارگەکانی ئاوی شیرینی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند دەبن؟ دواتر ئایا گواستنەوەی هەرزان نابێتە هاندەرێك بۆ دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی کە لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق کە لە بەر کەمبازاڕی و بەرزبوونەوەی تێچووی گواستنەوە سوودیان نەبوو؟

ئایا هەماهەنگیی هاوبەش بە پاڵپشتیی میدیایەکی کارا، نابێتە هاندەر بۆ کاراکردنەوەی بازاڕی نیشتەجێبوون کە بۆ چەندین ساڵ بە هۆی نەبوونی زمانی دیالۆگ لەنێوان هەرێم و ناوەند پەکخرابوو؟ پێویستە میدیایەکی کارا بۆ هاندانی هاووڵاتیانی ناوەڕاست و باشوور بێتەئاراوە بۆ کڕین، یان بەکرێگرتنی خانووبەرە لە پرۆژەکانی نیشەجێکردن کە دروستکراون، یان ئەوانەی کە تائێستا کاریان تێدا ڕاگیراوە، یان پشتگوێخراون بەهۆی قەیرانی ئابووری کە ساڵانێك ڕووبەڕووی هەرێم ببووەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەو هاووڵاتیانە رووبکەنە تورکیاو دوبەی و دەوڵەتانی دیکە و شوقە و ڤێلا بکڕن؟ ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە خزمەتگوزاری و ئاسانکارییان بۆ دەکەن بە مەبەستی ڕاکێشانی پارەی بیانی.



**دکتۆر ئەنەس محەمەد شەریف**

**ئەندامێ مەکتەبا تەنفیزی یا ئێکەتیا زانایاێین ئایینێ ئیسلامی ل کوردستانێ بو گولان:**

# د دیروکا کورداندا زانا و عالمێن کورد ئاشتی و پێکڤەژیان یا بەلاف کری

**ئیسلاما سیاسی ئێکە ژوان بابەتێن کو بەردەوام جهێ تێڕامانێ بووە، نەخاسمە ژلایێ زانایێن ئایینی، چونکە ژ لایێ هندەك کەسان ڤە بەروڤاژی ئارمانجێن مللەتی دهێتە بکارئینان و ژبلی خزمەتکرنا مللەتی دبیتە ئەگەرێ چێبوونا ئاستەنگا و تێکدانا شیرازا جڤاکی، ئەڤ بابەتە و چەند پرسێ دی مە دگەل دکتور ئەنەس محەمەد شەریف ئەندامێ مەکتەبا تەنفیزی یان زانایێن ئایینێ ئیسلامی ل کوردستانێ مە گەنگەشە کرن.**

*** دەمێ ئەم دزڤرین ژ بوو دیروکا زانایێن ئیسلامی ل کوردستانێ، ئێکسەر عەشق و عیرفان دهێت بەرچاڤێن مە، ئەڤ عەشق و عیرفانیا ئولی چەند زانا و فەیلەسوف و شاعرێن مەزن بو نەتەوێ کورد یا ئاڤا کرد، لێ د نهادا ئەم ڤە عەشق و عیرفانیا ئیلاهی، هەروەسا شاعر وزانا و فەیلەسوفێن مەزن ژی نابینین ل رێزا ماموستا و زانایێن ئیسلامی، ب هزرا تە سەدەمێن ڤێ وەرچەرخان سلبی چنە؟**

- ل دیروکا ئاینی ل کوردستانێ ئەگەر بنێرین یا خۆیایە کو مەشخەلێ عیلم و زانینێ مامۆستایێن ئاینی هەلگرتبوو چ کەسەك رکابەر نەبوون بەرامبەری وان و هۆکار ئەو بویە بنگەهێن زانینێ ل سەردەمێ بووری چ ل ناڤ موسلماناندا ب گشتی یان ل ناڤ کورداندا بتایبەت بنگەهێن ئاینی بوون، تەنێ مزگەفت، تەکیا، زاویە و مەدرەسێن فەقیا بوون. زانست لێ دهاتە خاندن و پەروەردەکرن و فێربوون دهەمی بواراندا ل سەر دەستێت ماموستایێن ئایینی نەتنێ ئایین بوو، لێ فەلسفەو مەنتق و کیمیا و فیزیا و زانستێن دی ژی تێدا دهاتنە خاندن، لەورا زانایێن بەرێ هەمو مامۆستایێن ئاینی بوون، بەلێ دەما هندەك سازێن دی رابووین ب پەروەردەکرنێ و دەولەتان خوە ل بابەتێ زانین و پەروەردێ کریە خودان، هەروەها ئسلوبەکێ عیلمانی ل خوە دای بهێز هاتیە دناڤ بابەتی دا کەسێن ب پەروەردێ رابووین مەرەماوان نە دروستکرنا کەسێی ئاینییە لەورا ئەم دەبینین گورەپان ژوان هاتە ڤالا کرن.

*** ب درێژاهیا دیروکێ، ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئاراستێ نیشتمانی و نەتەوێی کوردان تەڤ بوون وبەرەڤ ئێك ئارمانجێ و هەردەم ئاینێ ئیسلامێ پشەڤانێ خەبات و قوربانیدانا نەتەوێ مە بوویە، گەلو هەست ب و ێ ئێکێ ناهێت کرن کو هندەك لە زانایێن ئیسلامێین کوردستانێ دگەل هێلا نیشتمانی و نەتەوێین گەلێ کوردستانێ نینە؟**

- ماموستاێن ئاینی هەردەم ل کوردستانێ جهێ شانازیێ نە کو چ دەما فەرق نەکریە بەرامبەری ئاینی و نەتەودا، بەلکو هەردو گرتینە یەك دەست، لەورا شورەشگێرێن کورد هەموو مەلا یان شێخ بووینە، و دبت هندە کەسێن نەشاز دناڤ تەخا مەلایا دا ژی هەبن وەکی هەر تەخاکا جڤاکی، لێ دەناڤ ماموستایێن ئاینی ئەگەر هەبن ژی زور دکێمن. دبت ئارێشەکا دی هەبت نەناساندنا هێلا نیشتمانێ و نەتەوی لەکوردستان زور ئاساییە کەسەك بێتە تومەت بارکرن ب لێدانا هێلا نیشتمانی، یا فەرە هێلێن نیشتمانی بێنە

**مەشخەلێ عیلم و زانینێ مامۆستایێن ئاینی هەلگرتبوو چ کەسەک رکابەر نەبوون بەرامبەری وان و هۆکار ئەو بویە بنگەهێن زانینێ ل سەردەمێ بووری چ ل ناڤ موسلماناندا ب گشتی یان ل ناڤ کورداندا بتایبەت بنگەهێن ئاینی بوون**

پێناسەکرن و خەلکی کوردستانی هەمو لەسەر کومبن، ئەڤ هێلە ل شارەك بو شارەکە تێنە گوهارتن و پارتەك بو پارتەکا دی بوچون و تێروانینێن وان دجاوازن، هەروەها نەتێگەهشتنەك هەیە دنا ڤبەرا مامۆستایێن ئاینی و کەسێن سیاسەتمەدار، هندەك جاران ژی دگەهتە ئاستێ هەڤدژیێ دبوارێن جودا جودا دا، هەر ئێکێ بوچونێن جیاواز هەیە دبت تومەتبارکرنا ئێك ودو بکەن لەسەر جیاوازی و بکەنە لێدانا هێلا نیشتمانی.

*** هەمی دەما زانایێن ئیسلامی یێن کوردستان هۆکارێن گرنگ بوون ژ ب ئاشتییا جڤاکی و ئارامی و سەقامگیری ل جڤاکا کوردەواریدا، ئەڤە ژی بویە ئەگەرێ وێ ئاشتی و برایەتی و پێکڤەژیانا کوردستانا، لێ د نهادا هەست ب وێ ئێکێ دهێتە کرن کو زانایێن ئیسلامی هندەك ل ڤی واجبێ گرنگ خوە پاشڤەداریە، ئایا سەبەبێ ڤە خوە پاشڤەدانێ چییە؟**

- ئەڤ سەقامگیری یا ئەڤرو کوردستان تێدا هەر ژبەر هندێیە کو ماموستایێن ئاینی بەردەوام لەسەر منبەر و مزگەفت و تەکیان ئیرشاد و نسحەتێن باش دەکەن، دەما بەرێ خەلکی ددەنە پاکی و دەستپاکی و دەهمەن پاقژیێ رەوشتێن جوان و ئسلاح و ئیخلاس . . . هت، ئەڤە هەمی هوکارن بو ئاشتی و سەقامگیرێ و تەناهیا مللەتی. دەمێ دزیکەر یان زناکەریان عەرەق ڤەخور ژ مەلای تورە دبن، نا ئێتە مەعنا هندێ کو ماموستایێ ئاینی ئاشتی یا تێکدای، بەلکو تێکدەرێ جڤاکی تەخا بەرامبەرە.

*** ل سەردەمێ شۆرەشا ئیلونێ ب رێبەرایەتییا مەلا مستەفا بارزانی، حزبێن سیاسیی یێن ئیسلامی نەبوون، لێ مامۆستا و زانایێن ئیسلامی ل کوردستانێ رۆلەکێ مەزن و هەژی هەبوو لسەر هەمی بیاڤێن جودایێن ژیاتا جڤاکی یانی خەلکی و شێوازی خەباتا پێشمەرگەیش هەبووە، موبالەغە نییە ئەگەر بێژین مامۆستا و زانایێن ئایینی ئیسلام مل ب ملێ پێشمەرگەی بەرگریا ل بەهایێن جڤاکا کوردستانێ کریە، هەتا چەند حزبێن ئیسلامی بوونە فاکتەرێ چێبوونا ڤالاتیێ دنێڤبەرا زانایێن ئایینی ئیسلامی و خەلکێ کوردستانێ، یان ژی ئینتمایا هندەك ل زانایێن ئیسلامێن کوردستانێ بۆ حزبێن ئیسلامی بویە ئەگەرێ هندێ کو خەلکی باوەرِی ب ڤان زانایان نەمینە؟**

- پێتڤیە جیاوازی بهێتەکرن دناڤبەرا ماموستایێن ئاینی و پارتێن سیاسی یێن ئاینی براستی وەکی ئینتمائا حزبی یا ماموستا وەکی هەر تاکە هەڤوەلاتیەکێ مافێ هەی ئینتما بو هەر پارتەکێ بکەت چ یا ئیسلامی یان نەتەوی هەبت و نەڤە د زڤرتە ئازادیا کەسایەتی، لێ یا نە دروست و نە رەوا ئەوو کو مروڤ ئاینێ ئیسلامی یێ پیرۆز بکەتە بانگەشە بو حزبەکا سیاسی و دێ پارتێ بکەتە پیڤەرێ ئیمانێ و باوەریا ب خودێ، یانەرەوا ئەوە چنکو سیاسەت گهورین ب سەرداتێن لێ ئاین هندەك ژێ نەگوهورە (ثوابت) و نابت بێ دینی ئەم بکەینە گوری بەرژەوەندێین حزبی، ئەگەر هندەك ماموستا هەبن ئەڤە کربت یا خەلەتە و دێ کارتێکرنەکا خراب هەبت ل سەر جڤاکی.

*** ب هزرا تە ئینتمایا زانایێن ئایینی یێن ئیسلامی بو هەر حزبەکا سیاسی، باوەریا خەلکی ب ڤان زانایان کێم ناکەت، یان ژی ماموستایێن ئایینێ پیروزێ ئیسلامێ جێنشینی پێغەمبەرێ خودێ (د.خ)بن ، چ پێتڤیا وان ب حزبایەتێی هەیە؟**

- هەبونا پارتێن سیاسی ئەساسێ وێ نەبو هەڤرکیا بێ مفایە، بەڵکو دزانستێن سیاسی دا و جیهانا دیموکرات دا هەبونا پارتیان فەرە ژ بو هەڤرکێ دناڤبەرایەك و دودا بکەن پێخەمەت خزمەت کرنا وەلاتی، ئەگەر ژ ڤی روی ڤە لێ بنێری (هەڤرکی ل سەر خزمەتی) کارەکێ پیروزە هەر پارتەك بەرنامێ خو بێ ئیسلاحی و خزمەت گوزارێی دیار بکەت و مللەت متمانێ بدەتێ و مللەت حاکم بت ل سەر هندێ کا تا چ رادەیەکێ ئەڤێ پارتێی یان جماعەتێ راستی گوتیە و بئەمانەت خزمەت کریە، ئەگەر سیاسەت ئەڤەبت خو ئەڤە ژکارێن پێغمبەران بویە و چ مانع نینە ماموستا بڤی کارێ پیروز رابت، ل ولاتێن روژهەلاتا ناڤین بگشتی سیاسەت بەروڤاژی تێ چەندێیە

**نە دروست و نە رەوا ئەوو کو مروڤ ئاینێ ئیسلامی یێ پیرۆز بکەتە بانگەشە بو حزبەکا سیاسی و دێ پارتێ بکەتە پیڤەرێ ئیمانێ و باوەریا ب خودێ**

**(هەڤرکی ل سەر خزمەتی) کارەکێ پیروزە هەر پارتەك بەرنامێ خو بێ ئیسلاحی و خزمەت گوزارێی دیار بکەت و مللەت متمانێ بدەتێ و مللەت حاکم بت ل سەر هندێ کا تا چ رادەیەکێ ئەڤێ پارتێی یان جماعەتێ راستی گوتیە**

**ئەڤ سەقامگیری یا ئەڤرو کوردستان تێدا هەر ژبەر هندێیە کو ماموستایێن ئاینی بەردەوام لەسەر منبەر و مزگەفت و تەکیان ئیرشاد و نسحەتێن باش دەکەن**

**شورەشگێرێن کورد هەموو مەلا یان شێخ بووینە، و دبت هندە کەسێن نەشاز دناڤ تەخا مەلایا دا ژێ هەبن وەکی هەر تەخاکا جڤاکی، لێ دەناڤ ماموستایێن ئاینی ئەگەر هەبن ژێ زور دکێمن**



لەورا دێ بینی یا غریبە ماموستایەك د وارێ سیاسەتێدا كار بكەت خەلك ب عەیب د دانە.

*** ئەگەر پێشنیارەك بۆ حكومەتا كوردستانێ بهێتە كرن، سەبارەت ب مامۆستا و گوتاربێژێن رۆژا ئینی كو پێتڤییە سەر ب چ حزبێن سیاسی نەبن، ئەڤ پێشنیارا هەنێ هەتا چەند دێ خزمەتێ ب شكۆیا زانایێن ئایینێ ئیسلامێ و جڤاكا كوردستانێ گەهینیت؟**

- ژلایێ من ڤە گرنگ نینە ماموستا چ لایەن بت، لای من گرنگە منبەر نەئێتە ئیستغلال كرن بو كارێ حزبایەتێی، و بو زانین ل كوردستانێ مە مرۆڤین بێ لایەن نینن هەر كەسەكێ هەبت ئیلا دێ بینی كەسەك یان پارتەك یا دلی دا هەی، ماموستایێن ئاینی وەكی هەر تاكە كەسەكێ ل كوردستانێ ئەو ماف هەیە لایەنگرێ پارتەكێ بت، كو نە هەڤدژبت دگەل بیروباوەرێن ئاینێ ئیسلاما پیرۆز.

*** زۆر جارا ل هندەك زانایێن ئیسلام گوهدار دبین كو برایەتیا ئایینی ل برایەتیا هەڤنیشتمانی و هەڤنەتەوە پێتڤیترە، راستە برایەتیا ئایینی پێنگڤەكا گرنگە بۆ ئێكریزیا موسڵمانا، لێ ئەگەر موسڵمانەك خودی نیشتمان و نەتەوە خو نەبت و شانازی پێڤە نەكەت چەوا دكارتدەتوانێت خو بە ئیماندارەكێ راستەقینە بزانیت؟**

- هەبوونا لایەنەكێ بو سەرپەرشتی كرن و رێكخستنا ماموستا و هەروەها خودنی لێ كرن كارەكێ فەرە وە وەزارەتا ئەوقافی ل كوردستانی بشێوەكێ باش ب ئەرك و كارێن خورابویە ژ بو بەرژەوەندیا مامۆستایان هەروەها دیركرنا گوتارا ئاینی ژ توندرەوێی بویە پرەكا باش دناڤبەرا ماموستایان و خەلكیدا.

*** موسڵمانانێن كوردستانە لسەر مەزهەبێ ئیمامی شافعی( خ.ل)نە، ئەڤ مەزهەبە ئێكە ل مەزهەبێن، ل كوردستانێ ڤی مەزهەبی لێبورین و ڤیان بەرهەم ئینایە،لێ نها دبینین ب هۆكار گوتارا چەند مامۆستایەكێن ئایینی ئەڤ لێبورین و ڤیانە یا دهێتە گهورین بو توندرەوێی و یەكدی قبول نەكرن، گەلو ئەڤە ب خراب بكارئینانا ئایینی نییە؟**

- ددیروكا كوردانـدا هنەمو مەزهەبان جێگای خو لە كوردستاندا هەبوویە لێ مەزهەبێ زالبووی ل سەر هەموویان مەزهەبێ ئیمامێ شافعی بوویە(رحمە اللە) وە ئەگەر توندوتیژی ل ئەو مەزهەبە هەبایە ئێستا لە كوردستان چ مەزهەب ئوول نەدمان بەلكی ددیروكا كورداندا زانا و عالمێن كورد ئاشتی و پێكڤەژیان یا بەلاف كری و هەموژی مەزهەب شافعی بوون واتە ئەو گوتنا تە كو مەزهەبی شافعی توندرەوی تێدایە وە نینە و یا دورە ژ راستی یێ.

**نەتێگەهشتنەك هەیە دنا ڤبەرا مامۆستایێن ئاینی و كەسێن سیاسەتمەدار، هندەك جاران ژی دگەهتە ئاستێ هەڤدژێی دبوارێن جودا جودا دا، هەر ئێكێ بوچونێن جیاواز هەیە دبت تومەتباركرنا ئێك ودو بكەن لەسەر جیاوازی و بكەنە لێدانا هێلا نیشتمانی.**

# سۆشیال میدیا و جێگۆڕکێ بە میدیای کۆن

بە حوکمی ئەوەی کە نەتواندرا سۆشیال میدیا وەك جۆرەکانی دیکەی ئامرازەکانی میدیایی وەك (تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە) ناوی لێ بنرێت، چەمکی میدیای کۆن و سۆشیال میدیا لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و وەرگرتنی ناوی میدیای نوێ هاتە ئاراوە. راستە میدیای ئەلیکترۆنی ناوی هەبوو، دواتریش مۆبایل میدیا ناوی هێنرا، بەڵام لەبەر ئەوەی سۆشیال میدیا میدیای کەسییە و وابەستەی تاکە ئامرازێك نییە و لەگەڵ چەند ئامێری وەك کۆمپیتەر، مۆبایل، ئای پاد، ئایپۆد و...هتد دەتوانیت بەکاری بهێنیت و بگەیتە زانیارییەکان، بۆیە بەناوی هیچ ئامێرێکی تایبەتەوە ناو نەنرا و نازناوی میدیای نوێی وەرگرت، یان هەندێك سەرچاوە بە میدیای تەکنەلۆژیاش ناوی دەبەن. ئەوەی مەبەستە لێرەدا بوترێت، ئەوەیە کە هاتنی ئەم جۆرە لە میدیا چی بە سەر میدیای کۆن، یان میدیای پێشوودا هێنا؟

میدیای نوێ بە هۆی ئەم کۆمەڵە تایبەتمەندییەوە کاریگەریی لە سەر میدیای کۆن دروست کرد، لەوانە:

١. میدیای نوێ، میدیایەکی کارلێکەرییە، واتە تەفاعولییە و وەرگر رۆڵی ئەکتیڤە و خۆی بەرهەمهێنەرە و لە هەمان کات وەرگریشە، بۆیە وەرگر خۆی رۆڵی خۆی زۆرتر دەبینێتەوە و پانتایی ئازادی رادەربڕینی فراوانترە، ئەمەش لە میدیا، یان ئامرازەکانی میدیای کۆندا بەرجەستە نابێت، بۆیە حەزی وەرگر بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە میدیا باشترە.

٢. میدیای نوێ، یان سۆشیال میدیا زۆرتر بەردەستە و بە ئاسانی لە رێگای مۆبایلێکەوە دەتوانین پێی بگەین، ئەم بەردەستییەش وای لە مۆبایل کردووە کە وەرگر بەردەوام لەگەڵی بێت.

٣. میدیای نوێ لە گەیاندنی زانیارییەکان توانایەکی خێراتری هەیە وەك لە ئامرازەکانی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

میدیای کۆن، بۆیە وادەکات وەرگر بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویستی بە هیچ ئامرازێکی دیکەی میدیای کۆن نەبێت.

٤. میدیای نوێ توانیویەتی هەموو جۆرەکانی دیکەی میدیا لە خۆیدا کۆبکاتەوە، واتە دەتوانیت لە ڕێگەی فەیسبوکەکەت بگەیت بە ڕۆژنامەکان، تەلەفزیۆنەکان، رادیۆکان، کەواتە دەتوانین بڵێین: بە بێ بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکەی راگەیاندن، تۆ تەنیا بە بەکارهێنانی میدیای نوێ ئەوانی دیکەیشت بۆ قەرەبوو دەکاتەوە.

٥. سۆشیال میدیا تەنیا وەرگرتنی گەیاندنی زانیاریت بۆ فەراهەم ناکات، بەڵکو بواری دیکەی رەخساندووە، وەك: پەیوەندیی هاوڕێیەتی و چاککردن و دروستکردنی گرووپ و...هتد کە ئەمانە وادەکەن بەکاربەر زۆرتر لە سەری بمێنێتەوە و چێژی زیاتری لێ وەربگرێت.

٦. سۆشیال میدیا تاك بە هی خۆی دەزانێت، واتە موڵکایەتیی تاکە و خۆی نێرەر و ئاراستەکەرە، بۆیە زۆرتر چێژی لێ وەردەگرێت، وەك لەوەی تەنیا وەرگر بێت.

٧. سۆشیال میدیا پانتایی ئازادییەکەی فراوانترە و تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ سەردەم و خواستەکانی هەنووکەی مرۆڤ واقعیترە.

ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکە رایان کردووە کە تاك رووبکاتە بەکارهێنانی زیاتری ئەم میدیایە، بەڵام ئەوەشمان لە بیر نەچێت، میدیای کۆن واتە رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن، بۆ مانەوە و زیندووڕاگرتنی خۆیان سوودیان لە میدیای نوێ وەرگرتووە و هاتوونەتە ناو میدیای نوێ و راستەوخۆ لە ڕێگەی بوونی پەیجەکانیان بابەتەکانیان پەخش دەکەن. بۆیە دەکرێت بوترێت هەرچەندە میدیای نوێ توانیویەتی تا رادەیەك جێگۆڕکێ بە میدیای کۆن بکات، بەڵام هەردووکیان بۆ راکێشان و مانەوەی وەرگرەکانیان لەگەڵ خۆیان سوودیان لەیەکتر بینیەوە.